# وەقایعی کوردستان


رۆژنـــامـــەی ڕەسـمیی هـەرێمی کـوردسـتانە - وەزارەتــی داد دەری دەکــات

ژمارە (٣٠٩) سالّی بیست و سێ ٢١ ئاب ٢٠٢٢زاینیی ٣٠ خەرمانان ٢٧٢٢ کوردی ٥ صفر ١٤٤٥ کۆچی


# 309


**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی پلان دانان** لا ١

ڕێنمایی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP Regulation)

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی** ٧٠

ڕێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی** ٧٥

ڕێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) لە کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی وپزیشکی ددان و دەرمانسازی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٨ - ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٦٦٢٢٤٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٠٩) السنة ثلاثة وعشرون ٢١ أب ٢٠٢٣ م. ٣٠ خەرمانان ٢٧٢٣ ک. ٥ صفر ١٤٤٥ هـ.

**309**

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التخطيط | ١ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي | ٧٠ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي | ٧٥ |


No. 309 Date: Aug 21, 2023 Vol.: 23

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
الهاتف: [illegible] - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی پلان دانان**

**ژمارە : ٢٣٤٦ لە ٢٠٢٣/٨/٧**

پاڵپشت بە بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٧) لە پەیڕەوی هاوبەش لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٢١، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣

## ڕێنمایی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP Regulation)

### بەشی یەکەم

حوکمە گشتییەکان (General Provision)

**ماددەی (١):** پێناسەکان (Definitions): لەم ڕێنماییەدا ئەم چەمکانە هەڵگری پێناسەی بەرامبەریانن:

**یەکەم**: **تێچوو شیاوی** (Affordability): ئەو پابەندییە داراییانەی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی گرێبەستکردن، لە ئەنجامی ڕێکەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی وکەرتی تایبەت شیاوی دابینکردنن:

١- لە چوارچێوەی بودجەی ئێستای دەسەڵاتی گرێبەستکردندا تەرخانکردنی بۆ کراوە.

٢- تەرخانکراوە بۆ دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەپێی تەرخانکردنەکانی بودجەی ساڵانی داهاتوو.

**دووەم**: **با شترین و کۆتا ئۆفەر** ((Best and final offer (BAFO)): ئەو ڕێکارەیە دە سەڵاتی گرێبە ستکردن پێی هەڵدەستێت بۆ بانگهێشتکردنی خاوەن ئەو ئۆفەرانەی وەڵامدەرەوەن بۆ پێشکەشکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەریان.

**سێیەم**: **پێشکەشکاری تەندەر** (Bidder): هەر کەسایەتیەکی یاسایی (سروشتی یان مەعنەوی)، یان تێکەڵەیەک لەمانە، کە بەشێوەیەکی فەرمی ڕێککەوتن دەکات یان دەچێتە ڕێککەوتنی کاراوە لەشێوەی یەکێتی بازرگانی بەمەبەستی دەربڕینی خواستی بەشداریکردن لە پڕۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

**چوارەم**: **ئیمتیاز** (Concession): جۆرێکە لە هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت، کە حکومەت ماف دەدات بە کەرتی تایبەت بۆ بونیاتنان، بەکارخستن و وەرگرتنی کرێی یان رسومی بەکارهێنانی کاڵا، ژێرخان یان خزمەتگوزاریەکی گشتی. لەم ڕێنماییەدا، ئیمتیاز بە فراوانی پێناسەکراوە بۆ لەخۆگرتنی گرێبەستەکانی هاوبەشی کە لایەنی تایبەت لەڕێگەی کرێی بەکارهێنەرانەوە قەرەبوو دەکرێتەوە هەروەها ئەو جۆرەی گرێبەستی هاوبەشی کە حکومەت پارەی لایەنی تایبەت دەدات. لەبەرئەوە بۆ مەبە ستی ئەم ڕێنماییە، گرێبە ستەکانی وەک بونیاتنان (نۆژەنکردنەوە)، بەکارخستن و رادە ستکردن گرێبەستی ئیمتیازن، بەمەرجێک ڕادەستکردنی خاوەندارێتی هەبێت.

**پێنجەم**: **یەکێتی دارایی** (Consortium) : گردبوونەوەیەکی هاریکاریی دوو دامەزراوە یان زیاتر لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی گرێبەستکاری (ڕێککەوتنی یەکێتی دارایی) یەکدەگرن بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرێک بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

**شەشەم: بەرپرسیارێتی دارایی لەناکاو** (Contingent liabilities): ئەو بەرپرسیارێتییە داراییانەی بەهۆی رووداوە نادیارەکانی ئایندە دەکەونە ئەستۆی حکومەت (واتا لەوانەیە روو‌بدەن و لەوانەیە روونەدەن) و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتدان. سەبارەت بە بەرپرسیارێتییە داراییە لەناکاوەکان، ئەگەری روودان (هۆکاری روودان)، بەهاکەی و کاتی پارەدان روون نییە و نەزانراون یان لەوانەیە نەکرێت بەوردی پێشبینی بکرێن. وەک ئەو گەرەنتیانەی دەدرێن بەرامبەر مەترسییەکی دیاریکراو، بۆ نموونە، نرخی ئاڵوگۆڕ، هەڵئاوسان، نرخەکان، هێزی زاڵکار (قوة قاهرة)، هەڵوەشاندنەوەی پارەدان، گەرەنتی قەرز، هتد...

**حەفتەم: دەسەڵاتی گرێبەستکردن** (Contracting authority): هەر دامەزراوەیەکی گشتی بەرپرس لە رێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

**هەشتەم: دانوستانی راستەوخۆ** (Direct Negotiation): رووددات کاتێک دەسەڵاتی گرێبەستکردن پرۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دەسپێرێت بەبێ بەکارهێنانی رێکاری کێبڕکێکاری.

**نۆیەم: کارابوونی رێککەوتنی دارایی** (Financial Close): بریتیە لە وادەی کارابوونی رێککەوتنی دارایی گرێدراو لەنێوان کۆمپانیای پرۆژە و قەرزدەر، بۆ مەبەستی دەستپێکردنی داراییکردنی پرۆژەکە و رادەستکردنی بڕی رێککەوتن لەسەرکراو، بەپێی رێژە دیاریکراوەکان لە بەڵگەنامەکانی گرێبەستکردنی پرۆژە و رێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

**دەیەم: پابەندیی دارایی** (Fiscal commitment): بریتیە لە پابەندیی دارایی راستەوخۆ کە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت لە ئەنجامی پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت. بەشێوەی پابەندیی چەندێتی (بە ژمارە) دیاریکراو دەبن، وەک پارەدان بۆ داراییکردنی پێکهاتەیەک ، قۆناغێک یان بڕگەیەکی پرۆژەکە کە زۆر گرنگە بۆ بونیاتنان، بەکارخستن و تەواوکردنی.

**یازدەیەم: حکومەت** (Government): مەبەست حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەت و فەرمانگە و دامەزراوەکانیەتی.

**دوازدەیەم: کرێ** (Lease) : ئاماژەیە بۆ ئەو جۆرە لە هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت ، کە حکومەت گرێبەستی درێژخایەن دەکات لەگەڵ لایەنێکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی ژێرخانی ئێستا و بەگەڕخستنی خزمەتگوزاری گشتی، کە مەترسییەکان دەخرێنە ئەستۆی لایەنی تایبەت و قەرەبوو کرنەوەی لایەنی تایبەت لەسەر بنەمای ئەدا و بەڕێوەبردنی ژێرخان یان خزمەتگوزارییەکە دەبێت (پارەدانی حکومی و/ یان بەکارهێنەران). بەپێی ئەم رێنماییە ، پێویستە بەگشتی پرۆژەی هاوبەشی بەشێوەی کرێ (Lease) بۆ مەبەستی پارەدارکردنی (monetizing) ژێرخانێکی ئێستا بێت کە بونیاتنانی نوێ یان نۆژەنکردنەوە پێویست نابێت.

**سێزدەیەم: بەڵگەنامەی کارنامەی پڕۆژە** ((Project profile document (PPD): بریتیە لە پێشنیاری وەبەرهێنان کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێشکەشی دەکات بە یەکەی هاوبەشی، بەمەبەستی پێشنیار کردنی پڕۆژەیەک بۆ گرێبەستکردن بەشێوەی هاوبەشی، کارنامەکە پێکدێت لە روونکردنەوەیەکی کورتی پڕۆژە، خەملاندنی تێچووەکان، شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک (تحليل ماقبل دراسة الجدوى–Pre-feasibility Analysis)، دابەشکردنی مەترسییەکان و ئاماژەدان بە باشترین بەها بەرامبەر پارە (value for money).

**چواردەیەم: ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت** (PPP High Council) (لێرە بەدوا ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی): ئەنجومەنێکی حکومی باڵایە کە سەرپەرشتیکردن ئەنجام دەدات و کۆتا بڕیار دەدات لە سەر قۆناغە سەرەکییەکانی پڕۆسەکانی ئامادەکردن، گرێبەستکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

**پازدەیەم: یەکەی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت** (PPP Unit) (لێرە بەدوا یەکەی هاوبەشی): یەکەیەکی هەماهەنگیکارە کە رۆڵی سکرتاریەت دەگێڕێت بۆ ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، سەربە وەزارەتی پلاندانانە و ئامانجی پاڵپشتیکردنی وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانە بۆ ئامادەکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، هەروەها پێشکەشکردنی هاوکاری تەکنیکی. یەکەی هاوبەشی، پێکدەهێنرێت بۆ ئەوەی ببێتە سەنتەری شارەزایی و پسپۆڕییەکان .

**شازدەیەم: لایەنی تایبەت** (Private party) **یان وەبەرهێنەر/هاوبەشی تایبەت**: مەبەست لە دامەزراوەیەکی ناوخۆیی یان بیانی یان کۆمەڵێک دامەزراوەی تایبەت (کە کەسایەتی مەعنەوییان هەیە بەپێی یاسا) کە پێکەوە یەکێتی دارایی (Consortium) پێکدەهێنن و دەبنە لایەنێک لە رێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

**حەڤدەیەم: موڵکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن** (Procuring entity's property): وا تا هەموو موڵکی گوێزراوە و نەگوێزراوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن و هەموو ماف و موڵکدارییە هزرییەکان کە بەخشراون بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن.

**هەژدەیەم: کۆمپانیای پڕۆژە** (Project Company): واتا کۆمپانیا یان ئامرازی تایبەت کە بەپێی یاسا دامەزراوە بۆ مەبەستی گرێبەستکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەی هاوبەشی، کە بەپێی رێنمایی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت گرێبەستکردن بۆ پڕۆژەکە ئەنجام دەدرێت، (کە لە برگەی بیست و پێنجەمی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە).

**نۆزدەیەم: بەڕێوەبەری پڕۆژە** (Project Manager): کەسی راسپێردراو لە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەی هاوبەشی، کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەکات لە هەموو کۆبوونەوەکان و دانوستانەکانی پەیوەست بە پڕۆژەکە، هەروەها هەماهەنگی دەکات لەگەڵ هەموو لایەنەکان سەبارەت بە ئامادەکاری، گرێبەستکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.

**بیستەم: سندوق (ڕێکار)ی پاڵپشتیی ئامادەکردنی پرۆژەی هاوبەشی**( PPP Project Preparation Facility (PPF)) : ئاماژەیە بۆ تەرخانکردنەکانی حکومەت بۆ داراییکردنی لێکۆڵینەوەی کەڵک بۆ ئەو پرۆژانەی پەسەندکراون بۆ گرێبەستکردن بەشێوەی هاوبەشی. بۆ پارەدارکردنی سندوقەکە، حکومەت، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەخشەرەکان دەتوانن بەخشین و ئیمتیازی داراییکردن بدەن، بەمەبەستی پەرەپێدانی لیستی پرۆژەکانی هاوبەشی.

**بیست ویەکەم: هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی وکەرتی تایبەت** ((Public-Private Partnership (PPP)) (لێرەبەدوا پرۆژەکانی هاوبەشی): بریتیە لە ڕێکخستنی گرێبەستکاریانە لەنێوان دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەلایەک و لایەنێکی کەرتی تایبەت لەلایەکی تر، بەمەبەستی دابینکردنی قەوارە (بنەچە)ی گشتی و ژێرخان و/یان خزمەتگوزاریی گشتی، کە تێیدا ئەمانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێن:

أ- وەبەرهێنان یان بەڕێوەبردن یان هەر دووکیان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

ب- دابەشکردنی روون و ئاشکرای مەترسییەکان لەنێوان کەرتی تایبەت و دامەزراوەی گشتی.

ج-رەچاوکردنی ئەمانە:

١- تەرخانکردنی تێچوو لە خەزێنەی گشتی.

٢- کەرتی تایبەت کرێ لە بەکارهێنەران یان خزمەتخوازان وەردەگرێت بەرامبەر خزمەتگوزاریی دابینکراو.

٣- تێکەڵەیەک لە تەرخانکردنی گشتی و وەرگرتنی کرێ و رسوم.

د- بەگشتی لایەنی تایبەت بەرپرسیارێتی یاسایی لەئەستۆیە سەبارەت بە مەترسییە پەیوەستەکان بە جێبەجێکردن و ئەدا، ئەمەش بەپێی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە.

**بیست ودووەم: ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت** ( Public private partnership agreement) (لێرەبەدوا ڕێککەوتنی هاوبەشی): واتا گرێبەستی نووسراو بۆ تۆمارکردنی مەرجەکانی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت وەک ڕێککەوتنی لەسەر کراوە لەنێوان دەسەڵاتی گرێبەستکردن و لایەنی تایبەت.

**بیست وسێیەم: داواکاری بۆ شیاندن** (Request for qualification): واتا بانگهێشتنامەی دەسەڵاتی گرێبە ستکردن بۆ کۆمپانیا پاڵێوراوەکان ( شۆرت لیست کراوەکان)، بۆ دەربڕینی خوا ست لە پرۆژەی هاوبە شی و پێشکە شکردنی زانیاری لەسەر پسپۆڕیی و لیهاتووییەکانی کۆمپانیا بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە پرۆژەیە.

**بیست وچوارەم: داواکاری بۆ پێشکە شکردنی ئۆفەر** (Request for proposal): بریتیە لە بانگهێشتنامەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ کۆمپانیا هەڵبژێردراوەکان لەسەر بنەمای داواکاری شیاندن کە پێشکەشیان کردوە، بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەی هاوبەشی و پێشکەشکردنی ئۆفەری تەکنیکی و دارایی بۆ ئەم جۆرە پرۆژەیە.

**بیست وپێنجەم: کۆمپانیای تایبەت بە پڕۆژە** (Special purpose vehicle): کۆمپانیای تایبەت بە پڕۆژە، کە لایەنی تایبەت پێکیدەهێنێت و تەرخان دەکرێت بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پڕۆژەی هاوبەشی و گرێدانی رێککەوتنی هاوبەشی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان. پاش تۆمارکردنی کۆمپانیا بەپێی یاسا، کۆمپانیای تایبەت بە پڕۆژە (SPV) ناودەبرێت بە کۆمپانیای پڕۆژە.

**بیست وشەشەم: لیژنەی تەکنیکی** (Technical Committee): لیژنەی تایبەت بە پڕۆژە کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێکیدەهێنێت بە راوێژکردن لەگەڵ یەکەی هاوبەشی، بۆ ئاسانکاری بۆ پێداچوونەوە و پەسەندکردنی چالاکییەکانی پرۆسەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

**بیست وحەفتەم: راوێژکاری گرێبەستکردن** (Transaction advisor): کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن یان وەزارەتی پەیوەندیدار دیارییان دەکات و خاوەن پسپۆڕیی و ئەزموونی گونجاون بۆ پێشکەشکردنی راوێژ بە وەزارەتی پەیوەندیدار لەسەر پڕۆژەکانی هاوبەشی، هەروەها سەبارەت بە ئامادەکاری و گەڵاڵەکردنی رێککەوتنی هاوبەشی.

**بیست وهەشتەم: ئۆفەری بانگهێشتنەکراو** (Unsolicited Proposal): واتا ئۆفەر بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی هاوبەشی، کە لایەنێکی تایبەت بە دەستپێشخەری خۆی پێشکەشی دەکات، نەک وەک وەڵامدانەوەی داواکاری دەسەڵاتی گرێبەستکردن:

أ- "ئۆفەری بانگهێشتنەکراوی بەرایی" (Initial unsolicited proposal) واتا بەڵگەنامەی یەکەمی پێشکەشکراو بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەمەبەستی بەدەستهێنانی رەزامەندیی بەرایی.

ب- "ڕەزامەندی بەرایی" (Preliminary Approval) واتا رەزامەندیی دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەسەر بنە مای ئۆفەری بانگهێشتنەکراوی بەرایی، ئەمەش رێخۆش دە کات بۆ پێشکەشکار، ئۆفەری بانگهێشتنەکراوی کۆتایی پێشکەش بکات.

ج-"ئۆفەری بانگهێشتنەکراوی کۆتایی" (Final Unsolicited Proposal) واتا ئۆفەری بانگهێشتنەکراوی کۆتایی پێشکەشکراو لەلایەن پێشکەشکار پاش وەرگرتنی رەزامەندیی بەرایی.

**بیست ونۆیەم: بەها بەرامبەر پارە** (باشترین بەها بەرامبەر پارەی گشتی) (Value for money): واتا تەرخانکردنەکانی دە سەڵاتی گرێبە ستکردن بەپێی رێککەوتنی هاوبە شی، کە دەبنە هۆی بەدیهێنانی سوودی پەتی بۆ دەسەڵاتی گرێبەستکردن، ئەمەش پێناسە دەکرێت بەپێی تێچوو، نرخ، کواڵیتی، بڕ، کات، گواستنەوەی مەترسی یان تێکەڵەیەک لەمانە.

**ماددەی (٢):**

**مەبەست و هۆکار** (Purpose and Rationale)

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە بریتیە لە دابینکردنی روونکردنەوەی پێویست سەبارەت بە رێکخستنە دامەزراوەییەکان و رێکارەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، هەر لە سەرەتای پرۆسە و گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی پڕۆژە تا دەگاتە کۆتایی، هەروەها دیاریکردنی رۆڵ و ئەرک و بەرپرسیارێتی و مافەکانی هەموو لایەنە بەشدارەکان لە رێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لەمیانەی سووڕی ژیانی پڕۆژەکەدا.

ماددەی (٣):

**چوارچێوەی پیادەکردنی ڕێنمایی جێبەجێکردنی هاوبەشـی نێوان کەرتی گشـتی و کەرتی تایبەت**

(Scope of application of PPP Regulations)

**یەکەم:** ڕێنمایی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشـی نێوان کەرتی گشـتی و کەرتی تایبەت لەسـەر ئەو ڕێککەوتنانەی هاوبەشـی نێوان کەرتی گشـتی و کەرتی تایبەت پیادە دەکرێت کە پەیوەسـتن بە قەوارە و هەبووەکانی ئێستا:

أ- گرێبەسـتی بەڕێوەبردن (Management contract): کـاتێـک دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن مـافی بەڕێوەبردنی قەوارە یان ژێرخان یان هەبوویەکی تر دەسپێرێت بە هاوبەشێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەپێی ڕێکەوتن کە زیـاتر بێـت لە حەوت (٧) سـاڵ، بەپێی ڕێککەوتنەکە، هـاوبەشـی تـایبەت مەترسـییەکان لەئەسـتۆ دەگرێت و پارەدان پەیوەسـت دەبێت بە پابەندبوونی لایەنی تایبەت بە پێوەرەکانی خزمەتگوزاری و ئەدا.

ب- کرێ (Lease) کـاتێـک لایەنی تـایبەت کرێ دەدات بە دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن و قەوارەکە بەڕێوەدەبات و بەکاردەخات و چاکدەکاتەوە (صیانة) و لەبەرامبەردا کرێ وەردەگرێت لە بەکاربەرانی خزمەتگوزارییە دابینکراوەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە لە (١٥) پانزە ساڵ زیاتر نەبێت.

ج- جۆرێکی ئیمتیاز (concession) بۆ ماوەیەک لە (٣٠) سـی سـاڵ زیاتر نەبێت و لایەنی تایبەت نوژەنکردنەوە، چاککردنەوە (صیانة)، نوێکردنەوە و بەرەوپێشبردنی قەوارەکە ئەنجام دەدات.

**دووەم** : ڕێنمایی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشـی نێوان کەرتی گشـتی و کەرتی تایبەت لەسـەر ئەو ڕێککەوتنانەی هاوبەشـی پیادە دەکرێت کە پەیوەسـتن بە بونیاتنان و چاککردنەوە (صـیانە)ی قەوارەی نوێ:

أ- ئیمتیازی نەخشـەسـازی (دیزاین)، بونیاتنان، داراییکردن، بەکارخسـتن و چاککردنەوە ((DBFO) Design-Build-Finance-Operate-Maintain): کاتێک لایەنی تایبەت هەڵدەستێت بە نەخشەسازی، بونیـاتنـان، داراییکردن، چـاککردنەوە و بەکـارخسـتنی پڕۆژەی ژێرخـان یـان قەوارەیەکی تر بۆ پێشـکەشـکردنی خزمەتگوزارییەکـان. لەوانەیە لایەنی تـایبەت پـارە وەربگرێـت لەڕێگەی کرێی بەکارهێنەر یان لەڕێگەی تەرخانکردنی حکومیی بەرامبەر ئەنجامدانی کارە دیاریکراوەکان و بەپێی مەرجەکانی ئەدا.

ب- ئیمتیازی نەخشـەسـازی (دیزاین)، بونیاتنان، داراییکردن، بەکارخسـتن ((DBFO) Design-Build-Finance-Operate) کاتێک چاککردنەوە (صـیانة) بە گرێبەستی لاوەکیی (subcontract) و بەجیا دەسـپێردرێت، یان نەخشـەسـازی، بونیاتان، داراییکردن، چاککردنەوە ((DBFM) Design-Build-Finance-Maintain) کە لەوانەیە حکومەت خۆی بەکـارخسـتنی قەوارەکە ئەنجام بـدات و خزمەتگوزاری دابین بکات یان بە گرێبەستی جودا ئەو ئەرکە بسپێرێت بە لایەنی تایبەت.

ج- هەر جۆرە گرێبەسـتێکی تر کە لەوانەیە پێشـنیار بکرێت لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشـی، کە بەپێی ئەوە لایەنێکی حکومی هاوبەشـی دەکات لەگەڵ لایەنێکی تایبەت بۆ دابینکردنی ژێرخان یان خزمەتگوزاری ولایەنی تایبەت دارایی پڕۆژەکە دەکات و یان هەندێک لەمەترسـییەکان لەئەسـتۆ دەگرێت.

**ماددەی (٤):**

**کەرتەکانی پیادەکردن** (Sectors of operation): کەرتە شیاوەکان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێ:

**یەکەم:** گواستنەوە: رێگەو بان و هێڵی ئاسن و فڕۆکە خانە و پرد و تونێل و رێڕەوی ئاویی و خاڵە سنوورییەکان و بەندەری دەریایی و هۆیە جیاوازەکانی گواستنەوە.

**دووەم:** وزە: وەک وزەی ئاویی و گاز و خۆر و با و گەرمی و کارەبایی و زیندەگاز (بایۆگاز) و رووەکی.

**سێیەم:** قەوارە کۆمەڵایەتییەکان: نیشتەجێکردن و باڵەخانە حکومییەکان و قوتابخانە و نەخۆشخانە و سەنتەری چارەسەری پسپۆڕیی و سەنتەرە کەلتوری و وەرزشییەکان و شوێنەکانی کات بەسەربردن (ترفيهي).

**چوارەم:** گەشتوگوزار: وەک شوێنەوارە مێژووییەکان و هۆتێل لە پارک و ناوچە پارێزراوەکان (ناشناڵ پارک) یان لە شوێنە گەشتیاری و کەلتوریە گشتییەکان.

**پێنجەم:** ئاو و ئاوەڕۆ و خزمەتگوزارییەکانی خاوێنکردنەوە: وەک کارگەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ و خاشاکی قورس و گەیاندنی ئاوی پاکژ.

**شەشەم:** تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن (پەیوەندییەکان).

**حەفتەم:** بەنداوەکان (بەنداوی یەک مەبەست یان فرەمەبەست وەک گەشتوگوزار و ئاودێری و وزەی کارەبا).

**هەشتەم:** هەر کەرتێکی تر بڕیاری لەسەر بدرێت لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، لەوانە پڕۆژە فرەمەبەستەکانی وەک پەرەپێدانی ناوچە ئابوورییە ئازادەکان و هەر پڕۆژەیەکی تری پەرەپێدان یان نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی گشتی و یان خزمەتگوزاریی گشتی.

**ماددەی (٥):**

**مەودا (چوارچێوە)ی پیادەنەکردن** (Scope of non-application) : رێنمایی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لەسەر ئەمانە پیادەناکرێت:

**یەکەم:** ئەو گرێبەستانەی دەکەونە ژێر حوکمەکانی جێبەجێکردنی رێنمایی گرێبەستە گشتییەکان ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ .

**دووەم:** بەتایبەتکردن (خصخصة - privatization) یان پاکتاوکردن (تصفية - divestiture)ی قەوارەکان یان هەر جۆرە ژێرخانێک کە موڵکی حکومەتن و موڵکداری تەواو دەدرێت بە کەرتی تایبەت.

**سێیەم:** بانەوانیی (مساطحة)ی نەریتی و رێکخستنی گرێبەستکاری بەپێی یاسای بەرکار لە هەرێمی کوردستان، کە نابێتە هۆی گواستنەوەی مەترسی بۆ کەرتی تایبەت و پارەدان پەیوەست نییە بە بەرهەم (ئەنجامەوە).

**چوارەم:** گرێبەستکردنی بەڕێوەبردنی ئاسایی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بەرامبەر کرێ، کە لایەنی تایبەت هیچ مەترسیەک لەئەستۆناگرێت، ناکەونە چوارچێوەی پیادەکردنی ئەم رێنماییە. پڕۆژە وەک هاوبەشی هەژماردەکرێت، تەنها کاتێک مەترسی بگوێزرێتەوە بەپێی پەیوەندیەکی گرێبەستکاری درێژخایەن کە پێکهاتەیەکی تێدابێت بۆ پارەدان لەسەر بنەمای ئەدا یان بەپێی مەترسی خواست.

**پێنجەم**: تۆڕە لاوەکییەکانی کارەبای ناوچە گوندییەکان کەرێککەوتنی فرۆشتن(off-take agreement) یان نییە، ناکەونە چوارچێوەی پیادەکرنی ئەم رێنماییە و پێویستە لەلایەن ئەو بەرهەمهێنەرانەوە بەڕێوەببرێن کە وەزارەتی کارەبا دیاریان دەکات.

**ماددەی (٦):**

**مامەڵەکردن لەگەڵ پڕۆژەکانی هاوبەشی پێش ئەم رێنماییە**(Treatment of prior partnership projects)

جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتن و مۆڵەتانەی پەیوەستن بە موڵکی دەوڵەت بەپێی شێوازی هاوبەشی کە پێش جێبەجێکردنی ئەم رێنماییە گەڵاڵەکراون، پێویستە بەردەوام بن بەپێی مەرجەکانی ئەو رێککەوتنانە هەتا بەسەرچوونی ماوەی دیاریکراو لە رێککەوتنەکان یا هەتا کۆتایهێنان بە گرێبەست (لەبەر بەرژەوەندی گشتی). پاش جێبەجێکردنی ئەم رێنماییە، نابێت هیچ هەموارکردنێک ئەنجام بدرێت لە رێککەوتن یان مۆڵەتی ئەم جۆرە پرۆژانە، هەروەها نابێت نوێبکرێنەوە یان درێژبکرێنەوە بەپێچەوانەی ئەم رێنماییەوە. دەکرێت رێککەوتن یان مۆڵەتی بەسەرچوو یەک جار درێژبکرێتەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم رێنماییە بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە یەک ساڵ وەک قۆناغی گواستنەوە، ئەمەش پاش رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی. پاش بەسەرچوونی رێککەوتن یان مۆڵەت، خاوەندارێتی هەموو موڵکە راستەقینەکان، باڵەخانە و قەوارەکان کە بەپێی رێککەوتنەکان یان مۆڵەتەکان دروستکراون، دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت بەپێی مەرجەکانی رێککەوتن یان مۆڵەتەکان، یان مافی موڵکداری دەگوێزرێتەوە بۆ حکومەت پاش بەسەرچوونی ئەم رێککەوتن و مۆڵەتانە یان نوێکردنەوەیان بەپێی مەرجەکانی رێککەوتن و مۆڵەتەکان.

**ماددەی (٧):**

**ئاستەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی** (PPP processing thresholds)

پێویستە پرۆسەی پڕۆژەکانی هاوبەشی جیاوازبن، بەپێی تێچووی خەمڵێنراوی پڕۆژە، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی پڕۆژە تێچوو بەرزەکان هەڵسەنگاندنی پێویستیان بۆ دەکرێت، بەڵام پڕۆژە بچوکەکان دەکرێت جێبەجێ بکرێن بەشێوەیەکی ئاسانتر و خێراتر. بۆ ئەم مەبەستە، ئەم ئاستانەی کات و تێچوو وەک دابڕکاری (عتبة - thresholds) دیاریکراون، پێویستە رێنوێنی پرۆسەکانی ئامادەکاری و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی بکەن:

**یەکەم**: پڕۆژەی هاوبەشی، کە کۆی تێچووی زیاتر نەبێت لە (٥) پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ پارێزگاکان و ماوەی پڕۆژەکە (٥-٧) ساڵ بێت، هەروەها پڕۆژەی هاوبەشی کە تێچووەکەی زیاتر نەبێت لە (١٠) دە ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ وەزارەتەکان و ماوەی پڕۆژەکە (٧-١٠) ساڵ بێت، پێویستە بەپێی خشتەیەکی خێراتر، کە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتی گرێبەستکردنی پڕۆژەکە بەڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی دادەنێن، رێکارەکانی تەواو بکرێت، ئەمەش بەپێی هەلومەرجی دیاریکراو و سروشتی بەپەلەی ئەو پێداویستیانەی پڕۆژەکە دابینیان دەکات، پێویستە ئەمە تەبا بێت لەگەڵ یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان.

**دووەم** : لەکاتی بڕیاردان لەسەر خێراکردنی ڕێکارەکان و خشتەی کات، وەزارەتی پلاندانان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەیوەندیدار بە پڕۆژەکە، پێویستە دڵنیایی بکەن لەوەی:

أ- پڕۆژەی پێشنیارکراو گونجاوە بۆ گرێبەستکردن بەشێوەی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.

ب- لێکۆڵینەوەی کەڵک (دراسة جدوی – Feasibility Study) – تەنانەت ئەگەر بە کورتیش بێت – ئەنجامدراوە و بەلای کەمەوە یەک پسپۆڕی تەکنیکی لە دەرەوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن هەڵسەنگاندنی کردووە بۆ ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی کەڵک پێش گرێبەستکردن.

**سێیەم** : هەموو پڕۆژەکانی تری هاوبەشی پابەند دەبن بە ڕێکار و کات و ماوە دیاریکراوەکان کە لە بەشی سێیەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە.

## بەشی دووەم

هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و پەیکەری دامەزراوەیی، ڕۆڵ و ئەرکە پەیوەستەکان
(PPP Institutional Structure, Roles, and Functions)

**ماددەی (٨):**

ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP High Council) (لێرەبەدوا ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی)

ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی پێکدێت لە :

١- سەرۆک وەزیران (سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی)
٢- جێگری سەرۆک وەزیران (جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی)
٣- وەزیری پلاندانان
٤- وەزیری دارایی و ئابووری
٥- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران
٦- سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان
٧- وەزیر یان سەرۆکی دامەزراوەی نەبەستراو بە وەزارەت، کە پڕۆژەکەی لەژێر هەڵسەنگاندنایە.

**ماددەی (٩):**

**ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی** (Functions of the PPP High Council)

ئەرکەکانی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم** : پڕۆژە پاڵێوراوەکانی هاوبەشی، کە دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن پێشکەشیان کردووون بە یەکەی هاوبەشی و یەکەی هاوبەشی پۆلبەندی کردوون، بڕیاریان لێ دەدرێت بچنە قۆناغی لێکۆڵینەوەی کەڵک یان نا:

أ- دەکرێت ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی پڕۆژەیەکی پێشنیارکراو پەسەندبکات بۆ جێبەجێکردن وەک پڕۆژەی هاوبەشی.

ب- دەکرێت ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی پڕۆژەی پێشنیارکراو بگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەسەر بنەمای ئەوەی پڕۆژەی پێشنیارکراو گونجاو نییە بۆ گرێبەستکردن وەک پڕۆژەی هاوبەشی.

ج-ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بڕیاردەدات لە تەرخانکردنی دارایی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کەڵک بۆ پڕۆژەی هاوبەشی پەسەندکراو.

د- ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی دەتوانێت فەرمانی گواستنەوەی تەرخانکردنی دارایی پێویست بدات بۆ بودجەی دەسەڵاتی گرێبەستکردنی پەیوەندیدار .

**دووەم**: بڕیاردانی کۆتایی لەسەر لێکۆڵینەوەی کەڵک لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی لیژنەی تەکنیکی و پێداچوونەوەی هاوتەریبی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان.

**سێیەم**: پەسەندکردنی لیستی پوخت (شۆرت لیست)ی پێشکەشکارانی تەندەر و پێشکەشکارانی تەندەری پەسەند بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی هاوبەشی، لەسەر بنەمای داواکاری بۆ شیاندن (Request for Qualifications) و هەڵسەنگاندن و راسپاردەکانی لیژنەی تەکنیکی، هەروەها ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ دەستپێکردنی رێکارەکانی گرێبەستکردن .

**چوارەم**: پەسەندکردنی پێشکەشکاری تەندەری هەڵبژێردراو یان خوازراو، لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی تەندەر لەلایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردن و لەسەر راسپاردەی لیژنەی تەکنیکی.

**پێنجەم**: بڕیاردان لەسەر ئەنجامی دانوستانەکان:

أ- چوونە قۆناغی رێککەوتن بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی رێککەوتنیان لەسەر کراوە.

ب- هەموارکردنی مەودای پڕۆژەکە و بەردەوامبوون لە دانوستان.

ج-داوا لە پێشکەشکارانی تەندەری هەڵبژێردراو بکات باشترین و کۆتا ئۆفەری خۆیان پێشکەش بکەن.

د- کۆتایی پێهێنان بە دانوستانەکان.

**شەشەم**: وەرگرتنی راپۆرت لەسەر جێبەجێکردن و پێشکەوتنەکانی پڕۆژەکانی هاوبەشی، کە کۆمپانیای پڕۆژە پێشکەشی دەسەڵاتی گرێبەستکردنی کردوە.

**حەفتەم**: دڵنیایی کردن لەوەی هەموو پڕۆژەکانی هاوبەشی پابەندن بە حوکمەکانی ئەم رێنماییە و هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پابەندن پێوەیان.

**هەشتەم**: لەکاتی هەبوونی ئۆفەری بانگهێشتنەکراو (unsolicited proposals)، لاری نەبوون دەدات لەسەر ئۆفەری بەرایی، لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژەی پێشنیار کراو و هاوبەشی هەڵبژێردراو.

**نۆیەم:** ســەرکردایەتیکردنی دووبارە دانوســتانکردنەوە ئەگەر لایەنەکان بڕیاریاندا دووبارە دانوســتان بکەنەوە لەسەر مەرجەکانی ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.

**دەیەم:** بڕیادان لەسەر پێکهێنانی سندوقی پاڵپشتی ئامادەکردنی پڕۆژەی هاوبەشی ( PPP Project Preparation Facility (PPF) بە مەبەســتی داراییکردنی لێکۆڵێنەوەی کەڵکی ئەو پێشــنیاری پڕۆژانەی پەسەندکراون بۆ گرێبەستکردن بەشێوەی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت** (PPP Unit) (لێرەبەدوا یەکەی هاوبەشی)

ڕێکخستنی دامەزراوەیی یەکەی هاوبەشی بەم شێوەیە دەبێت:

١- بەڕێوەبەری یەکەی هاوبەشی

٢- پسپۆڕی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت

٣- پسپۆڕی شیکاری دارایی

٤- پارێزەر (پسپۆڕی یاسایی)

٥- کارمەندی پاڵپشتی

**ماددەی (١١):**

**ئەرکەکانی یەکەی هاوبەشی Functions of the PPP Unit**

یەکەی هاوبەشی ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتیانەی دەبێت:

**یەکەم:** دەرکردنی ڕێکارەکانی گرێبەستکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی، بەشێوەیەکی خولیی، بەمەبەستی هاندان و بەخشــینی زانیاریی نوێ بە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەســەر پڕۆژەکانی هاوبەشــی و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی باڵای هاوبەشــی بۆ پەســەندکردنی، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەم ڕێنماییە و فۆرمەکانی ناو پاشکۆکانی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم:** ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێبەری ورد بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشــی و دابینکردنی ڕێنوێنی ورد بۆ هەر یەکێک لە هەنگاوەکانی پرۆسەی گرێبەستکردنی هاوبەشی و پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ بەکارهێنانی فۆرمەکانی ناو پاشکۆکانی ئەم ڕێنماییە و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بۆ پەسەندکردنی.

**سێیەم:** پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی هاوبەشی.

**چوارەم:** پاڵپشتیکردنی دە سەڵاتەکانی گرێبە ستکردن لە پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی تایبەت بە پڕۆژە لە ئەندامانی وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان، بەمەبەســتی هەڵســەنگاندن و پەســەندکردنی چالاکییەکانی پرۆسەی هاوبەشی.

**پێنجەم:** دەســت نیشــانکردنی ناوی ئە ندا مانی پێشــنیار کراوی لیژنەی تەکنیکی بۆ دەســەڵاتی گرێبەستکردن بۆ ڕەچاوکردنیان وەک ئەندامی لیژنەی تەکنیکی.

**شەشەم**: پێداچوونەوەی راپۆرتی شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک، کە وەک بەڵگەنامەی کارنامەی پرۆژە (Project Profile Document PPD) پێشکەش دەکرێت.

**حەفتەم**: ئەنجامدانی پشکنین (Screening)ی پرۆژەی هاوبەشی، بەپێی ئامرازی پشکنینی پرۆژەی هاوبەشی یان رێباز (method)ی تری پەیوەندیدار، هەروەها ئامادەکردنی بەستەی بەڵگەنامەی کارنامەی پرۆژە بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**هەشتەم**: ئامادەکردنی لیستی پرۆژە پێشنیارکراوەکان لەگەڵ ئەنجامی پشکنین، بە شێوەی وەرزیی و پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لە (٣) سێ تا (٤) چوار کۆمەڵەدا هەموو ساڵێ، بۆ مەبەستی بڕیاردان لەسەر ئەو پرۆژانەی بەشێوەی هاوبەشی جێبەجێ بکرێن.

**نۆیەم**: هاوکاریکردنی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لە ئەرکەکانیدا وەک بڕیاردەری کۆتایی لەسەر هەڵبژاردن و دانانی ئەولەویەت بۆ پرۆژەکانی هاوبەشی و کام لەمانە پارەی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کەڵک و گەیاندنی ئەنجامەکان بە دەسەڵاتی گرێبەستکردنی پەیوەندیدار.

**دەیەم**: بۆ ئەو پرۆژانەی پەسەندنەکراون بۆ جێبەجێکردن بەشێوەی هاوبەشی، پاڵپشتی دەسەڵاتی گرێبەست دەکات بۆ هەمموارکردنی پێشنیارەکە و دووبارە پێشکەشکردنەوە ئەگەر پێویستی کرد.

**یازدەیەم**: دانانی خشتەی کات بۆ پێشکەشکردنی پێشنیارەکان لەلایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردن و ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن لە کات و وادەکان بۆ هەر ساڵێک، یادهێنانەوەیان پێش بەسەرچوونی وادەی پێشکەشکردن.

**دوازدەیەم**: پێشکەشکردنی رێنوێنی، لیستی پسپۆڕان، و پێشکەشکردنی پاڵپشتی تەکنیکی بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی کەڵک.

**سێزدەیەم**: پاش وەرگرتنی لێکۆڵینەوەی کەڵک، ناردنی بۆ لیژنەی تەکنیکی بۆ هەڵسەنگاندن.

**چواردەیەم**: ناردنی راپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەڵک بۆ پێداچوونەوەی هاوتەریبی وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان، پێویستە یەکەی هاوبەشی دڵنیایی بکات لەوەی بەرپرسانی باڵای وەزارەتی پلاندانان پێداچوونەوە دەکەن بۆ هەموو بەڵگەنامەکان و پەسەندیان دەکەن.

**پازدەیەم**: ئامادەکردنی بەستە (پاکیج)ی هەڵسەنگاندنەکان، کە پێکدێت لە لێکۆڵینەوەی کەڵک، هەڵسەنگاندنی لیژنەی تەکنیکی، پێداچوونەوەی وەزارەتی پلاندانان (ناوخۆیی)، وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان و پێداچوونەوەی یەکە خۆی و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**شازدەیەم**: پێشنیارکردنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بۆ بڕیاردان لەسەر لێکۆڵینەوەی کەڵک و بڕیاردان لە گواستنەوە یان نەگواستنەوە بۆ قۆناغی گرێبەستکردن.

**حەڤدەیەم**: پاڵپشـــتیکردنی لیژنەی تەکنیکی لە پرۆســـەی داواکاری بۆ دەربڕینی خواســـت، وەرگرتنی لیستی پوختی پێشکەشکارانی تەندەر و ناردنی بۆ لیژنەی تەکنیکی، بەرزکردنەوەی لیستەکە و راســـپاردەکانی لیژنەی تەکنیکی بۆ ئەنجومەنی باڵای هاوبەشـــی، پاش رەزامەندیی ئەنجومەن، داوا لە دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەکات بانگهێشت بۆ پێشکەشکردنی تەندەر بنێرن بەمەبەستی هەڵبژاردنی پێشکەشکارانی تەندەر.

**هەژدەیەم**: پاڵپشـــتیکردنی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشـــی لە بڕیاردانی کۆتایی لەســـەر ئەنجامەکانی دانوستانەکانی هاوبەشی.

**نۆزدەیەم**: پاڵپشتیکردنی دانوستانەکانی پاش گرێبەستکردن، کە لەوانەیە کاریگەریی مادییان هەبێت لەســـەر پێگەی دارایی حکومەت بەهۆی پابەندیی دارایی و بەرپرســـیارێتی دارایی لەناکاو لە پڕۆژەکە و پرسی تری دارایی وەک گومرگ.

**بیســـتەم**: هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی تەکنیکی ســـەبارەت بە هەر پێشـــنیارێکی پڕۆژەی هاوبەشـــی، بەمەبەستی دڵنیاییکردن لە پابەندبوون بە ستانداردە تەکنیکییەکان و باشترین پیادەکردنەکانی لێکۆڵینەوەی کەڵک و لێکۆڵینەوەی ئابووری.

**بیست ویەکەم**: بەڕێکردنی بەڵگە و نووسراوە پەیوەستەکان بە هەر یەکێک لە قۆناغەکانی ئامادەکاری و پرۆسەی گرێبەستکردن، هەروەها تۆمارکردنیان لە داتابەیسی هاوبەشی، پشکنینی دۆکۆمێنتەکان بۆ دروستیی و تەواوییان پێش رەوانەکردن بۆ قۆناغی دواتری پێداچوونەوە یان بڕیاردان.

**بیست ودووەم**: دانانی ستانداردەکان، رێبەرەکان و رێکارەکانی هاوبەشی، وەک دانانی رێکاری ستاندارد بۆ ئامادەکردنی بیرۆکە (پیشنیاز – پرۆپۆزەڵ)، دەستنیشـانکردنی پڕۆژە و دانانی ئەولەویەت و داڕشـتنی پڕۆژە و هەڵسـەنگاندنی پڕۆژەی هاوبەشـی، رێکار و فۆرمی سـتاندارد بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە هاوبەشی و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بۆ پەسەندکرد.

**بیســـت وســـێیەم**: لەجیاتی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشـــی، پێداچوونەوە دەکات بۆ بەرپرســـیارێتییە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان و هەڵسەنگاندنی مەترسی بەرپرسیارێتییە داراییە لەناکاوەکانی حکومەت و هەڵگرتنی تۆماری ئاســـتە بەردەوامیپێدراوەکانی بەرپرســـیارێتییە راســـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان.

**بیست وچوارەم**: وەرگرتنی زانیاری (سیستمی بەڕێوەبردنی زانیاری) و بەڕێوەبردنی داتابەیسی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی وتایبەت وپێشکەشکردنی راپۆرتی مانگانە وساڵانە بەئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**بیســـت وپێنجەم**: هاندانی شـــەفافیەت لە پڕۆژەکانی هاوبەشـــی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری وبەشدارپێکردنی هاوڵاتیان و گروپەکانی بەکارهێنەران.

**بیست وشەشەم:** یەکخستن و گشتاندنی ڕێکارەکانی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان – لەڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە کۆمەک بەخشەکان بەمەبەستی ئامادەکردنی ئامراز ، فۆرم ، چوارچێوەی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان، بەڵگەنامەکان گرێبەست، بونیاتنانی تواناکان، هتد...

**بیست وحەفتەم:** پێکهێنانی سندوقی پاڵپشتی ئامادەکردنی پڕۆژەی هاوبەشی ( PPP Project Preparation Facility (PPF) بەمەبەستی داراییکردنی لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئەو پێشنیاری پرۆژانەی پەسەندکراون بۆ گرێبەستکردن بەشێوەی هاوبەشی، هەروەها دانانی ڕێکارەکانی چۆنێتی دەستگەیشتنی وەزارەتەکان بە پاڵپشتییەکانی ئەم سندوقە، بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**بیست وهەشتەم:** برەودان بە وێنەی هەرێمی کوردستان لە بازاڕی نێودەوڵەتی وەک شوێنێکی لەبار بۆ وەبەرهێنان لە پڕۆژەکانی هاوبەشی و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی شێوازی هاوبەشی.

**بیست ونۆیەم:** بونیاتنانی تواناکان بۆ ئامادەکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی.

**سییەم:** پێشکەشکردنی راوێژ بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لەسەر پرسە پەیوەستەکان بە هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.

**سی ویەکەم:** دڵنیایی کردن لەوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن زانیاری لەسەر بنەمای یەکسانی دابین دەکات و پێشکەشکارێکی تەندەر پەسەند ناکات بەسەر ئەوانی تردا.

**سی ودووەم:** ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی تری پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی و لیژنەی تەکنیکی لەمیانەی ئامادەکردن وگرێبەستکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی هاوبەشی.

**ماددەی (١٢):**

**دەسەڵاتی گرێبەستکردن** (Contracting Authority)

دەسەڵاتی گرێبەستکردن بریتییە لە هەر دامەزراوەیەکی گشتی بەرپرس لە ڕێککەوتنی هاوبەشی. ئەو دامەزراوە گشتییانەی دەتوانن ڕێککەوتنی هاوبەشی ئەنجام بدەن، بریتین لە: وەزارەتەکان و ئەو فەرمانگانەی وەزارەتەکان دەسەڵاتیان پێدەدەن، فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت، دامەزراوە دەوڵەتییەکان، دە سەڵاتە خۆجێیەکانی وەک شارەوانییەکان و پارێزگاکان. دە سەڵاتی گرێبە ستکردن بەرپرس دەبێت لە دەستنیشانکردنی پڕۆژەکان لە کەرتەکانی خۆیان و ئامادەکردنیان لەناوخۆی دامەزراوە یان لەڕێگەی بەکرێگرتنی راوێژکار. دەسەڵاتی گرێبەستکردن شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک و لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژە ئەنجام دەدات، گرێبەستکردن ئەنجام دەدات لەگەڵ هاوبەشی تایبەت لەسەر بنەمای ڕێکارەکانی گرێبەستکردنی کێبڕکێکارانە، ڕێککەوتنی هاوبەشی دەکات و پڕۆژەکە جێبەجێ دەکات. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەڕێوەبەری پڕۆژە دیاری بکات، کە

ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕێت لە پرۆ سەی ئامادەکردنی پڕۆژەی هاوبە شی. ئەرک و بەرپر سیارێتییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم**: دیاریکردنی پڕۆژەی هاوبەشی، ئامادەکردنی شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک کە پێویستە خەملاندنی تێدابێت بۆ تێچوو شیاویی، واتا ئایا دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت پابەندییە داراییەکانی دابین بکات بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لە چوارچێوەی بودجەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن، یان تا چەند دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت سەرچاوەکانی خۆی بەکاربهێنێت بۆ دابینکردنی پابەندییە داراییەکان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکە.

**دووەم**: هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی تەکنیکی بۆ هەر پڕۆژەیەکی پێشنیار کراو، پێشکەشکردنی لیستی ناوەکان بە یەکەی هاوبەشی و وەرگرتنی راسپاردەی یەکەی هاوبەشی سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی و پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی، پاش وەرگرتنی لاری نەبوونی یەکەی هاوبەشی.

**سێیەم**: وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لەسەر بەڵگەنامەی کارنامەی پڕۆژە (Project Profile Document)ی هاوبەشی (کە پێویستە شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژەی لەگەڵدا بێت) ، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژە.

**چوارەم**: ئا مادەکردنی مەرجە پێشینەییە کان (الشروط المرجعية - Terms of Reference)ی راوێژ کاری گرێبەستکردن، بۆ ئەنجا مدانی لێکۆڵینەوەی کەڵکی هەمەلایەن و بەڵگە نامە کانی گرێبەستکردن و ئەرکەکانی تری پەیوەست بە ئامادەکردن و گرێبەستکردنی پڕۆژەی هاوبەشی.

**پێنجەم**: ئەنجا مدانی لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژە و پێشکەشکردنی بە لیژنەی تەکنیکی و یەکەی هاوبەشی بۆ پێداچوونەوە.

**شەشەم**: ئەگەر لیژنەی تەکنیکی پەسەندی کرد، بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوەی پڕۆژە ئامادە دەکات لەگەڵ رەشنووسی رێککەوتنی هاوبەشی.

**حەفتەم**: وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، بەرێگەی یەکەی هاوبەشی، لەسەر بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە.

**هەشتەم**: بانگهێشتکردنی داواکاری بۆ شیاندن (RFQ)، هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەکانی داواکاری بۆ شیاندن و ئامادەکردنی لیستی پوخت (شۆرت لیست)ی پێشکە شکارانی تەندەری پە سەندکراو، بە مەبەستی وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**نۆیەم**: داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر لە پێشکەشکارانی تەندەری لیستی پوخت، وەرگرتنی ئۆفەرەکان و دیاریکردنی پێشکەشکاری پەسەندکراو.

**دەیەم**: وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لەسەر لیستی پوختی پێشکەشکارانی تەندەری پەسەندکراو، پاش تەواوکردنی قۆناغی داواکاری بۆ شیاندن و داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر.

**یازدەیەم**: بەشـداریکردن لە دانوسـتانە ئەنجامدراوەکان لەگەڵ پێشـکەشـکاری تەندەری پەسـەندکراو، بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**دوازدەیەم**: ئەنجامدانی رێککەوتنی هاوبەشی لەگەڵ هاوبەشی تایبەت یان لەگەڵ کۆمپانیای پێکهێنراو بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژە (SPV) .

**سێزدەیەم**: ئامادەکردنی پلانێک بۆ بەڕێوەبردنی رێککەوتنی هاوبەشی.

**چواردەیەم**: دەرکردنی رێکاری تایبەت بە کەرتی پەیوەندیدار و پەیوەسـت بە پرۆژەکانی هاوبەشـی، بەپێی دەسـەڵاتەکانی و بەڕاوێژکردن لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و بە رەزامەندی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**پازدەیەم**: پێشـکەشـکردنی راپۆرتی مانگانە و سـاڵانە لەسـەر بەرەوپێشـچوونەکان لە جێبەجێکردنی رێککەوتنی هاوبەشی، بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**شازدەیەم**: بەڕێوەبردنی جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوبەشی.

**حەڤدەیەم**: هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای هاوبەشـی، وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان لە دۆخی دووبارە دانوستانکردنەوە لە پرۆژەکانی هاوبەشی و لەمیانەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان، کە لەوانەیە پێویسـتیان بەگۆڕانکاری هەبێت لە پابەندییە داراییەکانی حکومەت و پێوەرە داراییەکانی وەک کرێ.

**ماددەی (١٣):**

**بەڕێوەبەری پرۆژە لە دەسەڵاتی گرێبەستکردن**

Project Officer/Manager at the Contracting Authority

پێویسـتە دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن فەرمانبەرێک یان کەسێک دیاری بکات وەک بەڕێوەبەری پرۆژە ، کە رۆڵی سـەرەکیی دەگێڕێت لە پرۆسـەی ئامادەکردنی پرۆژەی هاوبەشـی. بەڕێوەبەری پرۆژە ، دەبێتە خاڵی پەیوەندیی بۆ پرۆژەی هاوبەشـی لە دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن، هەروەها پێویسـتە پلە و دەسـەڵاتی گونجاوی هەبێت بۆ سـەرکردایەتیکردنی پرۆسـەی ئامادەکاری و داڕشـتنی پرۆژەی هاوبەشـی. بەڕێوەبەری پرۆژە بەرپرس دەبێت لە یەک پرۆژەی دیاریکراوی هاوبەشـی. باشـترە بەڕێوەبەری پرۆژە نەگۆڕێت/نەگوێزرێتەوە لە ماوەی ئامادەکردنی پرۆژەکە. بەڕێوەبەری پرۆژە بەرپرس دەبێت بەرامبەر سـەرۆکی دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن و ئەم ئەرک و بەرپرسیارێتیانەی دەبێت:

**یەکەم**: دەستنیشانکردنی پرۆژە شیاوەکان بۆ هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.

**دووەم**: ئەنجامدانی ئامادەکارییەکانی وەک شـیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەلک و لێکۆڵینەوەی کەلک، ئامادەکردنی بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە، چ لەسـەر ئاسـتی ناوخۆ یان بەهاوکاری راوێژکاری گرێبەستکردنی دەرەکیی.

**سێیەم**: پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکەی هاوبەشی و بە ڕێنوێنی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**چوارەم**: بەڕێوەبردنی پرۆسەی گرێبەستکردنی کێبڕکێکارانە.

**پێنجەم**: نوێنەرایەتی کردنی دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە کۆبوونەوە دانوستانکارییەکان.

**شەشەم**: هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی وەک ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، وەزارەتی دارایی و ئابووری، دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی پلاندانان، بەڕێگەی یەکەی هاوبەشی.

**حەفتەم**: چاودێریکردنی خزمەتگوزارییە دابینکراوەکان لەلایەن راویژکاران، راوێژکاری دەرەکیی و پسپۆڕانی تری پڕۆژەی هاوبەشی.

**هەشتەم**: پلاندانان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی هاوبەشی.

**نۆیەم**: هەڵگرتنی زانیارییەکانی پڕۆژەکانی هاوبەشی لە داتابەیسی تایبەت، لە دەسەڵاتی گرێبەستکردن و پێشکەشکردنی راپۆرتی خولیی، بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی و یەکەی هاوبەشی، لەسەر ئەدای پڕۆژەی هاوبەشی.

**ماددەی (١٤):**

**لیژنەی تەکنیکی (Technical Committee)**

**یەکەم**: لیژنەی تەکنیکی لیژنەیەکی تایبەتە بە پڕۆژەیەکی دیاریکراو، کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێکیدەهێنێت بە راوێژ لەگەڵ یەکەی هاوبەشی، بەمەبەستی رێخۆشکردن بۆ هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی چالاکییەکانی پرۆسەی هاوبەشی. لیژنەی تەکنیکی پێکدەهێنرێت، پاش رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لەسەر شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک و رەزامەندی لەسەر هەنگاونان بۆ قۆناغی لێکۆڵینەوەی کەڵکی هەمەلایەن. لیژنەی تەکنیکی لەناو دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێکدەهێنرێت بۆ مەبەستی پڕۆژەیەکی دیاریکراو، دەکرێت ئەندامانی بریتی بن لە فەرمانبەرانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن، فەرمانبەرانی وەزارەت و فەرمانگەکانی تری حکومەت، کەسانی ئەکادیمی لە زانکۆکان و دامەزراوە ئەکادیمییەکان، ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان کە پاڵپشتی تەکنیکی و دڵنیایی جۆریی پێشکەش دەکەن لەسەر پڕۆژەی هاوبەشی و لەسەر داوای دەسەڵاتی گرێبەستکردن. لیژنەی تەکنیکی لیژنەیەکی پەیوەندیدارە بە تەنها یەک پڕۆژەی دیاریکراو و شوێن و ئۆفیسی دیاریکراوی نییە و ئەندامانی بەشێوەی(گریمانەیی و ئۆنلاین) و ئەلیکترۆنی بەشداری دەکەن لە پرۆسەی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت. لیژنەی تەکنیکی رۆڵی گروپێکی کار دەگێڕێت بۆ پاڵپشتیکردنی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لە هەڵسەنگاندنی پڕۆژە لەمیانەی قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی هاوبەشی، هەروەها هەڵسەنگاندن و پەسەندکردن پێشکەش دەکات. لیژنەی تەکنیکی بۆ پڕۆژەیەک پێکدێت لەم ئەندامانە:

أ- پسپۆڕانی تەکنیکی بوارەکە لەناو دەسەڵاتی گرێبەستکردن.

ب- پسپۆڕانی تەکنیکی بوارەکە لە یەکەی هاوبەشی.

ج- پسپۆڕی تەكنیكی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی.

د- بەڕێوەبەری پڕۆژە لە دەسەڵاتی گرێبەستكردن.

ە- ئەندامی دیاریكراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

و- ئەندامی دیاریكراوی وەزارەتی پلاندانان.

ز- ئەندامی دیاریكراوی دەستەی وەبەرهێنان، بەپێی پێداویستی پڕۆژەكە.

ح- هەر پسپۆڕێكی تری تەكنیكی كە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی دیاری دەكات.

**دووەم:** ئەرك و بەرپرسیارێتییەكانی لیژنەی تەكنیكی ئەمانەی خوارەوەن:

أ- هەڵسەنگاندنی هەموو بەڵگەنامە پەیوەستەكان بە پڕۆژە كە پێشكەش دەكرێن بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

ب- پێداچوونەوەی شیكاری پێش لێكۆڵینەوەی كەڵك ولێكۆڵینەوەی كەڵكی پڕۆژەی هاوبەشی وپێشكەشكردنی راسپاردە لەم روەوە.

ج- پێداچوونەوە وهەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەكانی كەمكردنەوە، بۆ دڵنیاییكردن لە دروستیی وتەواویی وكواڵیتیان.

د- پێداچوونەوەی لیستی پوختی پێشكەشكارانی تەندەر بۆ پڕۆژە وپێشكەشكردنی راسپاردە لەم روەوە.

ە- پێداچوونەوەی پێشكەشكارانی تەندەری پەسەندكراو بۆ پڕۆژە و پێشكەشكردنی راسپاردە لەم روەوە.

و- بەشداریكردن لە دانوستانەكانی پڕۆژە لەگەڵ لایەنی تایبەت بۆ پاڵپشتیكردنی دەسەڵاتی گرێبەستكردن.

ز- پێداچوونەوەی ئۆفەری بانگهێشتنەكراو وپێشكەشكردنی راسپاردە لەسەر ئۆفەری پڕۆژەی هاوبەشی، لێكۆڵینەوەی كەڵكی پڕۆژە وپاڵپشتیكردنی دەسەڵاتی گرێبەستكردن لەكاتی دانوستانەكان لەگەڵ هاوبەشی تایبەت.

ح- پێداچوونەوەی پڕۆژەی هاوبەشی و بەشەكانی پڕۆژە بەپێی پسپۆڕیان، پێشكەشكردنی پێداچوونەوە و راسپاردە.

ط- دڵنیایی كردن لەوەی هەموو راسپاردەكانی ئەندامانی لیژنەی تەكنیكی كۆدەكرێنەوە بەمەبەستی پێشكەشكردنی بۆچوونی هەمەلایەن لەسەر پڕۆژەكە بە یەكەی هاوبەشی.

**ماددەی (١٥):**

**دەستەی وەبەرهێنان (Board of Investment)**:دەستەی وەبەرهێنان ئەم ئەرك وبەرپرسیارێتیانەی هەیە لە پرۆسەی هاوبەشی نێوان كەرتی گشتی وكەرتی تایبەت وبەپێی حوكمەكانی ئەم رێنماییە:

**یەکەم**: سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشیە ومافی دەنگدانی هەیە لە هەر یەکێک لە قۆناغەکانی ئامادەکاری، گرێبەستکردن وجێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکی هاوبەشی.

**دووەم**: جودا لە رۆڵی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وەک ئەندامی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، پێویستە دەستە پێداچوونەوەی هاوتەریب ئەنجام بدات لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ لێکۆڵینەوەی کەڵکی پرۆژە و هەڵسەنگاندنەکانی لیژنەی تەکنیکی بۆ لێکۆڵینەوەی کەڵک.

**ماددەی (١٦): جیاوازی نێوان پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان و پرۆژەکانی هاوبەشی**
(Distinctionbetween BOI and PPP projects)

جیاوازی نێوانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم**: دەستەی وەبەرهێنان دەسەڵاتی پێدراوە لەسەر هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنان، کاتێک لایەنێکی تایبەت هەوڵ دەدات وەبەرهێنان بکات بۆ قازانج لە پرۆژەیەک یان چالاکییەک، بەڵام پرۆژەی هاوبەشی، بەپێی پێناسەکەی لەم رێنماییە بریتییە لەو پرۆژانەی دەبنە هۆی دروستکردن یان پاراستنی ژێرخان و قەوارەی گشتی یان دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی لەرێگەی هاوبەشی لەنێوان دامەزراوەیەکی حکومیی و لایەنێکی تایبەت، هەروەها مەترسییەکان و بەرپرسیارێتییەکان هاوبەشی دەکرێن لەنێوان لایەنەکان بەپێی رێککەوتنی هاوبەشی، ئەمەش تەنها بەپێی رێککەوتنی هاوبەشی دەکرێت و ناکەوێتە ژێر حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠٠٦ یان هەر یاسایەک شوێنی بگرێتەوە.

**دووەم**: هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی یان بیانی، کە پرۆژەی هاوبەشی نین، پێویستە بکەونە بەر حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٦، بەڵام هەموو پرۆژەکانی هاوبەشی بەپێی حوکمەکانی ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێن.

**سێیەم**: لە دۆخی نەبوونی کۆدەنگی لەسەر ئەوەی پرۆژەیەک پرۆژەی هاوبەشیە یان نا، پێویستە پرسەکە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی یەکلابکرێتەوە و بڕیاری ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی کۆتا بڕیار دەبێت..

**ماددەی (١٧):**

**وەزارەتی پلاندانان** (Ministry of Planning) : لە پرۆسەی هاوبەشی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی وەزارەتی پلاندانان بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم**: وەزیری پلاندانان ئەندامە لە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی و مافی دەنگدانی هەیە لەسەر هەموو قۆناغەکانی ئامادەکاری، گرێبەستکردن و جێبەجێکردن هەر پرۆژەیەکی هاوبەشی.

**دووەم**: بڕیاردان لە ژمارەی کارمەندانی یەکەی هاوبەشی.

**سێیەم**: دابینکردنی بودجە بۆ بەکارخستنی کارمەندانی یەکەی هاوبەشی.

**چوارەم**: تەواوکردنی پەیکەری دامەزراوەیی یەکەی هاوبەشی (ژمارەی کارمەند، پلە، موچە، هتد)، ئامادەکردنی پێناسەی کار (وصف وظيفي - Terms of Reference) بۆ هەر پلەیەک، دیاریکردنی ئەرک بەرپرسیارێتی کارمەندانی یەکە بەپێی یاساو پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان.

**پێنجەم**: دابینکردنی شوێن (ئۆفیس) و پێداویستییەکانی یەکەی هاوبەشی لەناو وەزارەتی پلاندانان و جێکردنەوەی یەکە لەناو نەخشە و پەیکەری دامەزراوەیی وەزارەتی پلاندانان.

**شەشەم**: سەرپەرشتیکردنی کارەکانی یەکەی هاوبەشی، بەمەبەستی دڵنیایی کردن لەوەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕێنوێنی پێویستیان پێدەدرێت و ئامادەکارییەکان و گرێبەستکردن وجێبەجێکردنی پرۆژەکان بەپێی ڕێنماییەکان ئەنجام دەدرێن، هەروەها دڵنیایی کردن لە پەیڕەوکردنی باشترین پیادەکردنە نێودەوڵەتییەکانی بواری هاوبەشی، پەیوەست بە پاڵپشتی تەکنیکی پێشکەشکراو بە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەشێوەی دروست و خێرا.

**حەفتەم**: وەک ئەندامی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، وەزیری پلاندانان بەشدار دەبێت لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر قۆناغەکانی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.

**هەشتەم**: لە هەندێک قۆناغی پرۆسەی هاوبەشی، وەزارەتی پلاندانان پێداچوونەوەی هاوتەریب دەکات، لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەم بوارەدا وەزارەتی پلاندانان پێداچوونەوە دەکات بەپێی دەسەڵات و ئەرکەکانی لە بواری پلاندانانی پەرەپێدان، بۆ ڕەچاوکردنی گرنگی وئەولەویەتی کەرتەکانی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی هاوبەشی وبەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان ناوچەکان و کاریگەریی گشتی پرۆژەکان لەسەر دۆخی ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (١٨):**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری** (Ministry of Finance and Economy) : ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری پەیوەست بە پرۆسەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم**: وەزیری دارایی و ئابووری ئەندامە لە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی و مافی دەنگدانی هەیە لەسەر هەموو قۆناغەکانی ئامادەکاری، گرێبەستکردن و جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکی هاوبەشی.

**دووەم**: وەک ئەندامی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، وەزیری دارایی و ئابووری، پشکنینی پابەندبوونی یاسایی (duediligence) لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی هاوبەشی ئەنجام دەدات، هەروەها دڵنیایی دەکات کە بەهای گشتی بەرامبەر پارەی تەرخانکراو بەدیهاتووە. وەزارەتی دارایی و ئابووری بەرپرسە لە هەڵسەنگاندن بۆ پابەندییە داراییەکانی حکومەت و بەرپرسیارێتییە لەناکاوەکانی پەیوەست بە پرۆژەکانی هاوبەشی. ئەم هەڵسەنگاندنە ڕەچاوی پابەندییە ڕاستەوخۆکان و پابەندییە ناڕاستەوخۆ و لەناکاوەکان دەکات کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە کە لەوانەیە بکەونە ئەستۆی حکومەت.

**سێیەم**: وەزارەتی دارایی و ئابووری نوێنەری خۆی دیار دەکات بۆ لیژنەی تەکنیکی هەر پڕۆژەیەک و دەسەڵاتی پێدەدات بۆ پێداچوونەوە و پەسەندکردنی ڕەهەندە داراییەکانی پڕۆژەی هاوبەشی. ئەم نوێنەرەی وەزارەت، پێداچوونەوە دەکات بۆ گونجاویی پڕۆژە و لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژە و لایەنی دارایی پڕۆژەکە پەسەند دەکات، پێداچوونەوە دەکات بۆ بڕگە سەرەکییەکانی ڕێککەوتنی پڕۆژەی هاوبەشی و ڕێککەوتنی گەرەنتی، ئەگەر هەبوو، پاشان ڕەزامەندییان لەسەر دەدات، ئەمەش بۆ دڵنیابوون لەوەی پابەندییە داراییەکانی حکومەت خەمڵێنراو و دیارن.

**چوارەم**: نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری لە لیژنەی تەکنیکی، بەشداری دەکات لە دانوستانەکانی پڕۆژەی هاوبەشی، هەروەها لە دانوستانەکانی پاش گرێبەستکردن، ڕەزامەندی دەدات لەسەر پابەندییە داراییەکان و ئامادەکاری دەکات بۆ جێکردنەوەیان لە بودجە و تەرخانکردنی پێویست بۆ پابەندییە لەناکاوەکان.

## بەشی سێیەم
## ڕێڕەوی پرۆسەی گرێبەستکردنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت
## (PPP Procurement Process Flow)

**ماددەی (١٩):**

**دیاریکردنی پڕۆژە** (Project Identification) :پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەمیانەی پرۆسەی دیاریکردنی پڕۆژەدا ڕەچاوی ئەمانە بکات:

**یەکەم**: ئەنجامەکانی پڕۆژە بە ژمارە و پێوانە دیاریکرابن، ئەمەش ببێتە بنەما بۆ چاودێریکردنی پڕۆژە و دانانی پێوەرەکانی ئەدا بۆ مەبەستی پارەدان بە هاوبەشی تایبەت.

**دووەم**: بەڕێوەبردنی گرێبەست جەخت بخاتە سەر چاودێریکردنی پێشکەشکردن و کواڵیتی ژێرخان و خزمەتگوزاری، نەک تەنها ئەنجامدانی کارەکان و دابینکردنی کاڵا.

**سێیەم**: ئاستە دیاریکراوەکانی پاراستن و کواڵیتی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ ماوەی سووڕی ژیانی پڕۆژە دیاری بکرێن.

**چوارەم**: پارەدان بەسترێتەوە بە نیشاندەری ڕوون و پشتڕاستکراوە.

**ماددەی (٢٠):**

**ئامادەکردنی شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژە** Preparation of project pre-feasibility

پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژە ئامادە بکات (فۆرمی شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژە، بەشێوەی بەڵگەنامەی کارنامەی پڕۆژە، لە پاشکۆی (١)ی ئەم ڕێنماییە بەردەستە). پێویستە شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک ئەمانە لەخۆبگرێت:

**یەکەم**: پێناسەیەکی روونی خزمەتگوزاریی پێویست و ئامانجەکانی پرۆژەکە.

**دووەم**: روونکردنەوە و وردەکاری لەسەر مەودا و چوارچێوەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی پرۆژەکە.

**سێیەم**: شیاویی پرۆژە بۆ جێبەجێکردن لەڕووی تەکنیکی و تەکنەلۆجی و ئاماژەدان بە ئاستەنگەکان کە پێویستە لابرێ.

**چوارەم**: هەڵسەنگاندنی بەرایی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی.

**پێنجەم**: پێداویسییەکانی پرۆژە بۆ وەبەرهێنان، وەک پلانی بەرایی تێچووەکان.

**شەشەم**: خەمڵاندنی بەرایی داهات، لەگەڵ سەرچاوەکان و هەستیارییە سەرەکییەکان.

**حەفتەم**: زەوی پێویست، دۆخ، کات، تێچوو (ئایا بودجە تەرخانکراوە) و پلانی کار بۆ وەرگرتنی زەوی.

**هەشتەم**: مەترسییە سەرەکییەکان، کەمکردنەوە و بەڕێوەبردنی مەترسییەکان لە نەخشەی دابەشکردنی مەترسییەکاندا.

**نۆیەم**: خەمڵاندنی بەرایی بۆ دارایی بەردەست بۆ پرۆژەکە و بۆ پرۆسەی گرێبەستکردن.

**دەیەم**: روونکردنەوەی سوودە سەرەکییەکانی پرۆژەکە و سوودمەندە سەرەکییەکان.

**یازدەیەم**: هەڵسەنگاندنی تێچوو و سوودی ئابووری.

**دوازدەیەم**: شیاویی پرۆژە لەڕووی داراییەوە، لەگەڵ شیکاری بایەخ و هەستەوەریی دارایی و نموونەکاری (نمذجة)ی دارایی (Sensitivities and a basic financial model).

**سێزدەیەم**: شیکاری بەرایی بۆ باشترین بەها بەرامبەر پارە (Value for money).

**چواردەیەم**: پلانی کار بۆ بە بازاڕکردنی پرۆژەکە، ئاماژەدان بە تێچووەکان و بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی حکومەت، وەک پرۆسەی زامنکردنی زەوی، نیشتەجێکردنەوە، هتد.

**پازدەیەم**: لیستی لایەنە پەیوەندیدارەکان کە پێویستە راوێژیان پێبکرێت لەناو دەسەڵاتی گرێبەستکردن و لە فەرمانگەکانی تری حکومەت.

**ماددەی (٢١):**

**پشکنینی بەرایی پرۆژەی هاوبەشی** (Preliminary PPP Screening)

**یەکەم**: پێویستە یەکەی هاوبەشی بەپێی هەموو یان هەندێک لەم شەش پێوەرە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژە بکات: گونجاوی لەڕووی ستراتیژییەوە (Strategic suitability)، کەڵکی بەرایی (Prefeasibility)، هەڵسەنگاندنی مەترسی (Risk assessment)، گونجاوی بۆ هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت (PPP suitability)، گونجاوی تێچوو (Fiscal affordability) و توانای دامەزراوەیی (Institutional capacity).

**دووەم**: ئەو پرۆژانەی نمرەی "تاڕادەیەک گونجاو" یان بەرزتر دەهێنن، پەسەند دەکرێن و راسپاردە دەدرێت لەسەر بەردەوام بوون بۆ گرێبەستکردن بەشێوازی هاوبەشی. ئەو پرۆژانەی نمرەیان کەمترە لە "تاڕادەیەک گونجاو" دەگەڕێنرێنەوە بۆ دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ چاککردنی

پڕۆژەکە و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان کە بەپێی ئامرازی پشکنینی هاوبەشی دیاریکراون. دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت پڕۆژەکە چاک بکات، کەموکوڕییەکان چارەسەر بکات و دووبارە پێشکەشی بکاتەوە بۆ رەچاوکردن لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی. لە ئامرازی پشکنینی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت، نمرەی نزمتر لە "تاڕادەیەک گونجاو" ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پڕۆژەکە باش ئامادە نەکراوە و پێویستی بە بەهێزکردن هەیە، یان پڕۆژەکە گونجاو نییە بۆ جێبەجێکردن بەشێوازی هاوبەشی و دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت بەشێوازی گرێبەستکردنی نەریتیی و ئاسایی جێبەجێی بکات.

**ماددەی (٢٢):**

**رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژە بەشێوازی هاوبەشی**
(Approval of project for PPP by HC )

یەکەی هاوبەشی بەپێی ئامرازی پشکنینی هاوبەشی، لەماوەی (١٥) پانزە رۆژ لە پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکانی کارنامەی پڕۆژە لەلایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە، هەڵسەنگاندن دەکات بۆ پڕۆژەی هاوبەشی. پاش تەواوکردنی پشکنینی بەرایی، پێویستە وەزارەتی پلاندانان لەماوەی (٥) پێنج رۆژدا بەڵگەنامەکانی کارنامەی پڕۆژە پێشکەش بکات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، بۆ دەربڕینی رەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژە بەشێوەی هاوبەشی. ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی پێداچوونەوە دەکات بۆ بەڵگەنامەی کارنامەی پڕۆژە و ئەنجامی پشکنینی یەکەی هاوبەشی و بڕیار دەدات لەسەر:

**یەکەم**: چوون یان نەچوونە قۆناغی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کەڵکی هەمەلایەن، پاش پەسەندکردنی پێشنیاری دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە بەشێوەی هاوبەشی.

**دووەم**: ئەگەر بڕیاردرا نەچنە قۆناغی گرێبەستکردنی هاوبەشی بۆ پڕۆژەی پاڵێوراو، ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، بەڕێگەی یەکەی هاوبەشی، راوێژی پێویست دەدات بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەپێی کەیسەکە: دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەوانەیە بتوانێت پڕۆژەکە هەمواربکات و دووبارە پێشنیاری هەموارکراو پێشکەش بکاتەوە بۆ دووبارە رەچاوکردنەوە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، یان پڕۆژەکە بەشێوازی گرێبەستکردنی نەریتیی و ئاسایی جێبەجێ بکات.

**سێیەم**: بڕیاردان لە سەر تەرخانکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژە و بۆ بەکارخستن (بەکرێگرتن)ی راوێژکاری گرێبەستکردن یان پسپۆڕی دەرەکیی.

**چوارەم**: ئەگەر یەکەی هاوبەشی سندوقی رێکاری پاڵپشتی پڕۆژە ( Project Preparation Facility)ی دانابوو و سەرچاوەی پێویستی تێدا بوو، و ئەگەر ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بڕیاریدا پڕۆژەی پاڵێوراو تەرخانکردنی پێویستی بۆ دابین بکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی کەڵک، ئەوا ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان ئاگاداردەکاتەوە، بۆ ئەوەی گوژمەی پێویست بدرێت بە دەسەڵاتی گرێبەستکردنی پەیوەندیدار.

**پێنجەم**: ئەگەر یەکەی هاوبەشی هێشتا سندوقی ڕێکاری پاڵپشتی پڕۆژە (Project Preparation Facility)ی دانەنابوو و ئەنجومەنی باڵای هاوبەشـــی بڕیاریدا پڕۆژەی پاڵێوراو تەرخانکردنی پێویستی بۆ دابین بکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی کەڵک، ئەوا ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان ئاگادارەدەکاتەوە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ پاڵپشـــتیکردنی دارایی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کەڵک.

**شـەشـەم**: ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک، ئەنجومەنی باڵای هاوبەشـی بڕیاریدا کە ناتوانرێت تەرخانکردنی پێویســت دابین بکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی کەڵکی پڕۆژەی پاڵێوراو، کە پەسـەندکراوە بۆ جێبەجێکردن بەشێوازی هاوبەشی، ئەوا ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، ڕاوێژ دەدات بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ داراییکردنی لێکۆڵینەوەی کەڵک لە بودجەی خۆی یان دۆزینەوەی سەرچاوەی جێگرەوە (بەدیل).

**ماددەی (٢٣):**

**ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی وردکاری کەڵک** Preparation of a Detailed Feasibility Study

دەســەڵاتی گرێبەســتکردن لێکۆڵینەوەی کەڵکی هەمەلایەن بۆ پڕۆژەی پێشــنیار کراو ئەنجام دەدات، لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی تەکنیکی، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دارایی، مەترسییەکان، گونجاوی نرخ و تێچوو، بەها بەرامبەر پارە، ڕەهەندە یاساییەکان و بەبازاڕکردن. ئەم قۆناغە ئەم چالاکییانە لەخۆدەگرێت:

**یەکەم**: ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی کەڵکی ورد و هەمەلایەن.

**دووەم**: پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی.

**سـێیەم**: پێداچوونەوە و پێشـکەشـکردنی ڕاسـپاردەکانی لیژنەی تەکنیکی لەسـەر لێکۆڵینەوەی کەڵک و پێـداچوونەوە و ڕاوێژی وەزارەتی دارایی وئـابووری لەســـەر پـابەنـدییە داراییەکـان وپـابەنـدییە لەناکاوەکان.

**چوارەم**: پەسەندکردنی لێکۆڵینەوەی کەڵک لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**پێنجەم**: بەردەوامبوون لە ڕاوێژکاری بازاڕ، بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشـتنی دروسـت و ڕەچاوکردنی مەرج وپێداویستییەکانی کەرتی تایبەت ودامەزراوە داراییەکان.

**ماددەی (٢٤):**

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەی وردکاری کەڵک** Contents of a detailed Feasibility Study

پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لێکۆڵینەوەی کەڵکی هەمەلایەن ئەنجام بدات لەماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە (١٠) دە مانگ لە ڕێکەوتی پەســە ندکردنی شـــیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەلک لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەم ماوەیەدا راپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەڵک ئامادەبکات بۆ پێداچوونەوە و پێشکەشی بکات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بۆ پەسەندکردن. لێکۆڵینەوەی کەڵک چەندین قۆناغ (پێکهاتە) ڕووماڵ دەکات، لەوانە لیسـتی پێکهاتە سـەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی کەڵک وەک لە پاشکۆی (٣)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە:

**یەکەم**: شیکاری پێداویستییەکان (needs analysis): پێویستە شیکاری پێداویستییەکان ئەنجام بدرێت بۆ دیاریکردنی پرسەکانی ژێرخان یان خزمەتگوزاری پەیوەندیدار، هەروەها بۆ دیاریکردنی کێشە و پێداویستییەکان کە بڕیارە پرۆژەکە چارە سەریان بکات. پێویستە شیکاری پێداویستییەکان ئاماژەبدات بە پابەندبوونی پرۆژە بە هەڵسەنگاندنی کەرتەکان و ماستەرپلان و تەبابوونی لەگەڵ ستراتیژی حکومەت و ئامانجەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

**دووەم**: مەزەندەی خواست و بەکارهێنەر (:Demand forecasting and user projections):
پێویستە مەزەندەکردنی خواست و بەکارهێنەر ئەنجام بدرێت بەمەبەستی تێگەیشتن لە کاریگەری پرۆژەکە. ئەو رێباز (میتۆد – منهج)انەی بە کاردەهێنرێن بۆ مەزە ندەی خواست و بە کارهێنەر بریتین لە تێکەڵەیەک لە توێژینەوەی ئابووری، هەژ ماری مە یدانی، روپێو لەسەر خواست و پەسەندکردن، وەرگرتنی نموونە (سامپڵ)، گروپی گفتوگۆ (focus group).

**سێیەم**: رێکخستنی دامەزراوەیی (Institutional settings): ئامانجی ئەم پێکهاتەیە نەخشەکێشانی ژینگەی دامەزراوەیی پرۆژەکەیە، هەروە ها دەستنیشانکردنی بکەرە سەرەکییە گشتی و تایبەتەکانە کە بەشدارن لەم کەرتەدا و دیاریکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان.

**چوارەم**: مەودای پرۆژە (Scope of the project): پێویستە مەودای پرۆژەکە بەوردی باس بکرێت و زانیاری تێدا بێت لەسەر رە چاوکردنە ماددی و جوگرافییە کانی وەک زەوی یان موڵک کە پێویستن بۆ بەدەستهێنان و بەڕێوەبردن، ناوچەی روو ماڵی خزمەتگوزاری، هەروە ها جۆری چالاکییەکان لە هەر یەکێک لە قۆناغەکانی پرۆژە کە دەسپێردرێن بە کەرتی تایبەت.

**پێنجەم**: شیکاری بژاردە تەکنیکییەکان (Technical Solutions Options Analysis): بەشی تەکنیکی لێکۆڵینەوەی کەڵک مەبەستی دەرخستنی سێ لایەنە: ئامانجی ئەم بەشە تیشک خستنە سەر کاریگەرترین بژاردە تەکنیکییەکانە بۆ دابینکردنی پێداویستییە دیاریکراوەکان. پێویستە لێکۆڵینەوەی کەڵک:

أ- هەڵسەنگاندن بکات بۆ بژاردە تەکنیکییە جیاوازە کانی پرۆژەکە، لەرێگەی وەرگرتنی بۆچوونی کەسانی پسپۆڕ.

ب- چەند بژاردەیەکی بەدیلی ستراتیژی و ئەندازەیی تەکنیکی ئامادە بکات، کە بتوانن چارەسەری گرفتی پەیوەندیدار بکەن.

ج- بەراوردکردنی درو ست لەنێوان بژاردە جیاوازەکان. لە سەر بنەمای ئەم هەڵسەنگاندنە، دە سەڵاتی گرێبەستکردن کاریگەرترین بژاردەی تەکنیکی هەڵدەبژێرێت بۆ پرۆژەکە.

**شەشەم**: خەسڵەتەکانی بەرهەم (دەرهاویشتە) (Output specifications): پێویستە لێکۆڵینەوەی کەڵک هەڵسەنگاندنی تەکنیکی ئەنجام بدات بۆ نیشاندانی گونجاویی پڕۆژەکە لەڕووی تەکنیکی، تێچووی خەملێنراوی سووڕی ژیانی پڕۆژە، هەروەها ئەو پێداویستیانە دابین بکات کە دیاریکراون لەمیانەی شیکاری کاریگەری ژینگەیی و کۆمەڵایەتی. پێویستە شیکاری تەکنیکی روونکردنەوەی ورد بدات لەسەر خزمەتگوزارییە پێویستەکانی پڕۆژەکە بەشێوەی ورد و دیاریکراو و بە ژمارە و لەسەر بنەمای ئەنجامەکان، بەبێ سەپاندنی بژاردەی تەکنیکی یان چالاکیی دیاریکراو.

**حەفتەم**: تێچووی سووڕی ژیانی پڕۆژە (Project lifecycle costs): پێویستە لێکۆڵینەوەی کەڵک خەملاندن بکات بۆ تێچووی سووڕی ژیانی پڕۆژە، لەڕێگەی رەچاوکردنی تێچووەکانی وەبەرهێنان، بەکارخستن و چاککردنەوە (صیانة) لەماوەی ژیانی پڕۆژەکەدا، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن، وەک بەراوردکاری، خەملاندن بکات بۆ تێچووی دابینکردنی ژێرخان یان خزمەتگوزاری لەلایەن کەرتی گشتییەوە.

**هەشتەم**: پشکنینی پابەندیی پڕۆژە (Project Due Diligence): پێویستە لێکۆڵینەوەی کەڵک شیکاری ورد بکات بۆ رەهەندە جیاوازەکانی پڕۆژەکە، وەک:

أ- رەهەندە یاساییەکان: پێویستە لێکۆڵینەوەی کەڵک هەڵسەنگاندن بکات بۆ هەموو لایەنە یاساییەکانی پڕۆژەکە و مافەکانی بەکارهێنان و بەکارهێنەر، یاسا و رێنماییە داراییەکان، یاساکانی ژینگە و شوێنەوار (ئەگەر پەیوەندیدار بوون)، یاسا و رێنماییەکانی باج، یاسای کار، رێژەی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی، یاسای کێبەرکێ، رێنماییەکانی بیناسازی و بەرگری شارستانی، یاساکانی زەوی و مافی بەکارهێنانی زەوی، لیستی رێککەوتنە شیاوەکانی پڕۆژە، رێکارەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و دەسەڵاتی دادگا، هتد.

ب- ئامادەکردنی شوێن (Site enablement): پێویستە رووماڵی هەموو لایەنە پەیوەستەکان بە ئامادەکاری شوێنی پڕۆژەکە بکات، وەک مەرج و پێداویستییەکانی زەوی، نرخاندنی زەوی، بەردەستبوونی زەوی و مافی موڵکداری، ناوچەی زۆنکراو، پێویستبوونی گواستنەوە و نیشتەجێکردنەوەی خەڵک (ئەگەر پەیوەندیدار بوو) یان گواستنەوەی خزمەتگوزارییەکان.

**نۆیەم**: دەستنیشانکردنی نیگەرانییە ژینگەییەکان و مەترسی کارەسات: پێویستە لێکۆڵینەوەی کەڵک دەستنیشانی هەموو نیگەرانییە ژینگەییەکان و مەترسییەکانی کارەساتی پەیوەست بە شوێنی پڕۆژە بکات، لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی، هەڵسەنگاندنی مەترسی کۆمەڵایەتی، هەڵسەنگاندنی مەترسی و لاوازیی کەشوهەوا و کارەساتی سروشتی، هەروەها راپۆرتی بەرایی بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی و کۆمەڵایەتی.

**دەیەم**: شــیکاری تێچوو و ســوودی ئابووری و کۆمەڵایەتی: پێویســتە لێکۆڵینەوەی کەڵک رەچاوی ســیولەی پرۆژەکە بکات، هەروەها رەچاوی تێچوو و ســوودە راســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆی ئابوورییەکانی پرۆژەکە بکات. لە سەر بنەمای ئەمە، پێویستە لێکۆڵینەوەی کەڵک شیکاری تێچوو و ســوودی ئـابووری تێـدا بێـت، بە بەکـارهێنـانی پێوەری تێکڕای داهـاتی ئـابووری نـاوخۆیی (معدّل العائد الاقتصــادي الداخلي - economic internal rate of return)، هەروەها پێوەری بەهای پەتی ئابووری هەنوکەیی (القيمة الاقتصــادية الحالية الصــافية - economic net present value)، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە ئەگەر پرۆژەکە کاریگەری ئابووری لەسەر کۆی کۆمەڵگە هەبێت.

**یـازدەیەم**: شــیکاری دارایی و نموونەکاری (Financial Analysis and Modelling): پێویســتە لێکۆڵینەوەی کەڵک شــیکاری ئابووری و نموونەکاری دارایی (النمذجة المالية)ی تێدا بێت بۆ پرۆژەکە و رووماڵی هەموو لایەنە داراییەکانی پرۆژەکە بکات وەک: پێداویســتییە داراییەکانی پرۆژە، ســەرچاوە داراییەکانی پرۆژە، پێداویستییەکانی داراییکردنی پرۆژە، پێداویستییەکانی داهات، ســەرچاوەکانی داهات و شــیکاری گونجاویی تێچوو. لەســەر بنەمای شــیکاری دارایی، بڕیاردەدرێت لە گونجاویی پرۆژەکە لەڕووی بانکگوزارییەوە (Bankability).

**دوازدەیەم**: هەڵسـەنگاندنی مەترسییەکان و دابەشکردنی مەترسییەکان: وەک بەشێک لە لێکۆڵینەوەی کەڵک، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەستنیشان و تۆماری مەترسییە شیاوەکان بکات، کە پەیوەستن بە پرۆژەی پێشنیارکراو. بۆ هەر مەترسییەکی دەستنیشانکراوی پرۆژەکە، پێویستە دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن دیاری بکات ئەگەر مەترسـییەکە دەگوێزرێتەوە بۆ هاوبەشـی تایبەت، لەئەسـتۆی دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن دەمێنێتەوە، یان هاوبەشـی دەکرێت لەنێوان هاوبەشـی تایبەت و دەســەڵاتی گرێبەســتکردن.لەســەر بنەمای ئەم مەترســییە دەســتنیشــانکراوانە و دابەشــکردنی هەر یەکێک لە مەترســییەکان، پێویســتە دەســەڵاتی گرێبەســتکردن نەخشــەی دابەشـکردنی مەترسـییەکان ئامادەبکات، کە پوختەیەک دابین دەکات لەسـەر هەموو مەترسـییە پەیوەستەکان بە پرۆژەکە، پێناسەی هەر مەترسییەک دەکات و پێشنیاری گواستنەوە، هێشتنەوە یان هاوبەشیکردنی مەترسییەکە دەکات. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن دڵنیایی بکات لەوەی لێکۆڵینەوەکە نەخشــەی مەترســییەکانی پرۆژە (Project Risk Matrix)ی تێدایە، بەمەرجێک پســپۆڕێک هەڵســەنگاندنی بۆ کردبێت و بە بڕ و چەندێتی (بە زمانی ژمارە) ئاماژە دەدات بە بەرپرسـیارێتییە پەیوەسـتەکان بە رێکخسـتنی پێشـنیارکراوی پرۆژە و راسـپاردەکردن لەسـەر چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەم بەرپرسیارێتییانە و پێداویستییەکانی داراییکردن.

**سێزدەیەم**: بژاردەکانی گرێبەستکردن و شیکاری پەیکەری هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت:
پێویسـتە لێکۆڵینەوەی کەڵک هەڵسـەنگاندن بکات بۆ بژاردە جیاوازەکانی گرێبەسـتکردن و پەیکەربەندیی پڕۆژەکە، لە ئەنجامدا راسـپاردە پێشـکەش بکات لەسـەر بژاردەی پەسـەندکراو. پێویستە بەراوردکاری بکرێت لەنێوان بژاردەی گرێبەستکردنی ئاسایی و بژاردەیەک یان زیاتری گرێبەستکردنی هاوبەشی. پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ هەر بژاردەیەک بکرێت بەپێی پێوەرەکانی وەک بەها بەرامبەر پارە، تێچوو شـیاویی (بۆ بەکارهێنەران و کەرتی گشـتی)، کاریگەری دارایی، کاریگەری لە سەر قەرزکردنی کەرتی گشتی و هەر پابەندییەکی دارایی لەناکاو، هەروەها توانای دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە و تێڕامانی بەرایی لە خواسـتی بازاڕ و ئامادەباشیی وەبەرهێنەران و کۆمپانیا شیاوەکان.

**چواردەیەم**: مەرجەکانی رێککەوتنی پڕۆژە: لە سەر بنەمای پەیکەری پەیڕەوکراو بۆ هاوبەشی، پێویستە سـەردێڕی مەرجە سـەرەکییەکانی رێککەوتنی پڕۆژە ئامادەبکرێن، لەگەڵ روونکردنەوەی ئەرک و بەرپرسـیارێتییە سـەرەکییەکانی لایەنەکان و دیاریکردنی رێکاری پارەدان. پێویسـتە ئەم سەردێڕانەی مەرجەکانی رێککەوتن بکرێنە بەشێک لە پەراوی مەرجەکانی رێککەوتنی پڕۆژە.

**پازدەیەم**: خشـتەی کاتی جێبەجێکردنی پڕۆژە: پێویسـتە دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن خشـتەی کاتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە ئامادەبکات و ئەرک و بەرپرسـیارێتییە سـەرەکییەکانی لایەنی گشـتی و تایبەت دیاری بکات لەگەڵ کات و ماوەی بەدیهێنانی ئەنجامەکان. پێویسـتە دەسـەڵاتی گرێبەستکردن پاڵپشتی خشتەی کاتی جێبەجێکردن بکات:

أ- روونکردنەوەی رێکارە پەیڕەوکراوەکان لەلایەن دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن بۆ مەبەسـتی دڵنیایی کردن لەوەی سـەرچاوەی مرۆیی و دارایی پێویسـت بەردەسـت دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسـەی گرێبەستکردن.

ب- روونکردنەوەی رێکارە پەیڕەوکراوەکان لەلایەن دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن بۆ مەبەسـتی دڵنیایی کردن لەوەی خواستی پێویست هەیە لە سەر پڕۆژەکە.

**ماددەی (٢٥):**

**راوێژکاری گرێبەسـتکردن** (Transaction Advisors): پاش وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشـی، بەڕێوەبەری پڕۆژە ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کەڵکی هەمەلایەن بۆ پڕۆژەکە. دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت راوێژکاری گرێبەستکردن دیاری بکات بۆ پاڵپشتیکردنی بەڕێوەبەری پڕۆژە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کەڵک. پێویسـتە راوێژکاری گرێبەسـتکردن دیاری بکرێت بەپێی رێکارە کێبڕکێکارەکانی گرێبەسـتکردن لەگەڵ راوێژکار یان کۆمپانیای راوێژکاریی و

بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦. ئەگەر دەسەڵاتی گرێبە ستکردن ڕاوێژکاری گرێبە ستکردنی دیاری نەکرد بۆ مەبە ستی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی کەڵک، دەتوانێت بۆ قۆناغی گرێبەستکردن ڕاوێژکارێک دیاری بکات. دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت ڕاوێژکاری گرێبەستکردن یان پسپۆڕ و ڕاوێژکاری تر بەکاربخات، وەک پارێزەر، پسپۆڕی شیکاری دارایی، ئابووریناس، کۆمەڵناس و پسپۆڕی کەرتەکە، بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوبەشی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو. ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی ڕاوێژکاری گرێبەستکردن ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم**: داڕشتن و ئامادەکردنی وردەکاری کارە دارایی، تەکنیکی، ئابووری، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و یاساییەکان، کە پێویستن بۆ ئامادەکردنی ڕێککەوتنی هاوبەشیی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.

**دووەم**: تەواوکردنی لێکۆڵینەوەی کەڵک بەشێوەیەک کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن تواناداربکات بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**سێیەم**: پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتی گرێبەستکردن لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەی کەڵک و بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە لەلایەن لیژنەی تەکنیکییەوە.

**چوارەم**: ئامادەکردن و جێبەجێکردنی پرۆسەی گرێبەستکردنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت، وەک ئامادەکردنی هەموو دۆکۆمێنتە پێویستەکان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بتوانێت ڕەزامەندی وەربگرێت و بچێتە قۆناغی داهاتوو.

**پێنجەم**: ئەگەر پێویستی کرد، هاوکاری پێشکەش بکات بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەمیانەی پرۆسەی بەڕێوەبردنی ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت، پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، بەتایبەت لە قۆناغی بونیاتنانی پرۆژەکە و لە ساڵانی یەکەمی جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

**ماددەی (٢٦):**

**ئەنجامدانی پێداچوونەوە تەکنیکییەکان و پێداچوونەوە هاوتەریبەکان:** پاش ئەوەی ڕاوێژکاری گرێبەستکردن ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەڵکی پێشکەش کرد بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بینێرێت بۆ یەکەی هاوبەشی. پێویستە یەکەی هاوبەشی پێداچوونەوە بکات بۆ لێکۆڵینەوەی کەڵک و پشکنین بکات بۆ تەواویی و دروستی و لە ماوەی (٥) پێنج ڕۆژدا پێشکەشی بکات بە لیژنەی تەکنیکی بۆ شیکردنەوەی ورد، پێویستە لیژنەی تەکنیکی لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا ڕاسپاردەکانی خۆی پێشکەش بکات بە یەکەی هاوبەشی. پاش وەرگرتنەوەی لێکۆڵینەوەی کەڵک لە لیژنەی تەکنیکی، پێویستە یەکەی هاوبەشی لەماوەی (٥) پێنج ڕۆژدا پێداچوونەوە بکات بنێرێت بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان بۆ پێداچوونەوەی هاوتەریب.

**ماددەی (٢٧):**

**پێداچوونەوەی لێکۆڵینەوەی کەڵک لەلایەن لیژنەی تەکنیکی**

Review of Feasibility Study by Technical Committee

دەسەڵاتی گرێبەستکردن، بەراوێژ لەگەڵ یەکەی هاوبەشی، لیژنەی تەکنیکی پێکدەهێنێت. پێداچوونەوەی لیژنەی تەکنیکی بۆ لێکۆڵینەوەی کەلک دەبێتە بەشێک لە بەڵگەنامەکانی پرۆژەی هاوبەشی، کە یەکەی هاوبەشی پێشکەشکی دەکات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، بۆ مەبەستی رەزامەندیی کۆتایی لەسەر گرێبەستکردن. بوارەکانی پێداچوونەوەی لیژنەی تەکنیکی ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم**: مەودا و چوارچێوەی پرۆژە.

**دووەم**: هەڵبژاردنی پەیکەری پرۆژە.

**سێیەم**: ئەرکی لایەنەکان.

**چوارەم**: دەستنیشانکردنی مەترسییەکان و رێکارەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکان.

**پێنجەم**: گونجاویی دارایی و خەمڵاندنەکان بۆ قازانجی پرۆژە.

**شەشەم**: شیکاری بەها بەرامبەر پارە.

**حەفتەم**: رێککەوتە گرێبەستکارییە پێشنیار کراوەکان.

**هەشتەم**: ستراتیژی گرێبەستکردن و پێوەرەکانی شایستەیی.

**ماددەی (٢٨):**

**پێداچوونەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری** Review by Ministry of Finance and Economy

پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەماوەی (١٥) پانزە رۆژ پاش وەرگرتنی لە یەکەی هاوبەشی، پێداچوونەوە ئەنجام بدات بۆ راپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەڵک و راسپاردەکانی لیژنەی تەکنیکی. نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرنجی خۆی پێشکەش دەکات لەسەر پابەندییە داراییەکان و بەرپرسیارێتییە داراییە لەناکاوەکانی پەیوەست بە پرۆژەکە، هەروەها سەرنج پێشکەش دەکات لە سەر شیاویی تێچووی پرۆژەکە و راسپاردە پێشکەش دەکات لە سەر ئاستێکی شیاو بۆ پابەندییە داراییە راستەوخۆکان و بەرپرسیارێتییە داراییە لەناکاوەکان. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەمانە پێشکەش بکات:

**یەکەم**: هەڵسەنگاندنی ئابووری: مۆدێلی سیولەی نەختینە، کە ئەم پێکهاتانە لەخۆبگرێت و بتوانرێت بەپێی رێژەی داهاتی ناوخۆیی (Internal Rate of Return) هەژماربکرێت: - تێچووەکانی پرۆژە (وەبەرهێنان، بەکارخستن و چاککردنەوە ( صيانة)) – داهات لە ئەنجامی پارەدانی بەکارهێنەران و پارەدانی حکومەت – پوکانەوە (اهلاک) (Depreciation) – ئەنجامەکان پێش و پاش باج – گریمانە بنەڕەتییەکان بەرەچاوکردنی مۆدێلی سیولەی نەختینە.

**دووەم**: هەڵسەنگاندن (نرخاندن)ی دارایی: مۆدێلی سیولەی نەختینە بە بەکارهێنانی هەمان داتاکانی هەڵسەنگاندنی پەتیی پرۆژە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەش: تێچووە داراییەکان – پارەدانی قەرز. ئەم مۆدێلە کۆمەڵێک پێوەری تێدایە کە پێویستە لە بازاڕی دارایی وەربگیرێن: تێچووی پشک، قەرز و ئامرازە بانکییەکانی تر، مەرجەکان کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕێژەی نوێی سوود لەسەر قەرز، هەروەها بابەتی پەیوەندیدار بە حکومەت وەک: مەرجی کەمترین پشکداری، ماوەی پشک، دابینکردنی پاڵپشتی و گەرەنتی وەک گەرەنتی داهات، گەرەنتیکردنی خواست، گەرەنتی قەرز، پارەدان بەپێی بەردەستبوون و هیتر، کە لەوانەیە کاریگەرییان هەبێت لەسەر تێچووەکان. هەڵسەنگاندنی مەترسییە داراییەکان لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەمانە لەخۆدەگرێت:

أ- پێداچوونەوەی نەخشەی مەترسی پرۆژە، کە پێشتر لەلایەن پسپۆڕەوە هەڵسەنگێنراوە، بایەخدان بە ئەگەرەکان، کات و کاریگەری ڕووداوەکانی پرۆژە کە پەیوەستن بە هەر یەکێک لە مەترسییە دیاریکراوەکان. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن، بۆ هەر پرۆژەیەک نەخشەی مەترسییەکانی پرۆژە پێشکەش بکات، کە ئەم زانیارییانە لەخۆبگرێت: مەترسیەکە و ڕوونکردنەوەی، مەزەندەی پسپۆڕ بۆ ئەگەری ڕوودانی مەترسیەکە بەپێی ڕێژەی سەدیی بناغە (قاعدة – Base) , بناغە یان برەکە؛ شیاوترین کاتی ئەگەری ڕوودانی مەترسییەکە، تێچووی مەترسییەکە بەپێی بەهای پەتیی هەنووکەیی (NPV)، دابەشکردنی مەترسییەکان لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت بەپێی بەهای پەتیی هەنووکەیی، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییە دیاریکراوەکان.

ب- پێویستە یەکەی بەرپرس لە قەرز لە وەزارەتی دارایی و ئابووری پێداچوونەوە بکات بۆ هەڵسەنگاندنی گەرەنتییەکان و هەژمارکردنی پارەدان و تەرخانکردنە خەملێنراوەکان. پێویستە یەکەی بەرپرس لە قەرز، لەڕوانگەی ئەولەویەتەکان/ئاستەنگەکانی بودجەوە، پشکنین بکات بۆ بەردەستبوونی گوژمەی گونجاو بەپێی پێداویستییەکانی پرۆژە بۆ داراییکردن یان پاڵپشتی تری حکومەت. ئەگەر وەزارەتی دارایی و ئابووری زانی مەترسییەکانی پرۆژەکە گونجاون، راسپاردەکانی خۆی پێشکەش دەکات لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویست سەبارەت بەو پێوەرانەی لەسەرەوە باسکران، پاشان دەیگەڕێنێتەوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی. بەپێچەوانەوە، وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت داوای زانیاری زیاتر بکات، یان بگاتە ئەو ئەنجامەی کە پرۆژەی پێشنیارکراوی هاوبەشی، بەو شێوەی پەیکەربەندیی کراوە، لەوانەیە ببێتە هۆی دروستکردنی کاریگەریی دارایی کە حکومەت نەتوانێت لەئەستۆی بگرێت، یان لەوانەیە پێشنیاری ڕێکخستنەوەی پەیکەری دابەشکردنی مەترسییەکان بکات، بۆ ئەوەی کاریگەریی ئاکامە داراییەکان کەم بکاتەوە، یان لەوانەیە بڕیار بدات کە پێشنیارەکە گونجاو نییە لەبەر هۆکاری تر.

**ماددەی (٢٩):**

**پێداچوونەوەی دەستەی وەبەرهێنان** Review by Board of Investment

پێویستە لەماوەی (&٥ پانزە رۆژدا پاش وەرگرتنی بە ستەی پرۆژە، کە پێکدێت لە لێکۆڵینەوەی کەڵک و هەڵسەنگاندنی لیژنەی تەکنیکی، دە ستەی وەبەرهێنان پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بکات، لە سەر بنەمای کاریگەری ستراتیژی و بەهای وەبەرهێنانەکە، هەروەها کاریگەری شیاوی پرۆژەی پێشنیار کراو لەسەر راکێشانی وەبەرهێنانی زیاتری لەم جۆرە بۆ کەرتەکە و بۆ هەرێمی کوردستان. پێویستە دە ستەی وەبەرهێنان بۆچوونی خۆی پێشکەش بکات لە سەر ئا سانکاری و هاندەر و لێخۆ شبوونەکان کە بەردەست دەبن بۆ وەبەرهێنەران، هەروەها لەسەر جۆری مۆڵەتە پێویستەکان، هتد... واتا ئەو زانیارییانەی پێویستە بکرێنە بەشێک لە بەڵگەنامەکان داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر.

**ماددەی (٣٠):**

**کات و ماوەکان بۆ رەزامەندی و پەسەندکردنی ئامادەکارییەکانی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت** Timelines for Approval in PPP Preparation: ئەو دامەزراوانەی هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ لێکۆڵینەوەی کەڵکی هەمەلایەن، پێویستە پابەندبن بەم خشتەی کات و ماوە دیاریکراوانە:

**یەکەم**: ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی پێداچوونەوە دەکات بۆ بەڵگەنامەی کارنامەی پرۆژە و پشکنینی بەرایی و بڕیاردان لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت یان ناتوانێت پرۆژەکە بەشێوەی هاوبەشی جێبەجێ بکات، ئەمەش لە ماوەی (٣٠) سی رۆژدا لە رۆژی وەرگرتنی کۆمەڵەی پێشنیارەکان کە لە لایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی کە پێشکەش دەکرێت لەلایەن یەکەی هاوبەشیەوە.

**دووەم**: پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن راوێژکاری گرێبەستکردن بەکاربخات و داوایان لێبکات لێکۆڵینەوەی کەڵک تەواو بکەن لەماوەیەکدا کە زیاتر نەبێت لە (١٠) دە مانگ لە رۆژی وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**سێیەم**: پێویستە یەکەی هاوبەشی پشکنین بکات بۆ دروستی و تەواویی راپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەڵک و بینێرێت بۆ لیژنەی تەکنیکی لە ماوەی (٥) پێنج رۆژ لە رێکەوتی پێشکەشکردنی راپۆرتەکە لەلایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردن بە یەکەی هاوبەشی.

**چوارەم**: پێویستە لیژنەی تەکنیکی هەڵسەنگاندن بکات بۆ راپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەڵک لەماوەی (١٥) پانزە رۆژ پاش وەرگرتنی و پێشکەشی بکات بە یەکەی هاوبەشی؛ ئەویش بەستەیەک ئامادە دەکات کە پێکدێت لە راپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەڵک و هەڵسەنگاندنەکانی لیژنەی تەکنیکی و پێشکەشی دەکات بە وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان بۆ پێداچوونەوەی هاوتەریب لەماوەی (٥) پێنج رۆژدا.

**پێنجەم**: پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان، هەڵسەنگاندنی خۆیان و ڕاسپاردەکانیان لەسەر بەردەوامبوون یان بەردەوامنەبوون بەرەو قۆناغی گرێبەستکردن، لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا تەواوبکەن لە ڕێکەوتی گەیشتنی بەستەی دۆکۆمێنتە پێشکەشکراوەکان لەلایەن یەکەی هاوبەشی، و نەگەیشتنی وەڵام بە یەکەی هاوبەشی لە ماوەی دیاریکراودا، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم لایەنانە لاریان نییە لەسەر ئەو بەستەی پڕۆژەیەی بۆیان نێردراوە.

**شەشەم**: پێویستە یەکەی هاوبەشی لەماوەی (٥) پێنج ڕۆژدا بەستەی بەڵگەنامەکان، کە لێکۆڵینەوەی کەڵک و پێداچوونەوەی لیژنەی تەکنیکی و پێداچوونەوەی هاوتەریبی وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان لەخۆدەگرێت، پێشکەش بکات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی و داوای گرێدانی کۆبوونەوەی بڕیاردانی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بکات لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتنی وەرگرتنی بەستەکەوە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**حەفتەم**: پێویستە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لە کۆبوونەوەی بڕیاردان، بڕیاری کۆتایی بدات لەسەر بەردەوامبوون یان بەردەوامنەبوون بەرەو قۆناغی گرێبەستکردن.

**ماددەی (٣١):**

**ئامادەکردنی بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە Preparation of Bid Documents**

پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لەسەر لێکۆڵینەوەی کەڵک، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە و ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت ئامادەبکات. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پاش ئامادەکردنی بەڵگەنامەکان، پێشکەشیان بکات بە یەکەی هاوبەشی بۆ پێداچوونەوە. پێویستە کۆمەڵێک بڕیاری گرنگ بدرێت لەلایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە لەمیانەی پرۆسەی کەمکردنەوە و هەڵبژاردنی پێشکەشکاری تەندەر. لیستی ئەم بڕیارانە و بەڵگەنامە پاڵپشتەکان لە پاشکۆی (٤)ی ئەم ڕێنماییەدا هەیە. پێویستە بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە پێکبێت لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم**: پلانی پرۆسەی گرێبەستکردن.

**دووەم**: داواکاری بۆ شیاندن (RFQ) .

**سێیەم**: یاداشتی زانیاری پڕۆژە (Project Information Memorandum (PIM)) .

**چوارەم**: ڕەشنووسی ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.

**پێنجەم**: بەشداری دارایی یان جۆری تری پاڵپشتی چاوەڕوانکراوی حکومەت – دۆکۆمێنتێک بۆ ڕوونکردنەوەی هەر بەشدارییەکی دارایی، گەرەنتی، یان پاڵپشتی تری حکومەت بۆ پڕۆژەکە.

**شەشەم**: پاشکۆ تەکنیکیە پەیوەندیدارەکان – زانیاری تەکنیکی زیاتر و وردەکاری و زانیاری تر لە سەر پڕۆژەی هاوبەشی، کە بەردەست دەبن بۆ کۆمپانیاکان.

**ماددەی (٣٢):**

**داواکاری بۆ شیاندن** (Issuance of Request for Qualifications (RFQ))

پاش وەرگرتنی رەزامەندیی لیژنەی تەکنیکی لەسەر بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بانگهێشتی داواکاری بۆ شیاندن بکات، لەماوەی (٥) پێنج رۆژدا پاش وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی. راگەیاندنی زانیاری لەسەر داواکاری بۆ شیاندن وبڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی داواکاری بۆ شیاندن، پێویستە لەسەر بنەمای پلانی گرێبەستکردن بن، کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئامادەی کردووە. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ماوەی (١٥) پانزە رۆژ دەرفەت بدات بە پێشکەشکارانی تەندەر بۆ پێشکەشکردنی شیاندن. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بانگەواز (ریکلام) بکات بۆ داواکاری بۆ شیاندن بە شێوەی بانگەوازی گرێبەستکردن و پەیوەندییەکان لەگەڵ پێشکەشکارانی تەندەر بەم شێوەیەی خوارەوە بەرێوەببات:

**یەکەم**: دەبێت بانگەواز بڵاوبکرێتەوە، بەلای کەمەوە، لە یەک رۆژنامەی گشتی و بەربڵاو لە هەرێمی کوردستان.

**دووەم**: دەبێت بانگەواز بڵاوبکرێتەوە لەهەر رۆژنامەیەکی نێودەوڵەتی، ئەگەر پێویستی کرد.

**سێیەم**: پێویستە بانگەواز بڵاوبکرێتەوە لە وێبسایتی دەسەڵاتی گرێبەستکردن.

**چوارەم**: هاوکات، دەکرێت بانگەواز بکرێت لە گۆڤاری تەکنیکی یان بڵاوکراوەی بازرگانی ناسراو. پێویستە بانگەوازی داواکاری بۆ شیاندن هاوکات بێت لەگەڵ بانگەوازەکە لە رۆژنامەی ناوخۆیی و لەسەر وێبسایتی دەسەڵاتی گرێبەستکردن و کاتی گونجاو بدرێت بە پێشکەشکارانی تەندەر تا بتوانن بەڵگەنامەکانی داواکاری بۆ شیاندن دەستبخەن و خۆیان ئامادەبکەن و وەڵامەکانیان پێشکەش بکەن.

**پێنجەم**: پێویستە بانگەواز لە وێبسایتی ئەلەکترۆنی (dgMarket)ی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەست بە گرێبەستکردنە گشتییەکان بڵاوبکرێتەوە.

**شەشەم**: پێویستە بانگەواز لە وێبسایتی گرێبەستکردنە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، پاش کارابوونی وێبسایتەکە.

**حەفتەم**: پێویستە ئەم بانگەوازانە داوا لە لایەنی خوازیار بکەن کۆپی بەڵگەنامەی داواکاری بۆ شیاندن لە دەسەڵاتی گرێبەستکردن وەربگرن و/یان لە وێبسایتەکە دایبەزێنن.

**هەشتەم**: پێویستە داواکاری بۆ شیاندن پێناسەیەکی کورتی پرۆژەکەی تێدابێت لەگەڵ جۆری رێکخستنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت، پێوەرە پەیرەوکراوەکان بۆ شیاندنی پێشوەختی پێشکەشکارانی تەندەر، خەسڵەت و توانا تەکنیکییە داواکراوەکان، مەرجە داراییەکان، ئەزمونی پرۆژە و پابەندبوون بە یاساکانی هەرێمی کوردستان؛ پێویستە داواکاری بۆ

شیاندن ئاماژەبدات بە هەر سنوورداریيەک لە سەر ژمارەی پێشکە شکارانی تەندەر کە بانگهێشت دەکرێن بۆ پێشکەشکردنی تەندەرەکانیان، ئاماژەدان بە بڕوانامە، مۆڵەت، بەڵگەنامە و بەڵگەنامەی پێویست بۆ پێشکەشکردن لەلایەن پێشکەشکاری تەندەری خوازیار، ئاماژەدان بە زمانی پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان، شێوازی پێشکەشکردن، شوێن و دوا کات بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان (فۆرمی داواکاری بۆ شیاندن لە پاشکۆی (٤ أ)ی ئەم رێنماییە هەیە).

**نۆیەم**: هاوکات دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت کۆبوونەوەی روونکردنەوە گرێبدات بۆ پێشکەشکارانی تەندەری شیاو، بەمەبەستی ناساندنی پڕۆژەی هاوبەشی و دروستکردنی پەرۆشیی لای کەرتی تایبەت. نابێت ئەم کۆبوونەوە گشتیانە هیچ زانیارییەک دابین بکەن کە لە بەڵگەنامەکانی داواکاری بۆ شیاندندا نەبێت.

**دەیەم**: پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن داواکاری پێشکەشکاری خوازیار بۆ روونکردنەوە قبوڵ بکات، کە گەیشتوون بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن (٧) حەوت رۆژ پێش دوا وادە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ شیاندنی پێشوەختە. پێویستە وەڵامی دە سەڵاتی گرێبە ستکردن لەماوەی (٣) سێ رۆژی کارکردندا بدرێتەوە، بۆ ئەوەی پێشکەشکارانی تەندەر بتوانن داواکاری بۆ شیاندنی پێشوەختە لەکاتی گونجاودا پێشکەش بکەن. پێویستە وەڵامی هەر داواکارییەک، ئاماژە بدات بە سەرچاوەی داواکارییەکە و پێویستە بدرێت بە هەموو پێشکەشکارانی تەندەر، کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەڵگەنامەی داواکاری شیاندنی بۆ ناردوون.

**یازدەیەم**: هاوکات دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت هەموو ئەم روونکردنەوانە لە وێبسایتی خۆی بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان دەستیان پێی بگات، بەشێوەیەکی ئاسانتر و دادپەروەرتر.

**دوازدەیەم**: ئەگەر پێویستی کرد، دە سەڵاتی گرێبە ستکردن دەتوانێت رەچاوی رێکخستنی کۆنفرانسی پێش-کەمکردنەوە بکات، کە تێیدا پرسە وروژێنراوەکان لەلایەن پێشکەشکارانی تەندەرەوە گوێیان لێدەگیرێت و چارە سەر دەکرێن. بەڵام، پێویستە ئەم چالاکییە سەرباری ناردنی نووسراو بێت بۆ پێشکەشکارانی تەندەر، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا.

**سێزدەیەم**: دە سەڵاتی گرێبە ستکردن دەتوانێت دەرفەت بدات بە کۆمپانیا خوازیارەکان، یەکێتی دارایی بۆ مەبەستی پێشکەشکردنی تە ندەر پێکبهێنن، هەر ئە ندامێکی یەکێتی دارایی کە ئۆفەر پێشکەش دەکات بەرپرسیارێتی یاسایی هاوبەش و بەکۆمەڵی هەیە پەیوەست بە بەرپرسیارێتییەکانی یەکێتی دارایی وەک یەک پێشکەشکاری تەندەر، هەروەها پێویستە ئۆفەری یەکێتی دارایی بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٣٧) لە رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ هەڵبسەنگێنرێت.

**ماددەی (٣٣):**

**هەڵسەنگاندنی داواکاری بۆ شیاندن** Evaluation of RFQ applications

پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن هەڵسەنگاندن بکات بۆ داواکارییەکانی شیاندن و لیستی پوخت (شۆرت لیست)ی پێشکەشکاری شیاو ئامادەبکات. پێویستە وەڵامە وەرگیراوەکان بۆ بەڵگەنامەی داواکاری بۆ شیاندن، لەسەر بنەمای پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی دیاریکراو بێت کە لە بەڵگەنامەی داواکاری بۆ شیاندن دەقیان لەسەر کراوە و بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت:

**یەکەم**: پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لیستی پوختی پێشکەشکارانی تەندەر لەگەڵ راپۆرتێکی پوخت لەسەر پرۆسەی هەڵسەنگاندن پێشکەش بکات بە لیژنەی تەکنیکی بۆ مەبەستی پێداچوونەوە و پێشکەشکردنی راسپاردەکانی بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**دووەم**: پێویستە لیژنەی تەکنیکی پێداچوونەوە بکات بۆ لیستی پوختی پێشکەشکارانی داواکاری بۆ شیاندن، لەسەر بنەمای ئەوە راسپاردەکانی پێشکەش بکات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**سێیەم**: لیژنەی تەکنیکی لیستی پوختی پێشکەشکارانی تەندەر و راپۆرتی پوختی دەسەڵاتی گرێبەستکردن و راسپاردەکانی خۆی پێشکەش دەکات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بۆ پەسەندکردنی کۆتا لیستی پوخت.

**چوارەم**: لەسەر بنەمای راسپاردەکانی لیژنەی تەکنیکی، ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، لەماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رێکەوتی کۆتا وادە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ شیاندن، رەزامەندی دەدات لەسەر کۆتا لیستی پوختی پێشکەشکارانی تەندەر کە بانگهێشت دەکرێن بۆ پێشکەشکردنی تەندەر.

**پێنجەم**: هەر ئەندامێکی یەکێتی دارایی دەتوانێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەشداری بکات تەنها لە یەک تەندەری پێشکەشکراو لەلایەن یەکێتیە داراییەکە، نەک لە ئۆفەری تری پێشکەشکراو بۆ هەمان پرۆژە، پێشێلکردنی ئەم رێسایە دەبێتە هۆی بەرکەنارکردن (disqualification)ی یەکێتیە داراییەکە و هەموو ئەندامەکانی و رەتکردنەوەی هەموو ئۆفەرە دووبارەکانی بەشداران؛ بەڵام ئەم رێسایە رێگری ناکات لەوەی تاکەکەس یان کۆمپانیا بەڵێندەری لاوەکی بێت لە زیاتر لە ئۆفەرێکدا.

**شەشەم**: لەکاتی رەچاوکردنی شیاندنی تەندەری پێشکەشکراو لەلایەن یەکێتی دارایی، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن رەچاوی توانا و سەرمایە یەکخراوەکانی ئەندامانی یەکێتی دارایی بکات و هەڵسەنگاندن بکات بۆ گونجاویی کارامەییە یەکخراوەکانی ئەندامانی یەکێتییەکە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەموو قۆناغەکانی پرۆژەکە و بەپێی مەرجەکانی کارامەیی دیاریکراو لە بانگەوازەکەدا.

**ماددەی (٣٤):**

**دەرکردنی بەڵگەنامەی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر Issuance of RFP document**

لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ پاش رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر بنێرێت بۆ پێشکەشکارانی تەندەری لیستی پوخت (شۆرت لیست)ی قۆناغی داواکاری بۆ شیاندن. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ پێشکەشکارانی تەندەر، کە شیاندنی پێشوەختیان بۆ کراوە، دادوەرانە و بە شەفافی ئەنجام بدات.

**یەکەم:** پێویستە داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر بەلای کەمەوە لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ پێش ڕێکخستنی کۆنفرانسی ناچارەکیی پێشکەشکارانی تەندەر بنێردرێت بۆ هەموو پێشکەشکارانی تەندەر کە شیاندنی پێشوەختیان بۆ کراوە. پێویستە بانگەوازەکە ئاماژەبدات بە مەرجەکانی وەرگرتنی بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە، ڕێکەوت و دوا وادە و شوێنی پێشکەشکردنی تەندەرەکان لەلایەن پێشکەشکارانی تەندەر، هەروەها بۆ کردنەوەی تەندەر.

**دووەم:** ئەو داواکارانەی لە پرۆسەی شیاندنی پێشوەخت سەرکەوتوو نەبوون، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئاگاداریان بکاتەوە، لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا پاش وەرگرتنی رەزامەندییە پێویستەکان لەسەر شیاندنی پێشوەخت. تەنها پێشکەشکارانی تەندەری سەرکەوتوو لە شیاندنی پێشوەخت مافی بەشداریکردنیان هەیە لە ڕێکارەکانی تری گرێبەستکردن.

**سێیەم:** داواکاران دەتوانن داوای دووبارە رەچاوکردنەوە بکەن تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لیستی پوختی پێشکەشکارانی تەندەر پەسەند دەکات. هاوکات پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن، لەسەر داوای پێشکەشکاری تەندەر، ئاماژەبدات بە بنەماکانی سەرنەکەوتنی پێشکەشکاری تەندەر لە پرۆسەی شیاندنی پێشوەخت. بەڵام دەسەڵاتی گرێبەستکردن ناچار نییە بەڵگە دابین بکات، یان هۆکار بدات بۆ ئەو بنەمایانە.

**چوارەم:** پاش کۆ تا وادەی پێشکەشکردنی تەندەر، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ناوی پێشکەشکارانی تەندەر کە کۆتا تەندەریان پێشکەشکردوە، لەسەر داوای هاووڵاتی بەردەستبخات و لە وێبسایتی خۆی بڵاویان بکاتەوە.

**ماددەی (٣٥):**

**ناوەڕۆکی بەڵگەنامەی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر Content of RFP document**

پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن وادەی (١٥٠) سەد و پەنجا ڕۆژ بدات بە پێشکەشکارانی تەندەری هەڵبژێردراو بۆ ئامادەکردنی تەندەرەکانیان. بەڵگەنامەی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر پێویستە بەلای کەمەوە ئەم زانیارییانە لەخۆبگرێت (فۆرمی گونجاو لە پاشکۆی (٤ب)ی ئەم ڕێنماییەدا هەیە):

**یەکەم:** زانیاری تەواو بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن.

**دووەم**: پێناسە و روونکردنەوەی پرۆژە، لەگەڵ نیشاندەرەکانی ئەدای تەکنیکی، ئاستەکانی خزمەتگوزاری، کات و ماوە و شوێنی جێبەجێکردن، مەرجەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن سەبارەت بە ستانداردەکانی سەلامەتی و پاراستنی ژینگە.

**سێیەم**: ئاستی پاڵپشتی دارایی کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئامادەیە پێشکەشی بکات، وەک گەرەنتی، پارەدانی راستەوخۆ لە قۆناغەکانی بونیاتنانی پرۆژەکە، پاڵپشتیی (دعم) و هەر جۆرە داراییکردنێکی تر.

**چوارەم**: رەشنووسی رێککەوتنی هاوبەشی و ئاماژەدان بەوەی کە رەشنووسی رێککەوتنەکە جێگەی گفتوگۆیە و کۆتا رەشنووس دەدرێت بە هەموو پێشکەشکارانی تەندەر پێش دوا وادەی پێشکەشکردنی تەندەر.

**پێنجەم**: پێویستە رەشنووسی رێککەوتنی هاوبەشی ئەمانە دیاری بکات:

أ- ماوەی پێویست بۆ واژۆکردنی رێککەوتنی هاوبەشی لەلایەن پێشکەشکاری تەندەری خوازراو، پاش سپاردنی گرێبەستەکە.

ب- پێشمەرجە دیاریکراوەکان بۆ واژۆکردنی رێککەوتنی هاوبەشی، وەک جۆری دڵنیایی و گەرەنتی داواکراو لەلایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە. پێکهێنانی کۆمپانیای پرۆژە، هەروەها ماوەی پێویست بۆ کارابوونی رێککەوتنی دارایی پاش واژۆکردنی رێککەوتنی هاوبەشی.

**شەشەم**: پێویستە رەشنووسی رێککەوتنی هاوبەشی ئاماژەبدات بە رێگەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی کاتی جێبەجێکردن، وەک رێگەی دۆستانە (الوسائل الودية) وەک گفتوگۆی راستەوخۆ یان نێوەندگیری لایەنی سێیەم یاخود لە رێگەی تەحکیم و یان پەنابردن بۆ دادگا، هەروەها پێویستە ئاماژەبدات بە دامەزراوە، شوێن و یاسای پیادەکراو.

**حەفتەم**: پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و نمرەدانان بۆ هەر پێوەرێک یان دابڕکاری (عتبة - Thresholds) بۆ کواڵیتی، لە بوارە تەکنیکی و داراییەکان؛ ئەو ئۆفەرانەی ناتوانن بگەنە ئاستی دابڕکاری، وەک وەڵامنەدەرەوە هەژمار دەکرێن و رەتدەکرێنەوە.

**هەشتەم**: پێویستە داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر، پێشنیار بکات، ئەگەر گونجا پێشکەشکارانی تەندەر لەسەر بەرپرسیارێتی و تێچووی خۆیان سەردانی مەیدانی و پشکنینی شوێنی پرۆژەکە ئەنجام بدەن.

**نۆیەم**: ئاماژەدان بە کلێشە و شێوازی خوازراو، کاتە پەیوەندیدارەکان و جۆری پێشکەشکردنی ئۆفەر و پێویستی پێشکەشکردنی ئۆفەری تەکنیکی و دارایی لە دوو زەرفی جیاوازدا.

**ماددەی (٣٦):**

**پەیوەندیکردن لەگەڵ پێشـــکەشــکارانی تەندەر** (Communication with Bidders): دەســـەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت کۆبوونەوەی بەرایی ئەنجام بدات لەگەڵ پێشکەشکارانی تەندەر کە شیاندنی پێشوەختیان بۆ کراوە، بۆ روونکردنەوەی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر؛ پێویستە کۆنووسی ئەم کۆبوونەوانە بدرێت بە هەموو پێشکەشکارانی تەندەری سەرکەوتوو لە شیاندنی پێشوەختە، هەروەها پێویستە هەر هەموارکردنێک بگەیەنرێت بە پێشکەشکارە سەرکەوتووەکان لە شیاندنی پێشوەختە. بۆ پرۆژە گەورە و ئاڵۆزەکان یان پرۆژەکانی کێڵگەی ســەوز (greenfield)، پێویســتە دەســەڵاتی گرێبەســتکردن کۆنفرانســی پێشــکەشــکارانی تەندەر ســازبکات بۆ گفتوگۆکردن لەســەر داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: کۆنفرانســەکە دەرفەت دەدات بە پێشــکەشــکارانی تەندەر ســەرنجی خۆیان بخەنەڕوو لەســەر پەیکەری پرۆژەکە و هانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات پاڵپشــتی پرۆژەکە بکەن و ناوەڕۆکی بەڵگەنامەی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر دەوڵەمەند بکەن.

**دووەم**: کۆنفرانســی پێشــکەشــکارانی تەندەر دەکرێت بەشــێوەی پێشــکەشــکردنی بابەت بێت لەلایەن بەڕێوەبەری دەســتنیشــانکراوی پرۆژە لە دەســەڵاتی گرێبەســتکردن، هەروەها بەشــێک هەبێت بۆ پرسیار و وەڵام.

**سێیەم**: تەنها ئەو پرسانەی ئەو رۆژە وروژێنراون لە کۆنفراسی پێشکەشکارانی تەندەر لەگەڵ ئەوانەی بە نامە/ئیمەیڵ/فاکس گەیشـــتوون، دەکرێت رەچاو بکرێن بۆ هەموارکردن لەلایەن بەڕێوەبەری پرۆژەکە لەکاتی هەموارکردنی داواکاری بۆ پێشــکەشــکردنی ئۆفەر. پێویســتە بنەماکانی هەموارکردنی داواکاری بۆ پێشــکەشــکردنی ئۆفەر، لە بەرژەوەندی پێشــکەشــکارانی تەندەر و دەسەڵاتی گرێبەستکردن بێت.

**چوارەم**: پێویســتە تۆماری روون یاداشــت بکرێت لەســەر هۆکارەکانی بەشــدارییپێکردن یان نەکردنی پێشکەشکارانی تەندەر لە کۆنفراسەکە. دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت هەمواری بەڵگەنامەی کەمکردنەوە بکات و دووبارە پێشکەشی بکاتەوە بە پێشکەشکارانی تەندەری لیستی پوخت.

**پێنجەم**: نابێت گەرەنتی تەندەر کە پێویستە پێشکەشکاری تەندەر پێشکەشی بکات، دەستی بەسەردا بگیرێت، تەنها لەو بارانەدا نەبێت کە:

أ- لە برگەی (دووەم) لە ماددەی (٢٧)ی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ دەقی لەسەر کراوە.

ب- پێشکەش نەکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەر لەماوەی دیاریکراودا.

ج- هەروەها پێشــکەش نەکردنی بۆند، زەمان یان گەرەنتی بەپێی دۆخی رێککەوتنی پرۆژەکە و پاش ئەوەی ئۆفەرەکەی پەسەندکرا، یان پابەندنەبوون بەهەر مەرجێکی تر پێش واژۆکردنی رێککەوتنی پرۆژەکە.

**شەشەم**: پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن راوێژ بە لیژنەی تەکنیکی بکات، لەکاتی دانانی گۆڕانکاری لە رێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت و بەڵگەنامەی تەندەر، کە لەوانەیە ببنە هۆی گۆڕانکاری ریشەیی و ماددی لە رێکخستنی هاوبە شیکردنی مەتر سییەکان، هەڵسەنگاندنی بەها بەرامبەر پارە یان پێگەی حکومەت پەیوەست بە بەرپرسیارێتییە داراییەکان و پابەندییە داراییە لەناکاوەکان.

**ماددەی (٣٧):**

**کردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر** (Opening and Evaluation of RFP Documents): پێویستە دە سەڵاتی گرێبە ستکردن ئۆفەرەکان لەکاتی بە سەرچوونی ماوەی پێشکە شکردن بکاتەوە، وەک دیاریکراوە لە داواکاری بۆ پێشکە شکردنی ئۆفەر، لەو شوێنەی دیاریکراوە لە داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر و بە ئامادبوونی ئەو پێشکەشکارانەی تە ندەر کە دەخوازن بەشداری بکەن. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن هەڵسەنگاندن و پلەبەندی بکات بۆ تەندەرەکان، لەسەر بنەمای پێوەرە دیاریکراوەکان لە داواکاری بۆ پێشکە شکردنی ئۆفەر. رێنوێنی و فۆرمەکانی هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەی داواکاری بۆ پێشکە شکردنی ئۆفەر لە پاشکۆی (٥)ی ئەم رێنماییە هەیە. پێویستە کۆی پرۆسەکە، لە وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی تەندەر لەلایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردن تا دەگاتە پەسەندکردن لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، لەماوەیەکدا کە زیاتر نەبێت لە (١٢٠) سەد و بیست رۆژ پاش بەسەرچوونی وادەی پێشکەشکردن تەواوبکرێت. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پابەندبێت بەم هەنگاو و رێکارانە لەکاتی هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر:

**یەکەم**: لیژنەی هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێداچوونەوەی ئاستی یەکەم دەکات بۆ هەموو لایەنە کانی ئۆفەر و راپۆرتی خۆی پێشکەش دە کات بە لیژنەی تەکنیکی، بۆ پێداچوونەوە و پێشکەشکردنی راسپاردەکانی، ئەمەش وەک کۆتا بەرهەمی هەڵسەنگاندنی رەچاودەکرێت.

**دووەم**: پێویستە لیژنەی هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی گرێبەستکردن وردبینی بۆ تەواویی ئۆفەرەکان بکات. واتا وردبینی ئۆفەر بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو دۆکۆمێنتە داواکراوەکان بەپێی بەڵگەنامەی داواکاری بۆ پێشکە شکردنی ئۆفەر، یان بەڵگەنامەی تری پێویست، پێشکەش کراون. پێویستە لیستی وردبینی ئاماژە بدات بە سەرچاوەکە لە داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر لەگەڵ پوختەیەک لەسەر بەڵگەنامەکە و ئایا پێشکەش کراوە یان نا.

**سێیەم**: تەندەری پابەند ئەو تەندەرەیە کە هەموومەرجەکان بەدیدەهێنێت بەپێی بەڵگەنامەی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر. پێویستە بەرێوەبەری پرۆژە دڵنیایی بکات لەوەی تەنها تە ندەرە پابە ندە کان دەچنە قۆناغی هەڵسەنگاندنی زیاتر. لەبەرئەوە، پێویستە تیمەکە بەوریاییەوە وردبینی بکات بۆ هەموو تەندەرە پێشکەشکراوەکان و پشکنین بکات بۆ پابەندبوونیان. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن تۆماری لیستی پابەندبوونی تەندەرەکان بپارێزێت.

**چوارەم**: ئەو تەندەرانەی مەرجەکانی تەواویی و پابەندییان تێدایە، هەڵسەنگاندنی وردیان بۆ دەکرێت. هەڵسەنگاندنی یاسایی جەخت دەخاتە سەر دوو بوار:

أ- پشکنینی پابەندیی یاسایی پێشکەشکاری تەندەر و پابەندیی یاسایی کۆمپانیا و دۆخی یاسایی کۆمپانیا.

ب- هەڵسەنگاندنی سەرنجەکان/هەموارکردنەکانی پێشکەشکارانی تەندەر بۆ رێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت. ئەمە پێکدێت لە: دۆزینەوەی هەموو هەموارکردنە پێشنیارکراوەکان بۆ رێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت و بەراوردکردنی بە نەخشەی مەترسییەکانی پڕۆژە، کە لە لێکۆڵینەوەی کەڵکدا ئامادەکراوە، دۆزینەوەی ئاکامەکان لەسەر بەها بەرامبەر پارە، کە لە لێکۆڵینەوەی کەڵکدا بڕیاریان لەسەردراوە، هەروەها کارکردن لەگەڵ تیمی هەڵسەنگاندنی دارایی بۆ هەڵسەنگاندنی پرسەکانی بەها بەرامبەر پارە کە لە لێکۆڵینەوەی کەڵکدا دیاری نەکراون.

**پێنجەم**: پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن هەڵسەنگاندنی لایەنە تەکنیکییەکانی ئۆفەر ئەنجام بدات. پێویستە پشکنینی پابەندیی (due diligence) بکرێت بۆ بژاردە تەکنیکییە پێشنیازکراوەکان، بۆ زانینی ئەوەی تا چ ئاستێک هەر یەکێک لە بژاردەکان دەکرێت بەشێوەیەکی واقیعی جێبەجێ بکرێت لەماوەی دیاریکراودا. پشکنینی خەسڵەتە تەکنیکییەکان بە بەراورد بەوانەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن دیاریکردوون لە داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر، ئەمەش بەمەبەستی دیاریکردنی کەموکوڕییەکان و دڵنیایی کردن لەوەی پڕۆژەکە لەئاستی ستاندارده دیاریکراوەکاندایە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری. پێویستە شیکاری بکرێت بۆ پێوەرەکانی نەخشەسازی (دیزاین)، بونیاتنان و بەکارخستن، بۆ دڵنیایی کردن لەوەی بژاردە پێشنیارکراوەکان پابەندبن بە مەرجەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن و سوودیان دەبێت بۆ پڕۆژەی پێشنیارکراو. پێویستە بەڕێوەبەری پڕۆژە هەڵسەنگاندن بکات بۆ ئاکامەکانی بەها بەرامبەر پارەی پڕۆژە و ئامادەکردنی لیستی ئەو پرسیارانەی پێویستە وەڵام بدرێنەوە بۆ ئەوەی تەندەرەکە بسپێردرێت.

**شەشەم**: هەڵسەنگاندنی ئۆفەری دارایی تەنها سنووردار نییە بۆ هەڵسەنگاندنی تێچووی پڕۆژەکە، بەڵکو پێکدێت لە هەڵسەنگاندنی تێچووی پڕۆژە لەماوەی سووڕی ژیانی پڕۆژە، پەیکەری کەسایەتی یان کۆمپانیا یان یەکێتی دارایی پێشکەشکاری تەندەر، جۆری داراییکردنی پڕۆژە، هەروەها ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی بەها بەرامبەر پارە بۆ ئۆفەرەکە. پێویستە بەڕێوەبەری پڕۆژە هەڵسەنگاندن بکات بۆ: گونجاویی تێچوو، سەقامگیریی و دڵنیایی تێچووەکانی پڕۆژە (بونیاتنان و بەکارخستن)، دڵنیایی، سروشت و تێچووەکانی داراییکردن، پەیکەری گشتی پڕۆژە و بەشدارانی پڕۆژە، بەها بەرامبەر پارە، گونجاوی پڕۆژە بۆ بانکگوزاری (Bankability)، واتا ئەرک، پەیکەر، دابەشکاری و پلانی دارایی یەکێتی دارایی.

**حەفتەم**: پێویستە ئەنجامی هەڵسەنگاندن بەگشتی بریتی بێت لە هەڵبژاردنی پێشکە شکاری تەندەری پەسەندکراو و یەک یان دوو پێشکەشکاری تەندەری یەدەگ. دوای ئەوە بەڕێوەبەری پرۆژە راپۆرتی هەڵسەنگاندن ئامادە دەکات و لەگەڵ هەموو دۆکۆمێنتەکان پێشکەش دەکرێن بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی. پێویستە راپۆرتی هەڵسەنگاندن پێشکەش بکرێت بە لیژنەی تەکنیکی بۆ پێداچوونەوە و پێشکەشکردنی راسپاردەکان، پێش وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**هەشتەم**: ئەگەر هیچ پێشکە شکارێکی تەندەر وەک پێشکە شکاری پە سەندکراو دەرنەکەوت، پێویستە بەڕێوەبەری پرۆژە رەچاوی پرۆسەی باشترین و کۆتا ئۆفەر بکات.

**نۆیەم**: ئەگەر ئەنجامی پرۆسەی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر بریتیی بوو لە پێشکەشکردنی تەنها یەک تەندەر و ئەو پێشکەشکاری تەندەرە هەموو مەرجەکانی تێدابێت، دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت داوا لە پێشکەشکاری تەندەر بکات پرۆژەکە جێبەجێ بکات دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**دەیەم**: پێویستە لیژنەی تەکنیکی هەڵسەنگاندن بکات بۆ ریزبەندیی پێشکەشکارانی تەندەر و راسپاردەکانی خۆی پێشکەش بکات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی. لیژنەی تەکنیکی پێداچوونەوە دەکات بۆ راپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئامادەکراو لەلایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردن، بۆ دڵنیابوون لە دروستیی و هەمەلایەنی شیکارییەکان. پێویستە لیژنەی تەکنیکی بەتەواوی رازی بێت لە نمرەدانان بۆ پێوەرە جیاوازەکان و پاڵپشت بن بە بەڵگە و راستیی. پێویستە لیژنەی تەکنیکی راسپاردەکانی خۆی پێشکەش بکات لەسەر هەنگاونان بۆ قۆناغی دواتر. هاوکات پێویستە راپۆرت و سەرنجەکان لە شێوەی راسپاردە یەکبخات، لەسەر پرۆسەکە و ئەنجامەکەی، کە دواتر پێشکەش دەکرێت بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**یازدەیەم**: لەسەر بنەمای راسپاردەکانی لیژنەی تەکنیکی، ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی رەزامەندی دەدات لەسەر پێشکەشکاری تەندەری پەسەندکراو و رەزامەندی دەدات لەسەر دەستپێکردنی دانوستانەکان لەسەر رێککەوتنی هاوبەشی.

**ماددەی (٣٨):**

**دانوستانەکان لەگەڵ پێشکەشکاری تەندەری پەسەندکراو** Negotiations with preferred bidder

پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئامادەکاری بکات بۆ دانوستان لەگەڵ پێشکەشکار یان پێشکەشکارانی تەندەری پەسەندکراو، لەماوەی (٥) پێنج رۆژ پاش وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن سەرکردایەتی دانوستانەکانی رێککەوتنی هاوبەشی بکات و پاڵپشتی بکرێت لەلایەن لیژنەی تەکنیکی و یەکەی هاوبەشی. پێویستە دانوستانەکان لەماوەی (١٥) پانزە رۆژدا تەواو بکرێن. پێویستە هەموو دانوستانەکانی نێوان دەسەڵاتی گرێبەستکردن و پێشکەشکاری تەندەر بەنهێنی ئەنجام بدرێن، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی

ئۆفەرەکە نەگەیەنرێت بە پێشــکەشــکارانی تەندەری کێبڕکێکار، پێویســتە هیچ لایەنێکی دانوســتان، بەبێ ڕەزامەندیی لایەنەکەی تر، زانیاری نەدات بە کە سی تر لە سەر لایەنی تەکنیکی، نرخ یان زانیاری تری بازاڕ، پەیوەست بە دانوستانەکان:

**یەکەم**: هەر مەرج، ڕێنمایی، دۆکۆمێنت یان هەر زانیارییەکی تری پەیوە ست بە پڕۆژەکە کە دە سەڵاتی گرێبەســتکردن دەیگەیەنێت بە پیشــکەشــکارێکی تەندەر، پێویســتە هاوکات و بەیەکســانی بگەیەنرێت بە هەموو پێشکەشکارانی تری تەندەر، تەنها ئەگەر ئەو زانیارییە تایبەت بوو بە تەنها ئەو پێشکە شکارەی تەندەر یان ئەم جۆرە گەیاندنە دەبێتە پێشێلکردنی حوکمەکانی نهێنیپارێزی ئەم ڕێنماییە و ماددەی (٣٠) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەســتکردنە گشــتییەکان ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦.

**دووەم**: لەکاتی دانوســتانەکان، نابێت دەســەڵاتی گرێبەســتکردن هەموارکردن ئەنجام بدات بۆ: بابەتی گرێبەستکردن، هەر پێوەرێکی لێهاتوویی یان هەڵسەنگاندن، کەمترین مەرج و داواکاری، یان هەر مەرجێکی تری ڕێککەوتنی پڕۆژە، کە بابەتی دانوســتان نین، وەک دیاریکراوە لە داوا کاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر.

**سێیەم**: ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی بەرایی دانوستان پێکدێت لەمانە:

أ- دیاریکردنی ئامانجەکانی دانوستان، ڕوونکردنەوەی کەلێنەکان، هەڵەتێگەیشتنەکان و مەرجەکان،

ب- ئامادەکردنی خشــتەی کاتی دانوســتانەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی ماوەی تەندەرەکە بەســەرناچێت پێش واژۆکردنی ڕێککەوتنی هاوبەشی.

ج- دانانی ستراتیژێک، پێشبینی کردنی هەڵوێستی لایەنی تایبەت و ئامادەکردنی وەڵامەکان.

د- ناردنی بانگهێشت بۆ پێشکە شکاری تەندەری پە سەنکراو بۆ بە شداریکردن لە کۆبوونەوەی دانو ستان. پێویستە پێشوەخت داوای ناو و پلەی ئەندامانی تیمی دانوستانکاری لایەنی تایبەت بکرێت.

**چوارەم**: پێویســتە لیژنەی تەکنیکی تۆ ماری هەموو بەرەوپێشــچوونە کان بکات لە بەڵگە نامە کانی گرێبەســت. پاش ڕوونبوونەوەی وردەکارییە بازرگانییەکان، پێویســتە تیمی بەڕێوەبردنی گرێبەســت ئامادەبن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی تێچوو شــیاویی و کەمکردنەوەی خەســڵەتەکانی بەرهەم، بۆ ئەوەی تێچووی پڕۆژەکە گونجاو بێت، بەمەرجێک بە ها بەرامبەر پارە بپارێزرێت. پاش ڕێککەوتن لەســەر مەرجەکان، وردەکاریی خاڵە دانوســتان لەســەرکراوەکان و ئەنجامەکان تۆمار دەکرێن و ڕێککەوتن دەکرێت لەســەر بەدواداچوونی زیاتر بۆ پرســە هەڵواســراوەکان لە پلانی بەڕێوەبردنی گرێبەســت، بۆ ئەوەی زیان نەگات بە مەرجە ڕێککەوتن لەســەرکراوەکان و ماوەی دیاریکراو. پێویســتە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشــی ڕاســپاردەکانی خۆی پێشــکەش بکات لە سەر کۆبوونەوەکان و پشتڕا ستکردنەوەی نوو سراو لە پێشکە شکاری پە سەندکراو وەربگرێت لەسەر دروستی تۆمارەکان و کۆنووسی دانوستانەکان.

**پێنجەم**: دواتر راسپاردەکان پێشکەش دەکرێت بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن. دەکرێت راسپاردەکانی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لەسەر ئەمانەبن: سپاردنی گرێبەست بە پێشکەشکاری تەندەری پەسەندکراو، پەیرەوکردن و جێکردنەوەی رێککەوتنی گەڵاڵەکراو لە ئەنجامی دانوستانەکان، هەموارکردنی ئامانجەکانی دانوستان و ئەنجامدانی دانوستانی زیاتر، داواکردن لە پێشکەشکاری تەندەر باشترین و کۆتا ئۆفەر پێشکەش بکات، یان هەڵوەشاندنەوەی دانوستانەکان لەگەڵ پێشکەشکاری تەندەر.

**شەشەم**: کاتێک پێشکەشکاری تەندەری پەسەندکراو ئاشکرا نەبوو، دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت داوا لە پێشکەشکارانی تری تەندەر بکات باشترین و کۆتا ئۆفەری خۆیان پێشکەش بکەن سەبارەت بە هەموو بوارەکانی ئۆفەرەکانیان و نابێت دانوستانی لەسەر بکرێت. پێویستە داواکارییەکە بەنووسراو پێشکەش بکرێت و شێواز، شوێن و کاتی پێشکەشکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەر دیاری بکات. سەبارەت بە پرۆژە سادەکان کە پەیوەستن بە بەخشینی ئیمتیاز بۆ بەڕێوەبردنی ژێرخانی ئێستا، دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت پرۆسەی باشترین و کۆتا ئۆفەر پەیڕەوبکات و پێشکەشکاری تەندەری پەسەندکراو هەڵبژێرێت لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی ئۆفەرەکان.

**حەفتەم**: پێویستە ئەنجامی دانوستانە پەسەندکراوەکان لە نووسراوی پەسەندکردنی تەندەر دیاری بکرێن و بکرێتە بەشێک لە رێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.

**هەشتەم**: کاتێک دانوستانەکان دەستپێدەکەن لەگەڵ پێشکەشکاری تەندەر کە نمرەی دووەمی هێناوە، نابێت دەسەڵاتی گرێبەستکردن دانوستانەکانی پێشتر دەستپێبکاتەوە و پێویستە پێشکەشکاری تەندەری رەسەن (یەکەم) بەنووسراو ئاگاداربکرێتەوە لە هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی دانوستانەکان.

**نۆیەم**: پێویستە خشتەی بەرایی ئامادەبکرێت بۆ واژۆکردنی رێککەوتنی هاوبەشی. پێویستە رێککەوتنی هاوبەشی بەرجەستەی کۆتا رێککەوتن بکات کە لایەنەکان پێیگەیشتوون پەیوەست بە:

أ- ماوەی پێویست بۆ واژۆکردنی رێککەوتنی هاوبەشی لەلایەن پێشکەشکاری سەرکەوتوو پاش سپاردنی گرێبەست.

ب- پێشمەرجە دیاریکراوەکان بۆ واژۆکردن، وەک دڵنیایی (تامین)، گەرەنتی ئەدا کە داواکراون لەلایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردنەوە، پێکهێنانی کۆمپانیای پرۆژە و ماوەی دیاریکراو بۆ کارابوونی رێککەوتنی دارایی پاش واژۆکردنی رێککەوتنی هاوبەشی.

**دەیەم**: پاش تەواوبوونی دانوستان، پێویستە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، رێککەوتنی کۆتایی هاوبەشی ئامادەبکات. پێویستە نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری لە لیژنەی تەکنیکی، دووبارە پشتڕاستی گونجاویی پابەندییە داراییەکان و بەرپرسیارێتییە داراییە لەناکاوەکان بکات.

**یازدەیەم**: ئەگەر پەیوەندیدار بوو، پێویستە لیژنەی تەکنیکی ڕێککەوتنی هاوبەشی پێشکەش بکات بە لایەنی ڕێکخەری کەرتی پەیوەندیدار، بە تایبەت بۆ ڕێککەوتنی ئەو پرۆژانەی پێویستیان بە وەرگرتنی کرێ و رسوم هەیە لە بەکاربەران. پێویستە ئەم ڕێککەوتنانە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت لەلایەن دەسەڵاتی ڕێکخەری ئەو کەرتە و ڕەزامەندی پێبدرێت بەپێی ڕێنماییەکانی مۆڵەتپێدان لەو کەرتەدا.

**ماددەی (٣٩):**

**دانوستانی ڕاستەوخۆ** Direct negotiations

ئەگەر لە ئەنجامی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر، تەنها یەک پێشکەشکاری تەندەری لێهاتوو ئۆفەری پێشکەش کرد، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن دووبارە بانگەواز بکاتەوە بۆ وەرگرتنی ئۆفەری زیاتر. دووبارە بانگەوازکردن تەنها ئەو کاتە ڕوودەدات کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لێکۆڵینەوەی کرد لە هۆکارەکانی بەدەنگەوەنەهاتنی بانگەوازەکە و زانینی ئەوەی ئایا پێوەرەکانی لێهاتوویی بەگونجاوی دیاری نەکراون یان نەخشەسازی پڕۆژەکە گونجاو و ڕوون نییە، هەروەها پاش گرتنەبەری ڕێکاری چارەسەریی، وەک هەموارکردنەوە و نوێکردنەوەی پێویست بۆ دۆکۆمێنتەکان. ئەگەر پاش دووبارە بانگەوازکردنەوە، تەنها یەک پێشکەشکاری لێهاتوو ئۆفەری پێشکەش کرد، دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو تاکە پێشکەشکارە ئەنجام بدات. دانوستانی ڕاستەوخۆ ڕێگەپێدراوە لە دۆخی تایبەت، وەک هۆکاری پەیوەست بە ئاسایشی نیشتیمانی، هەروەها لەو کەیسانەی کە سەرچاوەی پێویستی پڕۆژە تەنها مۆڵکی لایەنێکی دیاریکراوە، یان هەر پڕۆژەیەکی تر کە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی ڕێگەی پێدەدات و دانوستانی ڕاستەوخۆ تەنها بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی دەبێت.

**ماددەی (٤٠):**

**ئۆفەری بانگهێشتنەکراو** ((unsolicited proposals (USP)): گرێبەستکردن بۆ ئۆفەر یان تەندەری بانگهێشتنەکراو پێویستە پەیڕەوبکرێت کاتێک:

أ- داهێنان و مافی موڵکداری پەیوەست بە نەخشەسازی و ئەندازەی پڕۆژەی پێشنیارکراو و تێچووەکانی ئامادەکاری و نەخشەسازی ڕەچاوکرابن.

ب- لێکۆڵینەوەی کەڵک ئەنجامدرا بێت و خواستی کەم هەبێت لەناو وەبەرهێنەرانی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە پێشنیارکراوەکە.

ج- ئەم ئۆفەرانە پەیوەست نین بەو پرۆژانەی ڕێکارەکانی گرێبەستکردن دەستپێکراوە یان بانگەوازی بۆ کراوە.

**ماددەی (٤١):**

**ڕێکارەکانی ئۆفەری بانگهێشتنەکراو (Processing of Unsolicited Proposals)**

ڕێکارەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆفەری بانگهێشتنەکراو ئەمانەن:

**یەکەم**: پێویستە قۆناغی بەرایی هەبێت بۆ ئەوەی خوازیاران ئۆفەری بانگێشتنەکراوی بەرایی و کورت پێشکەش بکەن بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن. مەبەست لەم قۆناغە:

أ- پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی ئۆفەری بانگهێشتنەکراو مەرجەکان بەدیدەهێنێت.

ب- پێشوەخت دانانی ڕێساکانی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ کۆتا ئۆفەری بانگهێشتنەکراو.

**دووەم**: پاش وەرگرتن و پشکنینی بەرایی ئۆفەری بانگهێشتنەکراو، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێشکەشکاری ئۆفەر ئاگاداربکاتەوە لەوەی پڕۆژەکە لە بەرژەوەندی گشتییە یان نا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی گونجاویی ڕێکارەکانی گرێبەستکاری وگونجاویی مەترسییەکانی پڕۆژە پێشنیار کراوەکە.

**سێیەم**: پێشکەشکاری ئۆفەری بانگهێشتنەکراو و دەسەڵاتی گرێبەستکردن یاداشتی لێکتێگەیشتن واژۆدەکەن بۆ پشتڕاستکردنەوەی پابەندبوون بەم ڕێنماییە.

**چوارەم**: لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی بەرایی، ئەگەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن بڕیاریدا کە ئۆفەری بانگهێشتنەکراو لە بەرژەوەندی گشتییە، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئۆفەرە بانگهێشتنەکراوەکە و ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەی بنێرێت بۆ لیژنەی تەکنیکی و ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**پێنجەم**: ئەگەر بڕیاردرا پڕۆژەکە لە بەرژەوەندی گشتییە و ڕەزامەندیی بەرایی پێدرا لەلایەن لیژنەی تەکنیکی و ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن داوا لە پێشکەشکاری ئۆفەر بکات، کۆتا ئۆفەری بانگهێشتنەکراوی ورد و هەمەلایەن پێشکەش بکات، بە لەخۆگرتنی زانیاری لەسەر پڕۆژەی پێشنیار کراو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بتوانێت:

أ- هەڵسەنگاندنی پێویست بکات بۆ لێهاتووییەکانی پێشکەشکاری ئۆفەر، کەڵکی تەکنیکی و ئابووری پڕۆژەکە، هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەی کەڵک، شیکاری کاریگەرییە ژینگەییەکان و زانیاری پێویست لەسەر بیرۆکە یان تەکنەلۆجیای پێشنیار کراو لە ئۆفەرەکەدا.

ب- بڕیاردان لە سەرکەوتنی پڕۆژەکە ئەگەر بەو شێوەیەی کە پێشکەشکراوە جێبەجێ بکرێت و بەپێی ئەو مەرجانەی جێگەی ڕەزامەندیی دەسەڵاتی گرێبەستکردنن.

**شەشەم**: لەکاتی ڕەچاوکردنی ئۆفەری بانگهێشتنەکراو، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ڕێز لە مافی خاوەندارێتی هزریی و مافی بەتەنهایی (حصري) تر بگرێت، کە لە ئۆفەرەکەدا ئاماژەیان پێدراوە یان بەشێکن لە ئۆفەرەکە.

**حەفتەم**: نابێت دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەو زانیارییانە بەکاربهێنێت کە پێشکەشکاری ئۆفەر خۆی یان نوێنەرەکەی پێشکەشی کردوون، پەیوەست بە ئۆفەری بانگهێشتنەکراو، تەنها بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئۆفەرەکە نەبێت یان تەنها لەپاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشکەشکاری ئۆفەر.

**هەشتەم**: پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەکاتی رەتکردنەوەی ئۆفەر، کۆپی هەموو دۆکۆمێنتە پێشکەشکراوەکان بگەڕێنێتەوە بۆ پێشکەشکاری ئۆفەر، ئەگەر لایەنەکان رێککەوتنی پێچەوانەی ئەوەیان نەکردبێت.

**نۆیەم**: ئەگەر ئۆفەری بانگهێشتنەکراو پەیوەندیدار نەبێت بە مافی خاوەندارێتی هزریی یان مافی تری بەتەنهایی (حصري)، دەکرێت دەسەڵاتی گرێبەستکردن بڕیاربدات:

أ- ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی پڕۆژەکە بەدیبهێنرێن بەبێ بەکارهێنانی مافی خاوەندارێتی هزریی، یان مافی تری بەتەنهایی، کە مولکی پێشکەشکاری ئۆفەرن یان لەلایەن ئەوەوە پێشنیار کراون.

ب- بیرۆکە یان تەکنەلۆجیای پێشنیار کراو دەگمەن یان نوێ نییە. لە دۆخی لەم جۆرەدا، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن، ئەگەر بڕیاریدا پڕۆژەکە جێبەجێ بکات، دەستبکات بە رێکارە ئاساییەکانی گرێبەستکردن بەپێی (بەشی سێیەم) لەم رێنماییە. نابێت نرخی ئۆفەری پێشکەشکراو لەلایەن پێشکەشکاری ئۆفەری رەسەن بڵاوبکرێتەوە و پێویستە داوا لە پێشکەشکاری ئۆفەر بکرێت ئۆفەرێکی فەرمی نوێ پێشکەش بکات. پێویستە پێشکەشکاری ئۆفەر بانگهێشت بکرێت بۆ بەشداریکردن لە رێکارەکانی گرێبەستکردن بەپێی بەشی سێیەم لەم رێنماییە و لەژێر رۆشنایی مەرجەکانی یاداشتی لێکتێگەیشتن دەتوانرێت:

١- قەرەبوو بکرێتەوە بەرامبەر تێچووە پەیوەستەکان بە ئامادەکردنی ئۆفەری بانگهێشتنەکراو،

٢- ئیمتیازاتی تری پێبدرێت وەک لە یاداشتی لێکتێگەیشتندا دیاریکراون، وەک مافی پارێزراوی پێشکەشکاری رەسەن بۆ بەشداریکردن لە قۆناغی پێشکەشکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەر. پاش وەرگرتنی هەڵسەنگاندن و نمرە و ریزبەندی ئۆفەرەکان، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن دوو باشترین ئۆفەری لەپێش هەڵبژێرێت بۆ بەشداریکردن لە قۆناغی دووەم کە پەیوەستە بە پێشکەشکردنی باشترین و کۆتا ئۆفەر. پێویستە پێشکەشکاری ئۆفەری رەسەن بانگهێشت بکرێت بۆ بەشداریکردن لە قۆناغی دووەم، تەنانەت ئەگەر ئۆفەری پێشکەشکاری رەسەن لەناو ئۆفەرە هەڵبژێردراوەکاندا نەبێت.

**دەیەم**: ئەگەر ئۆفەری بانگهێشتنەکراو پەیوەست بوو بە مافی خاوەنداری هزریی یان مافی بەتەنهایی تر، پێویست ناکات دەسەڵاتی گرێبەستکردن رێکاری گرێبەستکردن ئەنجام بدات بەپێی بەشی (سێیەم)ی ئەم رێنماییە. بەڵام دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت هەندێک بڕگەی بەراوردکاری لە ئۆفەری بانگهێشنەکراو وەربگرێت و پێناسەیەکی بەرهەم و پێکهاتە سەرەکییەکانی ئۆفەرەکە بڵاوبکاتەوە لەگەڵ بانگهێشت بۆ پێشکەشکاری تر بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر لە کاتی دیاریکراو. ئەگەر هیچ ئۆفەرێک نەگەیشت، دەسەڵاتی گرێبەستکردن دەتوانێت دەستبکات بە دانوستان لەگەڵ پێشکەشکاری رەسەن. ئەگەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئۆفەری پێگەیشت لە وەڵامی

بانگهێشتی دەرکراو بەپێی ئەم برگەیە، ئەوا پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێشکەشکاران بانگهێشت بکات بۆ دانوستان. ئەگەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ژمارەیەکی زۆر ئۆفەری پێگەیشت، کە لەوانەیە پێداوستییەکانی ژێرخان دابین بکەن، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن داوای پێشکەشکردنی ئۆفەر بکات بەپێی بەشی(سێیەم)ی ئەم رێنماییە و رەچاوکردنی هەر هاندەر و ئیمتیازێک کە دەدرێت بەو پێشکەشکارەی ئۆفەرە بانگهێشتنەکراوەکەی پێشکەش کردوە.

**ماددەی (٤٢):**

**رێککەوتنی پرۆژەی هاوبەشی** (PPP Project Agreement)

پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن رێککەوتنی پرۆژە لەگەڵ پێشکەشکاری سەرکەوتوو بەستێت. پێویستە رێککەوتنی پرۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت بەلای کەمەوە ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

**یەکەم:** ماف و ئەرکەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن و لایەنی تایبەت، وەک ئاستی خزمەتگوزاریی داواکراو بۆ پێشکەشکردن لەلایەن هاوبەشی تایبەت .

**دووەم:** ماوەی رێککەوتنی پرۆژە.

**سێیەم:** دیاریکردنی سنووری موڵکی گشتی و دابینکردن و رادەستکردنی موڵکی گشتی بۆ هاوبەشی تایبەت.

**چوارەم:** پەیکەری پێویست بۆ بەڕێوەبردن لەلایەن هاوبەشی تایبەت بۆ ئەدای خۆی.

**پێنجەم:** دابینکردنی هاوکاری و پاڵپشتی لەلایەن دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ هاوبەشی تایبەت لە وەرگرتنی مۆڵەت و رێپێدانە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

**شەشەم:** رێکخستنە داراییەکان، وەک سەرچاوە و جۆری پارەدان بە هاوبەشی تایبەت، کۆنترۆڵی دارایی، میکانیزمەکانی وردبینی و لێپرسینەوەی دارایی و مەرجەکانی پێشکەشکردنی راپۆرتی دارایی.

**حەفتەم:** دابەشکردنی مەترسییەکان لەنێوان هەردوو لایەن.

**هەشتەم:** چارەسەرە بەردەستەکان بۆ هەردوو لایەن لەکاتی دروستکردنی گرفت بۆ کارکردن لەلایەن لایەنەکەی ترەوە.

**نۆیەم:** گەڕاندنەوە و ڕادەستکردنی موڵک و هەبووەکان بۆ دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەکاتی بەسەرچوونی رێککەوتنی پرۆژە.

**دەیەم:** مەرج و رێکارەکانی هەموارکردنی رێککەوتنی هاوبەشی.

**یازدەیەم:** یاسا بەرکارەکان لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژە.

**دوازدەیەم**: یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و بژاردەی یاسا و دیاریکردنی ڕێگەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان.

**ماددەی (٤٣):**

**پەسەندکردنی ڕەشنووسی ڕێککەوتنی هاوبەشی** (Approval of draft PPP Agreement)

پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕەزامەندی و پەسەندکردنەکان بۆ ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت وەربگیرێن، لەماوەی (٥) پێنج ڕۆژ دوای کۆتایی دانوستانەکان:

**یەکەم**: لەسەر بنەمای کۆتا پەیکەری پڕۆژە و تەندەری پێشکەشکراوی پەسەند، وەزارەتی دارایی و ئابووری پشکنین دەکات بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە گۆڕاوەکانی پڕۆژەکە لەمیانەی پرۆسەی گرێبەستکردن یان دانوستان و کاریگەرییان لەسەر ئاکامی دارایی پڕۆژەکە، هەروەها بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە ئابووری گشتی یان گۆڕاوی تر کە کاریگەری دەبێت لەسەر توانای دارایی حکومەت. پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاپۆرتی پڕۆژەکە بگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەگەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە: گۆڕانکاری گەورە کراوە (لەلایەن ئۆفەری پێشکەشکار یان دەسەڵاتی گرێبەستکردن) لە پابەندییە داراییەکان و پابەندییە لەناکاوەکان، ئەمەش وادەکات پڕۆژەکە تێچووەکەی گونجاو نەبێت، یان دۆخی دارایی حکومەت گۆڕاوە، کاریگەریی دارایی دەکرێت کەمبکرێتەوە لەڕێگەی پەیکەربەندیی باشتری مەترسییەکان، یان ئەگەر پەیکەری پڕۆژەکە کەموکوڕی تری تێدا بێت. لەکاتی گەڕاندنەوەی ڕاپۆرتەکە بۆ دەسەڵاتی گرێبەستکردن، پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرنج پێشکەش بکات لەسەر کەموکوڕییە دەستنیشانکراوەکان و ڕاسپاردە پێشکەش بکات بۆ بەرەوپێشبردن.

**دووەم**: ئەگەر وەزارەتی دارایی و ئابووری گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە مەترسییە داراییەکانی پڕۆژەکە گونجاون، پێویستە ڕەزامەندیی خۆی بدات لەگەڵ ڕوونکردنەوەی بڕیارەکەی و ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆ بەردەوامبوون لە ڕێکارەکان.

**سێیەم**: پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن (٧) حەوت ڕۆژ مۆڵەت بدات بە پێشکەشکارانی تەندەر بۆ پێشکەشکردنی سکاڵا و پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەنوو سراو وەڵامی ئەم سکاڵایانە بداتەوە. پێویستە پاش بەسەرچوونی ماوەی سکاڵا، دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەردەوام بێت لە سپاردنی گرێبەست بەپێی ئەنجامەکانی دانوستانەکان. دەسەڵاتی گرێبەستکردن پابەند نییە بە ڕەچاوکردنی داواکاری بۆ پێداچوونەوە یان دووبارە ڕەچاوکردنەوە کە پێشکەشکارانی تەندەر پێشکەشی دەکەن پاش سپاردنی گرێبەست بە پێشکەشکاری تەندەری سەرکەوتوو.

**چوارەم**: پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەماوەی (٥) پێنج ڕۆژ پاش بەسەرچوونی ماوەی سکاڵا، گرێبەست بسپێرێت بە پێشکەشکاری تەندەری سەرکەوتوو.

**ماددەی (٤٤):**

**واژۆکردنی ڕێککەوتنی پڕۆژە** (PPP Agreement signature)

پێشـــمەرجەکانی واژۆکردنی ڕێککەوتنی هاوبەشـــی بەپێی پڕۆژە جیاوازن، بەڵام پێویســـتە تەبابن لەگەڵ ناوەڕۆکی داواکاری بۆ پێشـــکەشـــکردنی ئۆفەر (RFP) و ماددەی (٣٥) و ماددەی (٣٨)ی ئەم ڕێنماییە بڕیاربدرێت لەسەر دانوستانەکان. پێویستە ڕێککەوتنی پڕۆژە تۆماربکرێت و بەپێی ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان وێنەی لێ ڕەوانەبکرێت.

**ماددەی (٤٥):**

**کات و ماوەکانی گرێبەستی هاوبەشی** Timelines for PPP procurement

پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن و یەکەی هاوبەشی ڕەچاوی ئەم وادە و ماوانە بکەن، بۆ بەدیهێنانی کارایی لە گرێبەســتکردنی پڕۆژەی هاوبەشـــی نێوان کەرتەکانی گشـــتی و تایبەت؛ ئەم وادە و ماوانە بەشێوەی خشتە لە پاشکۆی (٧ - أ) و بەشێوەی هێڵکاری لە پاشکۆی (٧ - ب) ڕوونکراونەتەوە:

**یەکەم**: پێویســـتە دەســـەڵاتی گرێبەســـتکردن بەلای کەمەوە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ دەرفەت بدات، پاش ڕاگەیاندنی پڕۆژەکە و بانگهێشـــتی داواکاری بۆ دەربڕینی خواســـت، بۆ ئەوەی وەبەرهێنەرە خوازیارەکان بتوانن وەڵام بدەنەوە.

**دووەم**: دەســـەڵاتی گرێبەســـتکردن بەراوێژ لەگەڵ لیژنەی تەکنیکی و یەکەی هاوبەشـــی، لیســـتی پوخت (شۆرت لیست)ی پێشکەشکارانی تەندەر ئامادە دەکەن و پێشکەشی دەکەن بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بۆ مەبەستی پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوە لەماوەی بەلای زۆرەوە (٣٠) سی ڕۆژ پاش کۆتا وادە بۆ پێشکەشکردنی دەربڕینی خواست.

**سێیەم**: دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی تەکنیکی و یەکەی هاوبەشی، پاش ڕەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بەپێ ئەم ڕێنماییە، پێویستە بەستەی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر و زانیارییە هاوپێچەکان ئامادەبکەن و بیگەیەنن بە پێشکەشکارانی تەندەری هەڵبژێردراو لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە پاش پەســـەندکردنی لیســـتی پوختی پێشـــکەشـــکارانی تەندەر لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشییەوە.

**چوارەم**: پێویســـتە دەســـەڵاتی گرێبەســـتکردن بەلای زۆرەوە (١٥٠) ســـەد و پەنجا ڕۆژ لە ڕۆژی دەرکردنی داوکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر، مۆڵەت بدات بە پێشکەشکارانی هەڵبژێردراو بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرەکانیان.

**پێنجەم**: هەڵســـەنگـانـدنی ئۆفەرەکـان لەلایەن دەســـەڵاتی گرێبەســـتکردن و لیژنەی تەکنیکی و پێشکەشکردنیان بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بۆ پەسەندکردن، پێویستە لەماوەیەکدا کە زیاتر نەبێت لە (١٢٠) ســـەد و بیســـت ڕۆژ ئەنجام بدرێن لە ڕێکەوتی پێشـــکەشـــکردنی ئۆفەرەکان بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن.

**شەشەم**: پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن، پێشکەشکاری هەڵبژێردراو، لیژنەی تەکنیکی و ئەنجومەنی باڵای هاوبەشـــی لەماوەیەک کە لە (٥) پێنج ڕۆژ زیاتر نەبێت ئامادەکاری بکەن بۆ دانوســـتان و دەستبکەن بە دانوستان بەپێی ماددەی (٣٩)ی ئەم ڕێنماییە.

**حەفتەم**: نابێت دانوســـتانەکانی پڕۆژە لە (١٥) پانزە ڕۆژ زیاتر بێت، یان بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی دەبێت.

**هەشتەم**: پێویستە یەکەی هاوبەشی کۆتا دەقی ڕێککەوتنی پڕۆژەی هاوبەشی لەکۆتایی دانوستانەکان پێشــکەش بکات بە وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەســـتەی وەبەرهێنان بۆ مەبەســـتی پێداچوونەوەی هاوتەریب و ڕەزامەندیی کۆتاییان لەماوەیەک کە لە (٥) پێنج ڕۆژ زیاتر نەبێت.

**نۆیەم**: پێویسـتە دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ بدات بە پێشـکەشـکارانی تەندەر بۆ سـکاڵاکردن سـەبارەت بە پڕۆژەی هەڵبژاردنی پێشـکەشـکاری تەندەری سـەرکەوتوو، هەروەها وەڵامی ئەم جۆرە سکاڵایانە بداتەوە، دەسـەڵاتی گرێبەسـتکردن دەتوانێت سـپاردنی گرێبەسـت ئەنجام بدات، لەماوەی (٥) پێنج ڕۆژ پاش بەسەرچوونی ماوەی سکاڵا.

**دەیەم**: ســـە بارەت بە ئۆفەری بانگهێشـــتنەکراو، ئەنجومەنی باڵای هاوبەشـــی دەســـەڵاتی هەیە بۆ دیاریکردنی کات و ماوەی جیاواز بۆ گرێبەســـتکردن و پێشـــکەشـــکردنی ڕاوێژ بە دەســـەڵاتی گرێبەســـتکردن و لایەنی تایبەت. ســـە بارەت بە کات و ماوەی تەرخانکراو بۆ هەر یەکێک لە هەنگاوەکان.

## بەشی چوارەم

جێبەجێکردنی پڕۆژەی هاوبەشی و بەڕێوەبردنی ڕێککەوتن

PPP Project Implementation and Agreement Management

**ماددەی (٤٦):**

**پێکهێنانی کۆمپانیای پڕۆژەی هاوبەشی** Incorporation of PPP Project Company

دەســـەڵاتی گرێبەســـتکردن یان لایەنی تایبەتی یان هەردووکیان ســـەرکەوتوو کۆمپانیای پڕۆژە پێکدەهێنن، بۆ مەبەســـتی تایبەتی جێبەجێکردنی پڕۆژەی هاوبەشـــی و هەموو ماف و ئەرکەکانی لایەنی تایبەت/یەکێتی دارایی دەگوێزرێتەوە بۆ ئەو کۆمپانیا پێکهێنراوە. ســـەرمایەی پێویســـت بۆ پێکهێنانی پڕۆژەی کۆمپانیا بڕیاری لەســـەر دەدرێت لەژێر ڕۆشـــنایی ئۆفەری پێشـــکەشـــکراو لەلایەن وەبەرهێنەری ســـەرکەوتوو، کە بۆتە بەشـــیک لە ڕێککەوتنی پڕۆژە. پرۆســـەی پێکهێنانی کۆمپانیای پڕۆژەی هاوبەشی بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

**ماددەی (٤٧):**

**ماف و ئەرکەکانی هاوبەشی تایبەت** Rights and Obligations of the Private Partner

پێویستە لە رێککەوتنی هاوبەشی، بەوردی ئاماژە بدرێت بە هەموو ماف و ئەرکەکانی هەردوو لایەنی رێککەوتنەکە. دەکرێت بە رەزامەندی ئەنجوومەنی باڵای هاوبە شی هاندەر، ئا سانکاری و لێخۆ شبوون (باج، گومرگ، کارمەندان، هتد...)، کە بەردەستن بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی، پێشکەش بکرێن بە هاوبە شی تایبەت لە پرۆژەی هاوبە شی. دە سەڵاتی گرێبە ستکردن، بە رەزامەندی ئەنجومەنی باڵای هاوبە شی، دەتوانێت هاندەری زیاتر پێشکەش بکات بۆ پرۆژەی دیاریکراوی هاوبە شی، کە پەیوە ستن بە کەرتەکەوە. پێویستە لیستی کۆی هاندەر و ئاسانکاری و لێخۆشبوونە بەردەستەکان بۆ لایەنی تایبەت لە رێککەوتنی هاوبەشی، لەگەڵ داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر دابین بکرێت بۆ پێشکەشکارانی هەڵبژێردراو. هاوکات پێویستە گفتوگۆ لەسەر ئەم هاندەر و لێخۆشبوونانە بکرێت، لەکاتی دانوستانەکان و ئاماژەدان بە چۆنێتی دابینکردنیان بۆ لایەنی تایبەت لە رێککەوتنی هاوبەشی. هەموو ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان کە هەموو وەبەرهێنەران دەگرێتەوە (مۆڵەت، وەرگرتنی زەوی، رێنماییە ژینگەییە کان، هتد) هاو کات هاوبەشی تایبەتیش دەگرنەوە لە پرۆژەی هاوبەشی. هاوبەشی تایبەتی بیانی دەبێت پابەندبێت بە یاسای وەبەرهێنان و یاسا پەیوەندیدارەکانی تر، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە رێککەوتن کراوە لەسەر بەدەرکاری (استثناء)ی تایبەت بۆ پرۆژەی دیاریکراوی هاوبەشی. هەر پرسیار یان روونکردنەوەیەکی داواکراو لەلایەن هاوبەشی تایبەت، پاش واژۆکردنی رێککەوتنی هاوبەشی، کە پێدەچێت ئەو پرسانە لە رێککەوتنەکەدا یەکلانەکرابنەوە پەیوەست بە ماف و ئەرکەکانیان لەسایەی یاسا بەرکارەکان، پێویستە ئاراستەی یەکەی هاوبە شی بکرێت. پێویستە یەکەی هاوبە شی ئەو پرسانە رەوانەی دە ستەی وەبەرهێنان بکات کە پەیوەستن بە حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنان و رێخۆشکردن بۆ چارەسەری پرسەکان بەپێی یاسای وەبەرهێنان و رێککەوتنی هاوبەشی، ئەمەش پێویستی بە رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی هەیە.

**ماددەی (٤٨):**

**پێکهێنانی تیمی بەڕێوەبردنی رێککەوتنی هاوبەشی**

Appointment of a PPP Contract Management team

سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەرپرسە لە بڕیاردان لەسەر پێکهاتەی تیمی بەڕێوەبردنی رێککەوتنی هاوبە شی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت، هەروەها لە چۆنێتی بەکارخستنیان و شێواز و کاتی داواکردنی پسپۆڕی زیاتر (بەپێی مەودای بودجەی تەرخانکراو). پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەمیانەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە ئەم دابینکارییانە ئەنجام بدات:

**یەکەم:** بەڕێوەبەری پرۆژە بەرپرسیارە لە هەماهەنگیکردنی کارەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی تیمی بەڕێوەبردنی رێککەوتنی پرۆژەی هاوبەشی، بۆ دڵنیابوون لە کارایی و تەبایی پرۆسەی بەڕێوەبردنی رێککەوتنی پرۆژەی هاوبەشی.

**دووەم**: جۆری پســپۆڕی و کارامەییە پێویســتەکان جیاواز دەبن بەپێی قۆناغەکانی ســووڕی ژیانی ڕێککەوتنی هاوبەشــی. پێویســتە پێکهاتەی تیمەکە ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵە کارامەییە بێت کە پێویســتن بۆ لەئەســتۆگرتنی بەرپرســیارێتییەکانی ڕێککەوتنی هاوبەشــی لە هەر یەکێک لە قۆناغەکان. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پلانی ڕادەستکردنی هەبێت بۆ ئەوەی کارمەندە سەرەکییەکانی بتوانن گۆڕانکارییەکان بەباشی بەڕێوەببەن. پێویستە پلانەکە نەرمیی (مرونة)ی تێدابێت بۆ زامنکردنی کواڵیتی بەڕێوەبردنی بەردەوام و جێکردنەوەی گۆڕانکارییەکان.

**ســێیەم**: پێویســتە هەر گرێبەســتێک لەگەڵ ڕاوێژکاری ســەربەخۆ بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردنی ڕێککەوتن، ئاماژە بدات بە ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەســەر ئەنجامەکانی چاودێری جێبەجێکردن و پێشکەشکردنی بە دەسەڵاتی گرێبەستکردن و لایەنی تایبەت.

**چوارەم**: پێویســتە بەڕێوەبەری پڕۆژە ســتراتیژی دەرچوون (Exit Strategy) ئامادە بکات بۆ پرۆســەی ئامادەکردنی پلانی بەڕێوەبردنی ڕێککەوتن. پێویستە ئەم ستراتیژە بەپێی بڕگەکانی ڕێککەوتنی هاوبەشــی بێت، کە پەیوەســتن بە هەڵوەشــاندنەوە یان بەســەرچوونی گرێبەســت، هەروەها پێویســتە توانای دەســەڵاتی گرێبەســتکردن بخاتەڕوو بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکە بەشــێوەیەکی کاریگەر و زامنکردنی بەردەوامبوونی دابینکردنی خزمەتگوزاری.

**ماددەی (٤٩):**

**بەڕێوەبردنی جێبەجێکردنی پڕۆژە** Management of project implementation

هاوکات لەگەڵ دڵنیایی کردن لە ڕادەســتکردنی موڵک و هەبووەکان بۆ هاوبەشــی تایبەت، پێویســتە دەســەڵاتی گرێبەســتکردن چاودێری و هەڵســەنگاندن بکات بۆ بەڕێوەبردنی جێبەجێکردنی پڕۆژە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەپێی مەرجەکان جێبەجێ دەکرێت و بەباشــی بەڕێوەدەبرێت، هەروەها دڵنیایی کردن لەوەی هەبووە گوێزراوەکان بۆ ژێر کۆنترۆڵی هاوبەشــی تایبەت بەباشــی دەپارێزرێن و بەکاردەهێنرێن. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن دڵنیایی بکات لە بەردەستبوونی سەرچاوە پێویستەکان بۆ بەڕێوەبردن و چاودێریکردن و پەیرەوکردنی ڕێکارەکان بۆ:

**یەکەم**: داڕشــتنی چوارچێوەی چاودێری و هەڵســەنگاندن بۆ پڕۆژەکە، کە پێویســتە پێکبێت لە پلانی بەڕێوەبردنی پڕۆژە، نیشــاندەرە ســەرەکییەکانی ئەدا ( KPIs / key performance indicators)، مەرجەکانی پێشــکەشــکردنی ڕاپۆرت، پشــتڕاســتکردنەوە ونرخاندنی موڵک وهەبووەکانی پڕۆژە، وردبینی دەرەکیی و پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**دووەم**: پێکهێنانی ڕێکاری چاودێری لایەنی دەرەکیی، ئەگەر ئەم ڕێکارە لە ڕێککەوتنی هاوبەشــیدا هاتبوو.

**سێیەم**: چاودێریکردن و پێوانەکردنی ئەدا و بەرهەمەکان، لەگەڵ خەسڵەتەکانی دڵنیایی جۆریی، ئەگەر لە ڕێککەوتنی هاوبەشیدا هاتبوو.

**چوارەم**: پەیوەندیکردن و گەیاندن لەگەڵ هاوبەشی تایبەت.

**پێنجەم**: دڵنیایی کردن لەوەی خزمەتگوزارییە دابینکراوەکان پابەندن بە ئاستەکانی کواڵیتی و گونجاویی (پشتپێبەستراوی)، دڵنیایی کردن لەوەی پرۆژەکە بەباشی و بەپێی ڕێککەوتنی پرۆژە چاککردنەوەی (صیانة)ی بۆ دەکرێت و ڕاپۆرتە پێویستەکان لەلایەن هاوبەشی تایبەتەوە پێشکەش دەکرێن.

**شەشەم**: بەشدارییپێکردن و پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بواری چاودێری و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی جێبەجێکردن.

**حەفتەم**: ڕێگرتن لە ناکۆکیی هەتا بکرێت، لەکاتی ڕوودانی ناکۆکیی و چارەسەری خێرا.

**هەشتەم**: سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەبردنی بەردەوامی ڕێککەوتن.

**نۆیەم**: دڵنیابوون لە ئەنجامدانی ژمێریاریی و وردبینی بۆ قەوارەکانی پرۆژەکە بەپێی ڕێککەوتنی پرۆژە.

**دەیەم**: دڵنیابوون لە پەیرەوکردنی هەر مەرجێکی ڕێککەوتنی پرۆژە لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا یان گواستنەوەی کارامەییەکان، لەگەڵ کاتی ڕادەستکردنی بەڕێوەبردنی قەوارەکە بە کەرتی گشتی.

**یازدەیەم**: ئامادەکردنی ڕاپۆرتە دیاریکراوەکان لە ڕێککەوتنی پرۆژە یان بەپێی پێویست.

**ماددەی (٥٠):**

**مەرجەکانی پێشکەشکردنی ڕاپۆرت** (Reporting Requirements)

دەسەڵاتی گرێبەستکردن، یەکەی هاوبەشی و ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، بەرپرسن لە ڕاپۆرتە خولییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**: بەڕێوەبەری پرۆژە ڕاپۆرتی مانگانە و ساڵانە پێشکەش دەکات سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هاوبەشی. تیمی بەڕێوەبردنی ڕێککەوتنی هاوبەشی، پشکنین و تاقیکردنەوەی پێویست ئەنجام دەدات بۆ مەبەستی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتانە. فۆرمی ڕاپۆرتی چاودێری پرۆژە لەکاتی جێبەجێکردن لە پاشکۆی (٦)ی ئەم ڕێنماییە بەردەستە.

**دووەم**: پێویستە بەردەوام زانیاری بدرێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری لەسەر پابەندییە داراییەکان و بەرپرسیارێتییە داراییە لەناکاوەکان لەئەنجامی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی پرۆژەی هاوبەشی. پێویستە ساڵانە تۆماری مەترسی و پوختە ڕاپۆرتی مەترسی پێشکەش بکرێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**سێیەم**: پێویستە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی ڕاپۆرتی ساڵانە پێشکەش بکات بە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر هەموو پرۆژە تەواوکراو یان جێبەجێکراوەکان بەپێی ئەم ڕێنماییە. ئەگەر پرۆژەکە لەسەر موڵکی دەوڵەت جێبەجێ بکرێت، پێویستە هێڵکاری و نەخشەی شوێن، ڕووبەر و سنووری زەوی گرێبەستکراو بۆ پرۆژەکە، هاوپێچ بکرێت لەگەڵ ڕاپۆرتی هەر پرۆژەیەکی هاوبەشی. پێویستە ڕاپۆرتی ساڵانە زانیاری لەسەر بەرەوپێشچوونەکان بدات بە ئەنجومەنی وەزیران (بەرهەمە پێشکەشکراوەکان و ئەنجامە بەدیهاتووەکان).

**چوارەم:** پێویستە وەزیری بەرپرس لە دەسەڵاتی گرێبەستکردنی پەیوەندیدار زانیاری، داتا، دۆکۆمێنت و زانیاری و فایلی دارایی پێویستی پڕۆژەی هاوبەشی کە لە وەزارەتەکەی جێبەجێ دەکرێت ، پێشکەش بکات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، بۆ مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی (٥١):**

**بەڕێوەبردنی مەترسی (Risk Management)**

پێویستە سەرۆکی دەسەڵاتی گرێبەستکردن دڵنیایی بکات لەوەی نەخشەی مەترسییەکان کە لەکاتی گرێبەستکردن ئامادەکراوە و نوێکردنەوەی بەردەوامی بۆ دەکرێت، هەروەها تۆماری مەترسی – یاداشتێکە بۆ دەستنیشانکردنی مەترسییەکان و زانیاری پەیوەست بە مەترسییەکە – ئامادە دەکرێت و نوێ دەکرێتەوە. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئەنجام بدات وەک بەشێک لە بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی مەترسی:

**یەکەم:** پێویستە هەڵسەنگاندنی ساڵانە بکرێت بۆ تۆماری مەترسی بۆ مەترسییە پەیوەستەکان بە قۆناغی جێبەجێکردنی رێککەوتنی هاوبەشی و پێویستە نوێکردنەوە پەیوەندیدارەکان ساڵانە پێشکەش بکرێت بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی.

**دووەم:** ئەگەر گۆڕانکارییەکان هۆکاربوون بۆ دووبارە دانوستانکردنەوە کە رێگەپێدراو نییە و دەقی لەسەر نەکراوە لە رێککەوتنی هاوبەشی، پێویستە مەترسییە پەیوەندیدارەکان دیاری بکرێن و مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. پێویستە تیمی بەڕێوەبردنی رێککەوتن و دەسەڵاتی گرێبەستکردن رێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی هەر رووداوێک و مەترسییەکان کە دەرهاویشتەی ئەو رووداوەن.

**سێیەم:** پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن، ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی ئاگاداربکاتەوە، ئەگەر دووبارە دانوستانکردنەوە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئاستەکانی بەرپرسیارێتییە داراییەکان و پابەندییە داراییە لە ناکاوەکانی پڕۆژەکە کە رێککەوتنیان لەسەر کراوە. ئەم پرسانە پێویستیان بە چارەسەرکردنە لەڕێگەی دووبارە دانوستانکردنەوە بە بەشداری ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، وەزارەتی دارایی و ئابووری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر.

**چوارەم:** لەم دۆخانەدا، پێویستە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی سەرکردایەتی پرۆسەی دووبارە دانوستانکردنەوە بکات، بەپاڵپشتی لیژنەیەکی تەکینکی هەڵبژێردراو بۆ مەبەستی دووبارە دانوستانکردنەوە. پێویستە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی و لیژنەی تەکنیکی هەڵسەنگاندن بکەن بۆ هەموارکردنەکانی رێککەوتنی هاوبەشی، بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکان و دڵنیابوون لەوەی پڕۆژەکە بەهای گشتی هەیە بەرامبەر پارەی تەرخانکراو، تێچووەکەی گونجاوە، لەڕووی تەکنکییەوە گونجاوە و مەترسییەکانی بەکارخستن و مەترسییە داراییەکان دەگوێزرێنەوە بۆ هاوبەشی تایبەت.

**ماددەی (٥٢):**

**مەرجەکانی راگەیاندن و ئاشکراکردنی زانیاری** (Disclosure Requirements)

پێویستە بەڕێوەبەری پڕۆژە و تیمی بەڕێوەبردنی رێککەوتن پلانی شەفافیەت و راگەیاندنی گشتی دابنێن، بەمەبەستی راگەیاندنی زۆرترین زانیاری شیاو لە بەرژەوەندی گشتی بەبێ زیان گەیاندن بە توانای حکومەت بۆ بەدیهێنانی بەها بەرامبەر پارەی گشتی. لەکاتێکدا ئامانجی شەفافیەت لە پرۆژەکانی هاوبەشی گرنگە، پێویستە کرانەوە زیانبەخش نەبێت بۆ پرۆسەی کێبڕکێکاری یان بۆ پێگەی حکومەت لە دانوستانەکان. پێویستە شەفافیەت نەبێتە هۆی ساردکردنەوە و ترساندنی پێشکەشکارانی تەندەر. پێویستە بابەتە راگەیەنراوەکان لە وێبسایتی دەسەڵاتی گرێبەستکردن بڵاوبکرێنەوە و بەردەوام نوێ بکرێنەوە.

**ماددەی (٥٣):**

**بەرکاربوونی رێنماییەکە و هەڵوەشاندنەوەی رێنماییەکانی ئێستا**

Effectiveness and cancellation of existing regulations

ئەم رێنماییە، لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکریتەوە و (٣٠) سی رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و دوای بەرکاربوونی ئەم رێنماییە، ئەمانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنەوە و کاریان پێناکرێت:

**یەکەم:** پاشکۆی (هـ)ی رێکارەکانی تەواوکاری بۆ گرێبەستکردن لەسەر بناغەی هاوبەشیکردنی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت (PPP) رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستکردنە گشتییەکان ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦.

**دووەم:** هەر رێنمایی یان بڕیارێکی تر کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم رێنماییە.

**د. دارا رشيد محمود**
**وەزیری پلاندانان**

## پاشکۆی (١)

## فۆرمی شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک بۆ پرۆژەکانی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت

Template for Pre-feasibility study for PPP Projects

| | |
|---|---|
| دەسەڵاتی گرێبەستکردن | |
| بەڕێوەبەری پرۆژە | |
| ڕێکەوت | |
| ناوی پرۆژە | |
| پوختەی پرۆژە | |
| هەڵسەنگاندنی بەرایی بۆ پێداویستییەکان، ئاستی خواستی بەدینەهاتوو | |
| تەبابوون لەگەڵ ئەولەویەتەکانی وەبەرهێنانی گشتی | |
| هەڵسەنگاندنی بەرایی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئاستی ڕەزامەندیی یان ناڕەزایی گشتی، ئاستی هەستیاریی | |
| بەرەوپێشچوونی پرۆژە تا ئەم ڕێکەوتە، لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان، تیمە پێکهێنراوەکان، داتا کۆکراوەکان، نیشاندانی خواست لەلایەن وەبەرهێنەری تایبەت، زەوی وەرگیراو، هتد.. | |
| پێداویستییەکانی وەبەرهێنان، لەگەڵ پلانی بەرایی تێچوو | |
| مەزەندەی داهات، لەگەڵ سەرچاوەکان و هەستیارییە سەرەکییەکان. | |
| پێویستی زەوی، دۆخ، کات، تێچوو (ئایا بودجە تەرخانکراوە) و پلانی کار. | |
| مەترسییە سەرەکییەکان، کەمکردنەوە و بەڕێوەبردنی مەترسییەکان لە نەخشەی دابەشکردنی مەترسییەکان. | |
| کردەیی لەڕووی تەکنیکی، تەکنەلۆجیا سەرەکییەکان و کردەیی بوونیان، هەروەها ئاستەنگە سەرەکییەکان بۆ چارەسەرکردن. | |
| شیکردنەوەی بەها بەرامبەر پارە | |
| گونجاویی دارایی، لەگەڵ هەستیارییەکان نموونەکاری دارایی بنەڕەتیی. | |
| گونجاویی لەڕووی ئابووری، لەگەڵ هەستیارییەکان و مۆدێلی هەڵسەنگاندنی بنەڕەتیی. | |
| پلانی کار بۆ بردنی پرۆژەکە بۆ بازاڕ، لەگەڵ تێچووەکان و بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی حکومەت، وەک دابینکردنی زەوی. | |
| هەڵسەنگاندنی یاسایی | |
| هەڵسەنگاندنی بەرایی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی. | |
| ئامادەباشی پرۆژەکە لەڕووی هەڵسەنگاندنی توانا و کارامەییەکانی دەسەڵاتی گرێبەستکردن و کارمەندانی بۆ داڕشتن و ئامادەکردنی پرۆژەکە وجێبەجێکردن و چاودێریکردن. | |
| ڕاوێژ لە سەر هەنگاوە گونجاوەکانی داهاتوو بۆ هەر پرۆژەیەک، لەگەڵ خێرایی و ریزبەندیی بەرەوپێشچوون بۆ کارنامەی پرۆژە؛ ستراتیژی بەبازاڕکردن، لیستی وەبەرهێنەرە گرنگ و خوازیارەکان، لەگەڵ هەنگاوەکانی داهاتو و ریزبەندی تەواوکردنی پرۆگرامی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت. | |

## پاشكۆی (٢)

## ئامرازی پشکنینی پڕۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت

## Screening Tool for PPP Projects

پێویستە یەکەی هاوبەشی هەڵسەنگاندن بکات بۆ شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک، کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئامادەی کردوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی پشکنینی پڕۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت. ئەم ئامرازە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پێوەرانەی خوارەوە دەکات:

**یەکەم**: گونجاویی لەڕووی ستراتیژییەوە .

**دووەم**: کەڵکی بەرایی.

**سێیەم**: هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان.

**چوارەم**: توانا لەبواری هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.

**پێنجەم**: گونجاویی لەڕووی داراییەوە .

**شەشەم**: توانای دامەزراوەیی.

هەر یەکێک لەم پێوەرانەی سەرەوە، پێوەری لاوەکیی و پرسیاری جۆریی هەیە بۆ هەڵسەنگاندن. ئەمەی خوارەوە فۆرمی پێویستە بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست بۆ بەکارهێنانی ئامرازی پشکنینی پڕۆژە و هەڵسەنگاندنی ئەم شەش پێوەرەی سەرەوە.

| ئامرازی پشکنینی پڕۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت | |
|---|---|
| ناوی پڕۆژە | |
| دەسەڵاتی گرێبەستکردن | |
| ڕێکەوت: (شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک) | |
| کارنامەی پڕۆژە | |
| شوێن | شار، پارێزگا، هەرێمی کوردستان |
| کەرت | |
| جۆری پڕۆژە | |
| دراو | |
| قەبارەی پڕۆژە | |
| کارنامەی داهات | |
| سەرچاوەی سەرەکیی داهات | |
| ڕێژەی سەدیی پارەدانی ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەت (پارەدان بەرامبەر ئەدا) | |
| پێداویستی بۆ پاڵپشتی حکومەت | |
| ئاستی پاڵپشتی حکومەت | |

| | |
|---|---|
| دۆخی زەوی | |
| یەکەی زەوی | |
| کۆی زەوی پێویست | |
| زەوی بەردەست | |
| زەوی پێویست بۆ دابینکردن | |
| بەرپرسیارێتی بۆ دابینکردنی زەوی | |
| بەها بەرامبەر پارە | |
| بەها بەرامبەر پارە بۆ پرۆژەکە | |
| چاوەڕوانییەکان بۆ قازانج لە وەبەرهێنان (Return on Ivestment - ROI) | |
| ڕێژەی داهاتی ناوخۆیی (IRR) | |
| ڕێژەی داهاتی ناوخۆیی (IRR) جەختکردنەوە | |
| دابڕکاری (عتبة) ڕێژەی داهاتی ناوخۆیی (IRR) | |
| ڕێژەی ڕێژەی داهاتی ناوخۆیی (IRR) ئابووری | |
| دابڕکاری ڕێژەی داهاتی ناوخۆیی (IRR) ئابووری | |
| کەمترین ڕێژەی رووماڵی قەرز (DCSR) | |
| دابڕکاری کەمترین ڕێژەی رووماڵی قەرز (DCSR) | |
| کەمترین ڕێژەی رووماڵی قەرز (DCSR) جەختکردنەوە | |

**پاشکۆی (٣)**

**پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەم فۆرمە بەکاربهێنێت بۆ لێکۆڵینەوەی کەڵک بۆ پرۆژەکانی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت.**

| | |
|---|---|
| ناوی پرۆژە | |
| دەسەڵاتی گرێبەستکردن | |
| ڕێکەوتی پێشکەشکردن | |
| پوختە و ناوکۆیی پرۆژە | با سکردنی ناوکۆیی ( سیاق)ی پەرەپێدان و پلاندانانی ژێرخان، ئایا گونجاوە لەگەڵ پلانی نیشتیمانی و ئامانجە ستراتیژییەکانی پەرەپێدان SDGs |
| ڕوونکردنەوەی پرۆژە | لەسەر بنەمای شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک، تەرخانکراوەکان، بەرهەم و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان چین |

| | |
|---|---|
| ئەنجام و کاریگەرییە ئابوورییە دیاریکراوەکان | ئەنجامی شیاو و راستەوخۆی ئابووری لە کەرتەکە و کاریگەری لەسەر کەرتەکانی تر |
| ئەنجام و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان | ئەنجامی شیاو و راستەوخۆی کۆمەڵایەتی لە کەرتەکە و کاریگەری لەسەر کەرتەکانی تر |
| ئەنجام و کاریگەرییە ژینگەییەکان | ئەنجامی شیاو و راستەوخۆی ژینگەیی لە کەرتەکە و کاریگەری لەسەر کەرتەکانی تر |
| باشترین بژاردە تەکنیکییەکان | چ بژاردەیەکی تری تەکنیکی رەچاوکراوە، پێویستە شیکاری تێچوو – سوود دەریبخات کە ئەمە باشترین بژاردەیە |
| بەراوردکاری بۆ گرێبەستکردن | بەراوردکاری لەگەڵ گرێبەستکردنی ئاسایی، بەراوردکاری بەپێی بەها بەرامبەر پارە، گونجاویی تێچوو، گونجاوی و کەلک بۆ بازار وەک پڕۆژەی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت |
| پوختەیەک لەسەر پەیکەر | رێگەکانی پارەدان و ئاستی جۆری داراییکردن (پارەدارکردن) |
| پاڵپشتی حکومەت | پاڵپشتی (دعم) بۆ کرێی بەکارهێنەر |
| | باج و رسومی نیشتیمانی |
| | باج، رسوم و کرێی خۆجێی |
| | پاڵپشتی کەلێنی کارابوون، ئاست و پەیکەر |
| | بەرپرسیارێتی دارایی لەناکاو، ئاستی کاریگەری دارایی |
| جێبەجێکردن | پەیکەری سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردن و تواناکان |
| خشتە | خشتەی (گانت) لەگەڵ ئەرکەکان، بەرپرسیارێتییەکان، بەرەوپێشچوونەکان (بەردەبازەکان – milestones) |
| نموونەکاری (نمذجة)ی دارایی | هاوپێچکردنی پەڕاوی گریمانەکان و هەستیارییەکان |
| روونکردنەوەی مەترسی ١ | ئەگەرەکان، گریمانەکان |
| | کاریگەری مەزەندەکراو لەسەربەهای پڕۆژە |
| | کاتی ئەگەری روودان (لە سووڕی پڕۆژە) |
| | تێچوو (بەپێی بەهای پەتی هەنوکەیی (NPV) لەکاتی رووداني مەترسی |
| | دابەشکردنی مەترسییەکان (%) لەنێوان لایەنی گشتی و لایەنی تایبەت |
| | دابەشکردنی تێچو ((بەپێی بەهای پەتی هەنوکەیی (NPV)) لەنێوان لایەنەکان |
| | پلانی رێگرتن لە مەترسییەکان |

## پاشکۆی ٤ - أ

## فۆرمی داواکاری بۆ شیاندن (RFQ) بۆ پرۆژکانی هاوبەشی

Template for Request for Qualification

| |
|---|
| داواکاری بۆ شیاندن<br>ناوی پرۆژە<br>حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>ناو و لۆگۆی دەسەڵاتی گرێبەستکردن<br>ڕێکەوت<br>ژمارەی نووسراو |
| ئاماژەدان بە نووسراوی بانگهێشت |
| تێبینی/خۆبێبەریکردن لە بەرپرسیارێتی |
| پێناسەکان |
| پوختەی پرۆژە<br>ڕوونکردنەوەی پرۆژە<br>مەودای گشتی هاوبەشی تایبەت<br>ئاماژەدان بە پرۆسەی پێشنیار کراوی کەمکردنەوە |
| مەرج و ڕێکارەکانی شیاندنی پێشوەختە:<br>پێوەر و دابڕکارییەکان (عتبة – thresholds)ی شیاندن<br>کۆمپانیا، یەکێتی دارایی و/یان مەرجی تر<br>ڕێکارەکانی پێشکەشکردن<br>پێکدادانی بەرژەوەندی و/یان سنوورداری تر لەسەر بەشداریکردن<br>تێچووەکانی شیاندنی پێشوەختە<br>داواکاری بۆ ڕوونکردنەوە |
| مەرجەکانی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ شیاندنی پێشوەختە:<br>زمانی دۆکۆمێنتەکان<br>دۆکۆمێنتە پێکهێنەرەکانی داواکاری<br>شێوازی پێشکەشکردنی داواکاری |
| ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندن:<br>وەرگرتنی داواکارییەکان<br>داواکاری بۆ ڕوونکردنەوە<br>ڕێکارەکانی کردنەوە و هەڵسەنگاندن<br>ئامادەکردنی لیستی پوخت (شۆرت لیست)<br>خشتەی کاتەکانی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر |

## پاشکۆی ٤ – ب

## فۆرمی داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر (RFP) بۆ پڕۆژەکانی هاوبەشی

Template for Request for Proposal

| |
|---|
| داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر<br>ناوی پڕۆژە<br>حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>ناو و لۆگۆی دەسەڵاتی گرێبەستکردن<br>رێکەوت<br>ژمارەی نووسراو |
| ئاماژەدان بە نووسراوی بانگهێشت |
| تێبینی/خۆبێبەریکردن لە بەرپرسیارێتی |
| پێناسەکان |
| پوختەی پڕۆژە |
| رێسا گشتییەکانی کەمکردنەوە:<br>مەرجەکانی لێهاتوویی و پابەندبوون<br>مەرجەکانی گەرەنتی تەندەر و فۆرمەکان<br>پەیکەری کۆمپانیای پێشکەشکاری تەندەری سەرکەوتوو<br>مەرجەکانی یەکێتی دارایی<br>رۆڵی دەسەڵاتی گرێبەستکردن<br>خشتەی کاتەکانی پێشکەشکردنی تەندەر<br>رێکەوتەکانی تەندەر و بەرپرسیارێتی لە دواکەوتن<br>پشکنینی پابەندبوونی پێشکەشکارانی تەندەر<br>پرۆسەی روونکردنەوەکان<br>رەشنووسی رێککەوتنی پڕۆژە<br>تێچووەکانی پرۆسەی کەمکردنەوە<br>زمان<br>شێواز و واژۆکردن<br>دروستیی تەندەر<br>پوچەڵکردنەوەی پرۆسەی تەندەر<br>نهێنیپارێزی<br>پیادەکردنە ساختەکاری و گەندەڵکارییەکان |

| |
|---|
| زانیاری پرۆژە و پشکنینی پابەندبوونی پێشکەشکارانی تەندەر<br>ناو و شوێنی پرۆژە<br>ناوەڕۆک و مەرجەکانی دەستگەیشتن و بەکارهێنانی ژووری داتا<br>پشکنینی شوێن و هیتر<br>ڕەشنووسی ڕێککەوتنی پرۆژە |
| مەرجەکانی تەندەر<br>مەرجەکانی پابەندبوون<br>ڕێنوینی هەمەلایەن لەسەر شێواز (فۆرم)، ئامادەکاری، ناوەڕۆک و پەیکەری تەندەری تەکنیکی و تەندەری دارایی<br>پێشکەشکردنی تەندەرەکان<br>ڕێکارەکانی بانگەواز بۆ پێشکەشکردن و وەرگرتنی ئۆفەری تەکنیکی و دارایی |
| کردنەوەی ئۆفەرەکان، هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی پێشکەشکاری پەسەندکراو<br>ڕێکارەکانی کردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئۆفەرەکان<br>پێوەرەکان و ڕێبازی هەڵسەنگاندن، وەک پرنسیپی کێشان، هاوکێشەی هەڵسەنگاندن، گریمانەکان بۆ بەکارهێنان لە ئامادەکردنی تەندەر |
| مەرجەکانی پێش واژۆکردنی گرێبەست<br>مەرجە پێشوەختەکان |
| وەسفی کار:<br>پێناسە و ڕوونکردنەوەی پرۆژە<br>ئەرکەکانی لایەنەکان<br>خەسڵەتەکانی بەرهەم و/یان نیشاندەرەکانی ئەدا، و/یان کەمترین خەسڵەت و ستانداردەکانی ئەدا<br>ئاستی خزمەتگوزاریی داواکراو یان بەردەستبوون بۆ پێشکەشکردن<br>خشتەی کاتی دابینکردن<br>مەرجە یاساییەکان و مەرجەکانی ڕێکخستن بۆ پابەندبوون بە مەرجەکانی کار، ژینگە، سەلامەتی/ئاسایش، هتد...<br>ڕەشنووسی ڕێککەوتنی پرۆژە و پاشکۆ تەکنیکیەکانی |

## پاشکۆی (٥)

## راپۆرتی هەڵسەنگاندنی تەندەر بۆ پرۆژەکانی هاوبەشی

TEMPLATE FOR BID EVALUATION REPORT

| | |
|---|---|
| وردەکارییەکانی پرۆژە | پێناسە و روونکردنەوەی پرۆژە |
| | پوختەی پرۆسەی تەندەر و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن |
| | ژمارەی تەندەرە پابەندەکان و تەندرەکانی تر |
| گونجاویی تێچوو | بەراورکردنی هەر تەندرێک لەگەڵ بودجەی دامەزراوە (دەسەڵاتی گرێبەستکردن) |
| بەها بەرامبەر پارە | بەراوردکردنی مەترسییە هەموارکراوەکان بەپێی بەها بۆ هەر یەکێک لە تەندەرەکان لەگەڵ گرێبەستکردنی گشتی ئاسایی |
| دابەشکردنی مەترسییەکان | بەراوردکردنی رێژەی مەترسی گوێزراوە بۆ لایەنی تایبەت لە هەر یەکێک لە تەندەرەکان |
| کەموکورییەکانی تەندەر | هۆکارەکانی ئەوەی بۆچی هەندێک تەندەر کەموکورن یان لەئاستی مەرجەکانی بانگەوازی کەمکردنەوە (وەسفی کار)دا نین |
| باشترین و کۆتا ئۆفەر | ئەگەر شێوازی باشترین و کۆتا ئۆفەر پەیرەوکرا، راپۆرت لەسەر ئەوە پێشکەش بکرێت |
| پلانی دانوستان | لەسەر بنەمای بەراوردکردنی تەندەرەکان، راوێژ پێشکەش بکرێت لەسەر ستراتیژی دانوستان |

## پاشکۆی (٦)

## فۆرمی راپۆرتی چاودێری جێبەجێکردنی پرۆژەکانی هاوبەشی

TEMPLATE FOR MONITORING REPORTS DURING IMPLEMENTATION

خولیی (دوري - Periodicity): لەسەر بنەمای رێککەوتنی هاوبەشی، پێویستە لایەنەکان بڕیاربدەن لە کاتەکان و چەندجارەی پێشکەشکردنی راپۆرتی بەرەوپێشچوون. پێویستە لایەنەکان هاوکات بڕیاربدەن لەسەر کاتەکان و چەندجارەی گۆڕینی راپۆرتی بەرەوپیشچوون لە قۆناغە جیاوازەکانی جێبەجێکردن.

**یەکەم**: پێویستە راپۆرتی بەرەوپێشچوون لە قۆناغی بونیاتنان ئەمانە لەخۆبگرێت:

أ. پابەندبوون بە مەرجە پێشینەکان و ئەنجامدانی واژۆکردنی گرێبەستی داراییکردن لەماوەی دیاریکراو لە رێککەوتنی هاوبەشی.

ب. پابەندبوون بە کات و ماوە دیاریکراوەکان و ئەرکەکانی تر کە لە رێککەوتنی هاوبەشی دەقیان لەسەر کراوە. پێشکەشکردنی راپۆرت لەسەر رێکارەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان هاوبەشی تایبەت ودەسەڵاتی گرێبەستکردن، کە لەوانەیە پێویستی بە سیستمی زانیاری بەڕێوەبردن (Management Information System) هەبێت.

ج. پێشکەشکردنی راپۆرت لەسەر ئەدا بەپێی ستانداردە دیاریکراوەکان.

د. رێکارە چارەسەرییەکان وپلانی کار بۆ چارەسەرکردنی کەموکورپییەکان، بە تایبەتی کاتێک ستانداردەکانی ئەدا بەدیناهێنرێن.

هـ. گفتوگۆکردن لەسەر هەڵەی لایەنی بەرامبەر و چۆنێتی سەپاندنی سزا.

**و.** دانان و کۆکردنەوەی کرێ و رسومی بەکارهێنەران، بەپێی پرنسیپە پەسەندکراوەکان.

**ز.** بەرەوپێشچوون لە ناکۆکییە بەردەوامەکان و رێکارەکانی ناوبژیوانی، ئەگەر هەبوو.

**دووەم:** پێویستە لایەنەکان پابەندبن بە رێککەوتنیان لەسەر ناوەڕۆکی راپۆرتە ساڵانەکان، پێویستە ئەمانە جەخت بخەنە سەر رووداوەکان و پرسەکانی پابەندنەبوونی پەیوەست بە بڕگەکانی گرێبەستی پەیوەندیدار، بەتایبەتی پەیوەست بە ستانداردەکانی ئەدا یان زیانگەیاندن بە حکومەت یان بەکارهێنەران. پێویستە یەکێک لە راپۆرتە ساڵانەکان، بریتی بێت لە راپۆرتی بەدەرکاری (أستثنائي - exception) بۆ پێشنیار کردنی رێکارە چارەسەرییەکان کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی رێککەوتنی هاوبەشی نێوان کەرتەکانی گشتی و تایبەت. لەکۆتایدا، پێویستە راپۆرتی ساڵانە هەڵسەنگاندن بکات بۆ نارەزایی و سکاڵای بەکارهێنەران و پێشنیاری چارە سەر بکات، هەروەها بۆ ئەو پرسانەی کاریگەرییان هەیە لە سەر بەرژەوەندییەکانی حکومەت و پەیوەستن بە خەرجی و داهاتەکانی پرۆژەی هاوبەشی.

**سێیەم:** پێویستە تۆماری مەترسی هەڵبگیرێت لەمیانەی قۆناغی جێبەجێکردنی رێککەوتنی هاوبەشی. پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن زانیاری بدات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لەکاتی هەبوونی هەر لادانێک لە مەرجە رێککەوتن لەسەرکراوەکان. پێویستە بەشێوەی خولیی راپۆرت بدرێت لە سەر ئەم مەترسیانەی خوارەوە و/یان لەکاتی رووداوەکان کە دەبنە هۆی دروستبوونی هەندێک مەترسی دیاریکراو:

**أ.** مەترسی نەخشەسازی (دیزاین): پێویستە لایەنی تایبەت بەرپرس بێت لە نەخشەسازی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، بەو شێوەیەی سەرەتا رێککەوتنیان لەسەر کراوە، بەم پێیە لایەنی تایبەت رەزامەندە لەسەر مەترسی نەخشەسازی و پێویستە هەموو تێچووەکانی دووبارەکردنەوەی نەخشەسازی بدات لە ئەگەری پابەندنەبوون بە ستانداردە پێویستەکان.

**ب.** مەترسی بونیاتنان (بیناسازی): لایەنی تایبەت بەرپرسە لە لەئەستۆگرتنی هەموو تێچووەکانی بەدیهێنانی خەسڵەتەکان و مەرجەکان و خشتەکانی کات.

**ج.** مەترسی شوێن: هەموو مەترسییە پەیوەستەکان بە بارودۆخی شوێن، وەک دۆخی خاک، تێچووەکانی خاوێنکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنەی بەرپرسە لە وەرگرتنی شوێنەکە و بەگشتی دەسەڵاتی گرێبەستکردن لایەنی بەرپرس دەبێت.

**د.** مەترسی بەگەڕخستن (تشغيل): لایەنی تایبەت بەرپرسە لە بەگەڕخستن و لەئەستۆگرتنی هەموو تێچووەکان، تەنها بەدەرکاری لەمە، بریتیە لە بەرزبوونەوەی تێچوو بەهۆی گۆڕانکاری لە یاسا یان باجەکان، کە لایەنی تایبەت کۆنترۆڵی لەسەر ئەم بوارانە نییە.

**هـ.** مەترسی خواست: لایەنی تایبەت بەرپرسە لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ خواست لەکاتی ئامادەکردن و هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکە و هەموو مەترسییەکانی پەیوەست بە فرۆشتن بە بە کارهێنەران دەکەونە ئەستۆی لایەنی تایبەت، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە لایەنی تایبەت بەرهەم/خزمەتگوزارییەکەی نەفرۆشێت بە بەکارهێنەران، ئەوا دەسەڵاتی گرێبەستکردن مەترسی خواست لەئەستۆدەگرێت.

**و.** مەترسی هاتوچۆ (ترافیک): هەموارکردنەکانی هاتوچۆ – بەشێوەی دەوری و چەند جارە هەموارکردنی بەرەو سەرەوە ئەنجام دەدرێت – لەمیانی دانوستانەکانی گرێبەستکردن گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت، لایەنی تایبەت بەرپرسە لە زامنکردنی گونجاویی پڕۆژەکە لەڕووی داراییەوە.

**ز.** مەترسیی وەرگرتن و کۆکردنەوەی کرێ و رسوم: ئەگەر بەپێی رێککەوتنی هاوبەشی، کۆمپانیای تایبەت بەرپرس بێت لە وەرگرتن و کۆکردنەوەی کرێ یان رسوم لە بەکارهێنەران، ئەوا مەترسی کۆکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی تایبەت، بەپێچەوانەوە ئەگەر حکومەت کرێ و رسوم وەربگرێت، پێویستە مەترسی وەرگرتن و کۆکردنەوە بکەوێتە ئەستۆی حکومەت.

**ح.** مەترسی قەرز: کۆمپانیای تایبەت بەتەنها بەرپرسە لە قەرزەکانی و سوود و خزمەتگوزاریی وەرگیراو لە قەرزەکانی.

**ط.** مەترسیی رووداوی هێزی زاڵکار (القوة القاهرة – **Force Majeure**): رووداوی هێزی زاڵکار، لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر هەردوو لایەن و لەژێر کۆنترۆڵی هیچ لایەنێکیان نییە، وەک شەڕ، کارەساتی سروشتی (زەوی لەرزە، پەتا، هتد) و مانگرتن، پشێویی و رووداوی تری هێزی زاڵکار (دەرەکۆنترۆڵ). بەگشتی، رووداوی دەرەکۆنترۆڵ رێگەدەدات بە لایەنەکان درێژکردنەوە وەربگرن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە گرێبەستییەکانیان.

ی. مەترسی سیاسی: ئەمانە بەگشتی بەرپرسیارێتی حکومەتن، چۆنکە لەژێر کۆنترۆڵی ئەودان، وەک گۆڕانکاری لە یاسا، هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت، دەستبەسەرداگرتن (مصادرة – **expropriation**) و هەر کارێکی تری جیاکاری (تمييزي - **discriminatory**)ی حکومەت.

**پاشكۆی ٧ – أ**

**خشتەی پرۆسەی ئامادەکاریی و گرێبەستکردنی پرۆژەی هاوبەشی**

| مادده | بابەت | ماوە |
|---|---|---|
| ٢٢ | پێویستە یەکەی هاوبەشی پشکنینی بەرایی بکات بۆ شیکاری پێش لێکۆڵینەوەی کەڵک، کە دەسەڵاتی گرێبەستکردن پێشکەشی کردووە | لەماوەی (١٥) رۆژ |
| | پێویستە وەزارەتی پلاندانان لەماوەی (٥) رۆژدا بەڵگەنامەکانی کارنامەی پرۆژە پێشکەش بکات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، بۆ دەربڕینی رەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژە بەشێوەی هاوبەشی | لەماوەی (٥) رۆژ |
| ٢٤ | پێویستە دەسەڵاتی گرێبەستکردن راویژکاری گرێبەستکردن (**Transaction Advisors**) بەکاربخات بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کەڵک (دراسة جدوی – **feasibility study**) | لەماوەی (١٠) مانگ |
| ٢٦ | دەسەڵاتی گرێبەستکردن راپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەڵک پێشکەش دەکات بە یەکەی هاوبەشی بۆ بەڕێکردنی | لەماوەی (٥) رۆژ |
| | یەکەی هاوبەشی راپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەڵک پێشکەش دەکات بە لیژنەی تەکنیکی بۆ پێداچوونەوە | لەماوەی (١٥) رۆژ |
| | یەکەی هاوبەشی بەستەی پرۆژەکە ئامادە دەکات و راپۆرتی لێکۆڵینەوەی کەڵک و پێداچوونەوەی لیژنەی تەکنیکی پێشکەش دەکات بە وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان | لەماوەی (٥) رۆژ |
| ٢٨ | پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری پێداچوونەوەی هاوتەریبی خۆی بکات و بینێرێتەوە بۆ یەکەی هاوبەشی | لەماوەی (١٥) رۆژ |
| ٢٩ | پێویستە دەستەی وەبەرهێنان پێداچوونەوەی هاوتەریبی خۆی بکات و بینێرێتەوە بۆ یەکەی هاوبەشی | |
| ٣٠ | یەکەی هاوبەشی بەستەی پرۆژە ئامادە دەکات کە پێکدێت لە لێکۆڵینەوەی کەڵک، هەڵسەنگاندنی لیژنەی تەکنیکی و پێداچوونەوەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان | لەماوەی (٥) رۆژ |
| ٣١ | پێویستە یەکەی هاوبەشی، لە رێی وەزیری پلاندانانەوە، بەستەی دۆکۆمێنتەکان پێشکەش بکات بە ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی و داوای گرێدانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی بکات بۆ بڕیاردان لەسەر گرێبەستکردن یان گرێبەست نەکردن بۆ پرۆژەکە. | لەماوەی (١٥) رۆژ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٢ | پاش رەزامەندیی ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، دەسەڵاتی گرێبەستکردن بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوە پێشکەش دەکات بۆ پێداچوونەوەی لیژنەی تەکنیکی، پێش بڵاوکردنەوەی داواکاری بۆ شیاندن (**RFQ**) | لەماوەی (٥) رۆژ |
| | دەسەڵاتی گرێبستکردن داواکاری بۆ شیاندنی پێدەگات لە پێشکەشکارانی تەندەر | لەماوەی (١٥) رۆژ |
| ٣٣ | دەسەڵاتی گرێبەستکردن و لیژنەی تەکنیکی هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ داواکاری بۆ شیاندنی پێشکەشکارانی تەندەر و ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لیستی پوخت (شۆرت لیست) پەسەند دەکات | لەماوەی (٣٠) رۆژ |
| ٣٤ | پاش پەسەندکردنی لیستی پوخت لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، دەسەڵاتی گرێبەستکردن داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر (**RFP**) بڵاودەکاتەوە | لەماوەی (١٥) رۆژ |
| ٣٥ | دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئۆفەرەکانی پێدەگات لەلایەن پێشکەشکارانی تەندەری لیستی پوخت (شۆرت لیست کراو) | لەماوەی (١٥٠) رۆژ |
| ٣٧ | دەسەڵاتی گرێبەستکردن هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ئۆفەرەکان، لیژنەی تەکنیکی پێداچوونەوەیان بۆ دەکات و ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی پەسەندیان دەکات یان رەتیان دەکاتەوە | لەماوەی (٦٠) رۆژ |
| ٣٨ | دەسەڵاتی گرێبەستکردن و یەکەی هاوبەشی ئامادەکارییەکان دەکەن و دەستدەکەن بە دانوستانەکان | لەماوەی (٥) رۆژ |
| | ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی، دەسەڵاتی گرێبەستکردن و لیژنەی تەکنیکی دانوستانەکان ئەنجام دەدەن | لەماوەی (١٥) رۆژ |
| ٤٣ | پاش کۆتایی دانوستانەکان، وەزارەتی دارایی و ئابووری رەزامەندیی کۆتایی دەدات | لەماوەی (٥) رۆژ |
| ٤٥ | دەسەڵاتی گرێبەستکردن ماوەی سکاڵا دەدات بۆ وەرگرتن و یەکلاکردنەوەی سکاڵاکان | (٧) رۆژ |
| | پاش بەسەرچوونی ماوەی سکاڵا، دەسەڵاتی گرێبەستکردن سپاردنی گرێبەست ئەنجام دەدات | لەماوەی (٥) رۆژ |

## پاشکۆی ٧ – ب

## هێلکاری پرۆسەی ئامادەکاریی و گرێبەستکردنی پرۆژەی هاوبەشی

1. دیاریکردنی پرۆژە؛ دەسەڵاتی گرێبەستکردن دۆکۆمێنتی کارنامەی پرۆژە ئامادە دەکات دەینێرێت بۆ یەکەی هاوبەشی
2. پشکنینی لەلایەن یەکەی هاوبەشیی لەماوەی ١٥ ڕۆژ، ناردنی بۆ ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی لە ماوەی ٥ ڕۆژدا بۆ دەربڕینی لارینەبوون
3. ڕاوێژکاری گرێبەستکردن لەماوەی ١٠ مانگدا لێکۆڵینەوەی کەڵک ئامادە دەکات (٣٢٠ ڕۆژ)
4. تۆمارکردن لە یەکەی هاوبەشیی (٥ ڕۆژ)، پێداچوونەوەی لێکۆڵینەوەی کەڵک لەلایەن لیژنەی تەکنیکی (١٥ ڕۆژ)، گەڕانەوە بۆ یەکەی هاوبەشی (= ٣٤٠
5. تۆمارکردنی لە یەکەی هاوبەشی، ناردن بۆ و. دارایی، د. وەبەرهێنان ٥ ڕۆژ (= ٣٤٥ ڕۆژ)
6. پێداچوونەوەی هاوتەریب ١٥ ڕۆژ، گێڕانەوە بۆ یەکەی هاوبەشی (= ٣٦٠ ڕۆژ)
7. ئامادکردنی بەستەی دۆکۆمێنتەکان و ناردنی بۆ ئەنجومەنی باڵا ٥ ڕۆژ (= ٣٦٥ ڕۆژ)
8. کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵا، بڕیاری کۆتایی لەماوەی ١٥ ڕۆژ (= ٣٨٠ ڕۆژ)
9. پاش ڕەزامەندیی ئەنجومەنی باڵا، دەسەڵاتی گرێبەستکردن داواکاری بۆ شیاندن دەردەکات (٥ ڕۆژ) (= ٣٨٥ ڕۆژ)
10. دەسەڵاتی گرێبەتکردن ١٥ ڕۆژ مۆڵەت دەدات بە پێشکەشکارانی تەندەر بۆ پێشکەشکردنی تەندەرەکانیان (= ٤٠٠ ڕۆژ)
11. دەسەڵاتی گرێبەستکردن لیستی پوخت ئامادە دەکات و لیژنەی تەکنیکی پەسەندی دەکات ٣٠ ڕۆژ (= ٤٣٠
12. دەسەڵاتی گرێبەستکردن داواکاری بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەر دەردەکات بۆ پێشکەشکارە هەڵبژێردراوەکان ١٥ ڕۆژ (= ٤٤٥ ڕۆژ)
13. دەسەڵاتی گرێبەستکردن ١٥٠ ڕۆژە وادە دەدات بە پێشکەشکارانی تەندەر بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرەکانیان (= ٥٩٥ ڕۆژ)
14. دەسەڵاتی گرێبەستکردن، لیژنەی تەکنیکی و ئەنجومەنی باڵا پێداچوونەوە و پەسەندکردن ئەنجام دەدەن لەماوەی ٦٠ ڕۆژ
15. دەسەڵاتی گرێبەستکردن لەماوەی ٥ ڕۆژ پاش ڕەزامەندیی ئەنجومەنی باڵا ئامادەکاری دەکات بۆ دانوستان (= ٦٦٠ ڕۆژ)
16. دانوستانەکانی هاوبەشی نابێت زیاتر بێت لە ١٥ ڕۆژ (= ٦٧٥ ڕۆژ)
17. لەماوەی ٥ ڕۆژ یەکەی هاوبەشی لارینەبوونی کۆتایی پێدەگات
18. دەسەڵاتی گرێبەستکردن پابەند دەبێت بە ماوەی سکاڵا ٧ ڕۆژ (= ٦٨٧ ڕۆژ)
19. دەسەڵاتی گرێبەستکردن سپاردنی گرێبەست ئەنجام دەدات لەماوەی ٥ ڕۆژ (= ٦٩٢ ڕۆژ)
20. واژۆکردنی ڕێککەوتنی هاوبەشیی و پێکهێنانی کۆمپانیای پرۆژە بەپێی ڕێککەوتنەکە
21. دیاریکردنی ماوە و وادەی ئۆفەری بانگهێشتنەکراو لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی باڵایە

| | |
|---|---|
| دەسەڵاتی گرێبستکردن | ئەنجومەنی باڵای هاوبەشی |
| لیژنەی تەکنیکی | یەکەی هاوبەشی |

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە : ١٥٣٧٢ لە ٢٠٢٣/٨/١٥**

پاڵپشت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، و (ماددەی پێنجەم/١) لە رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، و کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٦٩٧٥) لە (٢٠٢٣/٦/٦)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە:

**رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**رێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی**
**لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

**ناوەڕۆکی کۆرسە ئەکادیمییەکان بۆ سیمستەری یەکەم و دووەم:**

لە خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی (ECTS Credit60) بۆ هەردوو سیمستەرەکە تەرخان دەکرێت، بە شێوەیەک کە هەر سیمستەرێک (ECTS 30)ی بۆ تەرخان دەکرێت و ناوەڕۆکی هەر سیمستەرێک بەم شیوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- خوێندنی (٥) پێنج بابەتی پسپۆڕی سەرەکی (Core Module) بە لایەنی کەم، کە پێویستە سەرجەم بابەتەکان پەیوەندیدار بێت بە پسپۆڕی خوێندنی بەکالۆریۆسی بەشەکە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن لە بەکالۆریۆس دەخوێندرێن، واتە نابێت بابەتە پسپۆرییەکان بریتی بێت لە بابەتە داواکراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەک (کوردۆلۆجی، زمانی ئینگلیزی، کۆمپیوتەر، گفتوگۆی ئە کادیمی، جێندەر ناسی، میتۆدە کانی توێژینەوەی زانستی، ...هتد).

٢- ناوی بابەتە پسپۆڕییەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی بەش) و (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) پەسەند بکرێت.

٣- ماوەی خوێندنی ئەم سیمستەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر- Final Exam).

٤- بۆ هەر بابەتێک پێویستە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی ( Contact hours-face to face class) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٥- کاتژمێرە کانی دیکەی (Workload) بە شـێوەی (Non- contact hours learning) دەبێت بۆ مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابیان/خوێندکاران.

٦- پێشـکەشـکردنی بە لایەنی کەم (١) یەک سـیمیناری زانسـتی بە شـێوەی (پریزێنتەیشـن) لەسـەر ناونیشـانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە و نووسـینی (١) یەک راپۆڕتی زانسـتی و ئەنجامدانی (١) یەک کویز (Quiz) و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی میدتێرم و... هتد لە لایەن سـەرجەم قوتابی/خوێندکارەکان بۆ هەر بابەتێک لە ماوەی سـیمسـتەری یەکەم و دووەم کە لە لایەن مامۆسـتای بابەت ناونیشـانەکانی سـیمینار و راپۆرتی زانسـتی دەسـت نیشـان دەکرێت، هەروەها مامۆسـتای بابەت سـەرپشـکە داوا لە قوتابی/خوێندکار بکات کە (پریزێنتەیشـن) لەسـەر راپۆڕتە زانستیەکەی پێشکەش بکات بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی.

٧- لـە (٥٠%)ی نمرەی هەر بـابەتێـک، لـەسـەر تـاقیکردنەوەی میـدتێرم و چـالاکیە زانسـتیەکـانی قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سـیمسـتەرەکە دەبێت کە لە لایەن (لیژنەی زانسـتی بەش) چۆنیەتی دابەشـکردنی نمرەکان دەسـت نیشـان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی بەش) پەسـەند دەکرێت بە پێی تایبەتمەندی بابەتەکە شـێوازی هەڵسـەنگاندنی نمرە بۆ هەر بابەتێک بە پێی خشـتەی خوارەوە دەبێت، هەروەها لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێک لەسـەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) دەبێت.

٨- پێویسـتە دوو (بابەتی پسـپۆری هەڵبژاردە- Elective Course) لە لایەن لیژنەی زانسـتی بەش دەسـت نیشـان بکرێت و لە لایەن قوتابی/خوێندکار بە ئارەزووی خۆی یەکێک لەو دوو بابەتە هەڵدەبژێرێت و دەخوێنێت.

٩- پێویستە لە ماوەی هەر سیمستەرێکدا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جێبەجێ بکرێت.

١٠- مامۆسـتای بابەت، پێویسـتە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی (دکتۆرا) یان هەڵگری نازناوی زانسـتی (مامۆسـتا) بێت و نابێت هەر مامۆسـتایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە بۆ هەر سیمستەرێک.

١١-بەردەوامیدان بە پەرەپێدانی تاکەکەسی قوتابی/خوێندکار بۆ دەستەبەرکردنی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی سـاڵی (٢٠٢٢)ی پەیوەندیداری خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

١٢- پێویسـتە (قوتابی/ خوێندکار) پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوون لە وانەکان، بە پێچەوانەوە لە کاتی تێپەراندنی ڕێژەی (١٠٪)ی بە بێ هۆکار و ڕێژەی (١٥٪) ،بە پاسـاوی رەوا بۆ هەر بابەتێک ئەوا سرینەوەی ناوی(ترقین قید)ی بۆ دەکرێـت لە خوێندن.

## شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ هەر بابەتێک لە سیسمتەری یەکەم و دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | نووسینی ڕاپۆرتی زانستی | ئەنجامدانی کویز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم Midterm (exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠% نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | | |

## خشتەی دابەشکردنی بابەتەکان و ووردەکاری کرێدیت بۆ هەر سیمستەرێک

| هەر سیمستەرێک، ماوەی (١٤ هەفتە)ی کردارەکی بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەکان | ژمارەی (ECTS Credit) | ژمارەی کاتژمێرەکانی تیۆری بەشێوەی ڕوبەروو (Contact hours-face to face class) لە هەفتەیەکدا | ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Workload) بە شێوەی (Non-contact hours face to face) کارکردن لە هەفتەیەکدا |
| ١ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | ئامادەکردنی (١) یەک سیمینار بە شێوەی (پریزێنتەیشن) و نووسینی (١) یەک ڕاپۆرتی زانستی و خۆئامادەکردن بۆ کویز و تاقیکردنەوەی میدتێرم و تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر و پێداچوونەوە بە بابەتە خوێندراوەکان و .. هتد لە لایەن سەرجەم قوتابی/خوێندکارەکان بۆ هەر بابەتێک |
| ٢ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٣ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٤ | بابەتی سەرەکی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٥ | بابەتی سەرەکی پسپۆری هەڵبژاردە-Elective Course | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | (٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| | بابەتی سەرەکی پسپۆری هەڵبژاردە Elective Course | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | | |
| | **کۆی گشتی** | **٣٠ (ECTS Credit)** | **(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** | **(٣٥-٣٨) کاتژمێر** |

**نمونەی خشتەی چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (ECTS credit):**

١- ژمارەی کرێدیت (ECTS Credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەر سیمستەرێک، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (ECTS Credit ) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکانی هەفتەیەک (٥٠) کاتژمێر | | | | | |
| کۆی کاتژمێرەکانی سیمستەرێک (٧٥٠) کاتژمێر | | | کۆی کرێدیت (ECTS Credit) بۆ هەر سیمستەرێک (٣٠) کرێدیت | | |
| (١٢- ١٥ + ٣٨- ٣٥ = ٥٠) کاتژمێر | | | (٥٠ × ١٥= ٧٥٠) کاتژمێر | | ٧٥٠ ÷ ٢٥= (٣٠) کرێدیت |
| کاتژمێری وانەکانی تیۆری ڕووبەڕوو (محاضرات) Contact ) hours - face (to face class (Hours/Week) | کاتژمێری (Workload) بە شێوەی (Non- contact hour learning) بۆ ئامادەکردنی سیمینار و پرێزنتەیشن و نووسینی ڕاپۆرتی زانستی و خۆئامادەکردن بۆ کویز و تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر و Assignment و ...هتد (Hours/Week) | کۆی گشتی کاتژمێرەکانی هەفتەیەک | ژمارەی هەفتەکانی هەر سیمستەرێک (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی) | کۆی ژمارەی کاتژمێرەکانی هەر سیمستەرێک | ژمارەی کاتژمێر پێویست بۆ هەر کرێدیت (ECTC Credit ) |
| (١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٣٨-٣٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٥٠) کاتژمێر | (١٤) هەفتەی کرداری | (٧٥٠) کاتژمێر | ECTC credit (١) = (٢٥) کاتژمێر |

٢- ژمارەی کرێدیت (ECTS Credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەردوو سیمستەری خوێندن، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی (ECTS Credit)کانی هەردوو سیمستەری خوێندن | |
|---|---|
| سیمستەری یەکەم | سیمستەری دووەم |
| (30) کرێدیت (ECTS Credit) | (30) کرێدیت (ECTS Credit) |
| 30 + 30 = (60) کرێدیت (ECTS Credit) | |

**ماددەی (٢):**

قوتابی/خوێندکاری خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی ئەگەر پێویست بوو، بۆی هەیە بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پەیوەندیدار بە خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن ئەنجام بدات بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ئاماژەپێکراوی سەرەوە، بەڵام لە کاتی درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن هیچ کرێدیت (ECTS credit) بۆ خوێندنەکە زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری بەسەر نایەت.

**ماددەی (٣):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت و ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە درێژەدان بە خوێندن، ئەوا بە پێی ڕێنمایی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن.

**ماددەی (٤):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوون**

بە مەبەستی ڕێکخستنی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندنی باڵا، و ڕەچاوکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی لە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ١٥٣٧٣ لە ٢٠٢٣/٨/١٥**

پاڵپشــت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاســای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســتی هەرێمی کوردســتان-عێراق ژمارە (١٠)ی ســاڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو، و (ماددەی پێنجەم/١) لە رێنمایی ژمارە (٣)ی ســـاڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردســـتان، و کۆنووســـی کۆبوونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و رەزامەندی ســەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووســراوی ژمارە (٦٩٧٥) لە (٢٠٢٣/٦/٦)، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە:

**رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**رێنمایی شێوازی کۆرسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) لە کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی وپزیشکی ددان و دەرمانسازی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

لە خوێندنی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) (ECTS 120) بۆ هەردوو ساڵەکە تەرخان دەکرێت، بە شێوەیەک کە (ECTS 60)ی بۆ هەردوو سیمستەری ساڵی یەکەم دەبێت، هەروەها (ECTS 60)ی بۆ هەردوو سیمستەری ساڵی دووەم دەبێت، هەر سیمستەرێک (ECTS 30)ی بۆ تەرخان دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە:-

**یەک: ساڵی یەکەم/ سیمستەری یەکەم:**

١- خوێندنی (٥) پێنچ بابەت بە لایەنی کەم لە ماوەی سیمستەری یەکەم کە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) ناوی بابەتەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی کۆلێژ/سکوڵ) پەسەند بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- خوێندنی (٣) سێ بابەتی سەرەکی (پسپۆری) (Core Module) بە لایەنی کەم، کە (١) یەک لە بابەتەکان پێویستە لە پسپۆرییە تایبەتەکەی خودی قوتابی/ خوێندکار بێت و (٢) دوو بابەتەکەی تر پەیوەندیدار بێت بە خوێندنەکەی.

ب- خوێندنی (١) یەك بابەتی کلینیکی کە نابێت لە (ECTS 8) کەمتر بێت و لە لایەن لیژنەی زانســتی بەش بڕیار دەدرێت لەســەر شــێوازی کارکردنی قوتابی/خوێندکارەکە و بینینی ژمارەیەکی دیاریکراوی نەخۆش و هەر کارێکی دیکە کە پێویست بێت بۆ پسپۆرییەکە.

ت- خوێندنی (١) یەك بابەتی گشــتی (General Module)ی وەک (Advanced Research Methodology) یان (Biostatistics) بۆ خوێندنی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئامار و نووســینی توێژینەوەی زانســتی و دەســتپاکی ئەکادیمی و بەکارهێنانی ســەرچاوەی زانســتی و مافە بنەرەتیەکانی نەخۆش لە رێگەی سـۆفتوێرەکانی (EndNote) و (BibTex) و (Mendeley) و (Zotero) و (Plagiarism checker) و فێربوونی (Presentation)...هتد.

٢- ماوەی خوێندنی ئەم سـیمسـتەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر - Final Exam).

٣- بۆ هەر بابەتێک پێویسـتە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری رووبەڕوو بە شـێوەی (face to face class - Contact hour) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا، جگە لە بابەتی کلینیکی کە پێویستە (٤ بۆ ٨) کاتژمێری تیۆری رووبەڕوو بە شێوەی (Contact hour- face to face class) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٤- کـاتژمێرەکـانی دیکەی (Workload) بە شـێوەی (Non- contact hour learning) دەبێـت بۆ مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابیان و خوێندکاران.

٥- پێویسـتە بۆ هەر بابەتێك (جگە لە بابەتی کلینیکی)، قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سـیمسـتەرەکە بە لایەنی کەم (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ناونیشانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە پێشکەش بکات کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە ناونیشانەکە دەست نیشان دەکرێت و مامۆستای بابەت دەتوانێت ژمارەی سیمینارە زانستیە داواکراوەکان لە قوتابی/خوێندکارەکە زیاتر بکات بەپێی پێویستی و تایبەتمەندی بابەتەکە.

٦- لە (٥٠%)ی نمرەی گشـت بابەتە سـەرەکیەکان (پسـپۆرییەکان) و بابەتە گشـتیەکان (جگە لە بابەتی کلینیکی)، لەسـەر پێشـکەشـکردنی سـیمینار بە شـێوەی (پرێزنتەیشـن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و هەر هەڵسـەنگاندێکی دیکە دەبێت. کە چۆنیەتی دابەشـکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانسـتی بەش) دەسـت نیشـان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی کۆلێژ/سـکوڵ) پەسـەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکە لەسـەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سـیمسـتەری یەکەم (Final exam) دەبێت.

٧- لە (٦٠٪) نمرەی بابەتی کلینیکی لەسـەر شـێوازی کارکردنی قوتابی/خوێندکار و بینینی ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە داوای لێ دەکرێت سەرباری هەڵسوکەوتی لە کلینیکدا، کە لە کۆتایی سیمستەرەکەدا لەسـەر نامیلکەی تۆمارکردن (Logbook)ی کارکردنەکەی پێشـکەش بە بەشـەکەی دەکات لەگەڵ هەموو بەڵگەنامەکانی کارکردنی لەسەر نەخۆش وەک کەیس شیت، تیشکی X، وێنە...هتد، هەروەها لە (٤٠٪) دیکەی نمرەکە لە سەر تاقیکردنەوەی پراکتیکی دەبێت کە دەکرێت بە شێوازی (OSCE) یان زارەکی یـاخود پراکتیکی یـان هەر شـێوازێکی دیکە دەبێـت کە بگونجێـت لەگەڵ پسـپۆری قوتابی/خوێندکارەکەدا. بە مەرجێک قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر ( Final exam) بەشدار بێت.

٨- پێویستە لە ماوەی سیمستەرەکەدا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جێبەجێ بکرێت.

٩- مامۆستای بابەتەکان، پێویستە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بە مەرجی نازناوی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسـۆر) بێت کە پێشـینە بۆ هەڵگرانی نازناوی زانسـتی بەرزتر دەبێت، لە کاتی نەبوونی دەکرێت هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای خاوەن نازناوی زانسـتی (مامۆسـتا) بە مەرجێک (١) یەک توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای بەدەسـت هێنانی بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت وانە بڵێتەوە و نابێت هەر مامۆسـتایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە. سـەبارەت بە بابەتی کلینیکی، دەکرێت هەڵگرانی ناونیشانی (ڕاوێژکاری) لە پسپۆرییەکە وانە بڵێنەوە.

**دوو: شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە لە (ساڵی یەکەم/سیمستەری یەکەم) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

**١- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) و بابەتە گشتیەکان:**

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm) exam | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | %٢٠ | | ٥٠٪ نمرە | ٪١٠٠ نمرە |
| | ٥٠٪نمرە | | | | |

**٢-شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتی کلینیکی:**

| پێوەری هەڵسەنگاندن | بەشداریکردنی کلینیکی بە پێی ئەو ستاندەرەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە | تاقیکردنەوەی شێوازی OSCE، یان زارەکی، یاخود پراکتیکی یان هەر کارێکی دیکە کە بۆی دیاری دەکرێت | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|
| نمرە | ٪٦٠ | ٪٤٠ | ٪١٠٠ |

أ- دانانی ٦٠٪ نمرە بەم شێوەیەی لەبڕگەی(ب) هاتووە، پشت دەبەستێت بەهێنانی نامیلکەی تۆمارکردنی (Logbook) (نمونەی نامیلکەکە لە پاشکۆی ئەم رێنماییە هاتووە) قوتابی/خوێندکار کە لە کۆتایی سیمستەرەکە دەبێت پێشکەش بە بەشی بکات لەگەڵ هەموو بەڵگەنامەکانی بینینی نەخۆش:

ب- ریزبەندی هەڵسەنگاندن:

ڕیزبەندی هەڵسەنگاندن بەپێی ئەو ستانداردە بێت کە لەخواراوە داڕێژراوە بۆ قۆناغی ڕاهێنانی قوتابی/خوێندکار:

| پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابی/ خوێندکار | ئاستی ١ | ئاستی ٢ | ئاستی ٣ | ئاستی ٤ | ئاستی ٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| هەڵگرتنی تۆمارە پزیشکییەکانی نەخۆش | | | | | |
| هەڵسەنگاندنی کلینیکی و بڕیاردانی | | | | | |
| کارامەیی دەستنیشانکردن و بنەمای زانیاری بنەڕەتی | | | | | |
| پلانی بەڕێوەبردن و بەدواداچوون | | | | | |
| توانای پەیوەندیکردن و کارکردن بە تیم | | | | | |
| کارامەیی سەرکردایەتی | | | | | |
| ڕەنگدانەوەی پراکتیکی ئەوەی لە تیۆریدا فێری بووە | | | | | |
| **هەڵسەنگاندنی کۆتایی** | | | | | |

ت- كۆتا هەڵسەنگاندنی لێهاتووی قوتابی/خوێندكار بە نمرە:

| ئاست | ماناكەی | نمرە |
|---|---|---|
| **ئاستی ١** | مامناوەند | ٦٠-٦٩ |
| **ئاستی ٢** | باش | ٧٠-٧٩ |
| **ئاستی ٣** | زۆرباش | ٨٠-٨٩ |
| **ئاستی ٤** | نایاب | ٩٠-١٠٠ |

## ٣-خشتەی دابەشكردنی بابەتەكان و ووردەكاری كرێدیتی (ساڵی یەكەم/سیمستەری یەكەم)

| سیمستەری یەكەم، ماوەی (١٤ هەفتە)ی كردارەكی بە بێ تاقیكردنەوەی كۆتایی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەكان | ژمارەی (ECTS credit) | ژمارەی كاتژمێرەكانی تیۆری ڕووبەروو بە شێوەی ( Contact hours- face to face class) كاركردن لە هەفتەیەكدا | ئەركی قوتابی/خوێندكار بە شێوەی (Workload) (Non-contact hours learning) كاركردن لە هەفتەیەكدا |
| ١ | Advanced Research Methodology or Biostatistics | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەكرێت | ( ٢ تا ٤) كاتژمێر لە هەفتەیەكدا | بۆ ئامادەكردنی (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و کارکردن لە کلینیک و هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) و بابەتە گشتیەکان و بابەتی کلینیکی...هتد |
| ٢ | بابەتی پسپۆری تایبەتی خودی قوتابی/خوێندكار | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەكرێت | ( ٢ تا ٤) كاتژمێر لە هەفتەیەكدا | |
| ٣ | بابەتی سەرەكی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەكرێت | ( ٢ تا ٤) كاتژمێر لە هەفتەیەكدا | |
| ٤ | بابەتی سەرەكی (پسپۆری) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەكرێت | ( ٢ تا ٤) كاتژمێر لە هەفتەیەكدا | |
| ٥ | بابەتی كلینكی | لە لایەن لیژنەی زانستی دیاری دەكرێت و لە ECTS credit 8 كەمتر نەبێت | ( ٤ تا ٨) كاتژمێر لە هەفتەیەكدا | |
| | **كۆی گشتی** | **30 (ECTS credit )** | **(١٢-١٥) كاتژمێر لە هەفتەیەكدا** | **(٣٥-٣٨) كاتژمێر** |

**سێ: ساڵی یەکەم/ سیمستەری دووەم:**

١- خوێندنی بە لایەنی کەم (٥) پێنج بابەتی سەرەکی (پسپۆری) (Core Module) لە ماوەی سیمستەری دووەم کە پەیوەندیدارە بە خوێندنەکەوە و لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) ناوی بابەتەکان و ژمارەی کرێدیتی بابەتەکان و ژمارەی کاتژمێری بابەتەکان دیاری دەکرێت و پێویستە لە (ئەنجومەنی کۆلێژ/سکوڵ) پەسەند بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- مەرجە بە لایەنی کەم (٣) سێ بابەتی سەرەکی (پسپۆری) (Core Module) بێت و پەیوەندیدار بن بە خودی خوێندنەکەوە.

ب- خوێندنی (١) یەك بابەتی کلینکی کە نابێت لە (ECTS 8) کەمتر بێت و لە لایەن لیژنەی زانستی بەش بڕیار دەدرێت لەسەر شێوازی کارکردنی قوتابی/خوێندکار و بینینی ژمارەیەکی دیاریکراوی نەخۆش و هەر کارێکی دیکە کە پێویست بێت بۆ پسپۆرییەکە.

ت- خوێندنی بابەتی (Clinical Debate).

٢- ماوەی خوێندنی ئەم سیمستەرە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە هەفتەی کردارەکی دەبێت (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر - Final Exam).

٣- بۆ هەر بابەتێک پێویستە ( ٢ بۆ ٤ ) کاتژمێری تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی (Contact hour- face to face class) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا، جگە لە بابەتی کلینیکی کە پێویستە (٤ بۆ ٨) کاتژمێری تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی (Contact hour- face to face class) بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٤- کاتژمێرەکانی دیکەی (Workload) بە شێوەی (Non- contact hour learning) دەبێت بۆ مەبەستی پێدانی ئەرک و کۆشش (Task) بە قوتابیان/خوێندکاران.

٥- پێویستە بۆ هەر بابەتێک (جگە لە بابەتی کلینیکی)، قوتابی/خوێندکار لە ماوەی سیمستەرەکە بە لایەنی کەم (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) لەسەر ناونیشانێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە پێشکەش بکات کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە ناونیشانەکە دەست نیشان دەکرێت و مامۆستای بابەت دەتوانێت ژمارەی سیمینارە زانستیەکان لە قوتابی/خوێندکار زیاتر داوا بکات بە پێی پێویستی و تایبەتمەندی بابەتەکە.

٦- لە (٥٠%)ی نمرەی گشت بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) (جگە لە بابەتی کلینیکی)، لەسەر پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) و هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە دەبێت کە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو نمرەیە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) دەست نیشان دەکرێت و لە (ئەنجومەنی کۆلێژ/سکوڵ) پەسەند دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکە لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم (Final exam) دەبێت.

٧- لە (٦٠٪) نمرەی بابەتی کلینیکی لە سەر شێوازی کارکردنی قوتابی/خوێندکار و بینینی ژمارەی ئەو نەخۆشـــانەی کە داوای لێ دەکرێت و هەروەها هەڵســـوکەوتی لە کلینیکدا دەبێت کە ئەمەش لە کۆتایی ســـیمســـتەرەکەدا لەســـەر نامیلکەی تۆمارکردن (Logbook) کارکردنەکەی پێشـــکەش بە بەشـــەکەی دەکات لەگەڵ هەموو بەڵگەنامەکانی کارکردنی لەســـەر نەخۆش وەک کەیس شـــیت، تیشکی X، وێنە...هتد، هەروەها لە (٤٠٪) دیکەی نمرەکە لەسەر تاقیکردنەوەی پراکتیکی دەبێت کە دەکرێت بە شـــێوازی OSCE یان زارەکی یاخود پراکتیکی یان هەر شـــێوازێکی دیکە دەبێت کە بگونجێت لەگەڵ پســـپۆری قوتابی/ خوێندکار. بە مەرجێک قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر بەشدار بێت.

٨- نمرەی بابەتی کلینیکی بە هەمان میکانیزمی هەڵسەنگاندنی سیمستەری یەکەم دەبێت.

٩- پێویستە لە ماوەی سیمستەرەکەدا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆریی جێبەجێ بکرێت.

١٠-مامۆستای بابەت، پێویستە هەڵگری نازناوی زانستی (مامۆستا و پرۆفیسۆری یاریدەدەر) بێت کە پێشـــینە بۆ هەڵگرانی نازناوی زانســـتی بەرز دەبێت، بۆ نازناوی زانســـتی (مامۆســـتا) هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا، پێویســـتە (١) یەک توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای بەدەســـت هێنانی بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت و نابێت هەر مامۆســـتایەک لە یەک بابەت زیاتر وانە بڵێتەوە بۆ هەر ســـیمســـتەرێک. ســـەبارەت بە بابەتی کلینیکی، دەکرێت هەڵگرانی ناونیشـــانی (ڕاوێژکار)ی لە پسپۆرییەکە وانە بڵێنەوە.

**چوار: شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە لە (ساڵی یەکەم/سیمستەری دووەم) بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

١- شـێوازی هەڵسـەنگاندنی نمرە بۆ بابەتە سـەرەکیەکان (پسـپۆرییەکان) (جگە لە بابەتی کلینیکی و بابەتی Clinical Debate )

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm) exam | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | ٥٠٪ نمرە | ١٠٠٪ نمرە |
| | ٥٠٪نمرە | | | | |

٢- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتی (Clinical Debate):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشتن) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Comperhensive Exam) کە لە لایەن لیژنەیەک لە (٣) سێ مامۆستا هەڵسەنگاندن ی بۆ دەکرێت | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | ٤٠٪ نمرە | ١٠٠٪ نمرە |
| | ٦٠٪ | | | |

٣- شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتی کلینیکی*:

| پێوەری هەڵسەنگاندن | بەشداریکردنی کلینیکی بە پێی ئەو ستاندەرەی کە لە سیمستەری یەکەم ئاماژەی پێدراوە | تاقیکردنەوەی شێوازی OSCE، یان زارەکی، یاخود پراکتیکی یان هەر کارێکی دیکە کە بۆی دیاری دەکرێت | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|
| نمرە | ٪٦٠ | ٪٤٠ | ٪١٠٠ |

* سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی نمرەی بابەتی کلینیکی بە هەمان شێوە و میکانیزیمی سیمستەری یەکەم دەبێت.

٤- خشتەی دابەشکردنی بابەتەکان و ووردەکاری کرێدیتی (ساڵی یەکەم/سیمستەری دووەم)

| سیمستەری دووەم، ماوەی (١٤ هەفتە)ی کردارەکی بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ژمارە و ناوی بابەتەکان | ژمارەی (ECTS credit) | ژمارەی کاتژمێرەکانی تیۆری ڕووبەڕوو بە شێوەی ( Contact hours- face to face class) کارکردن لە هەفتەیەکدا | ئەرکی قوتابی/خوێندکار (Workload) بە شێوەی Non-contact hours ) (learning کارکردن لە هەفتەیەکدا |
| ١ | بابەتی پسپۆری یەکەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | بۆ ئامادەکردنی (١) یەک سیمیناری زانستی بە شێوەی (پریزێنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و کارکردن لە کلینیک و هەر هەڵسەنگاندێکی دیکە بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) و بابەتی کلینیکی. |
| ٢ | بابەتی پسپۆری دووەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٣ | بابەتی پسپۆری سێیەم | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٤ | بابەتی پسپۆری چوارەم Clinical (Debate) | لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت | ( ٢ تا ٤) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| ٥ | بابەتی پسپۆری پێنجەم (بابەتی کلینیکی) | لە لایەن لیژنەی زانستی دیاری دەکرێت و لە ECTS credit 8 کەمتر نەبێت | ( ٤ تا ٨) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | |
| **کۆی گشتی** | | **30 (ECTS credit )** | **(١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** | **(٣٨-٣٥) کاتژمێر** |

**ماددەی (٢):**

**ساڵی دووەم**

**یەک:** سیمستەری یەکەم: پڕۆسەی دەستکردن بە نووسینی توێژینەوە و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی گشتگیر (Comprehensive Final Exam) و کارکردن لە کلینیک:-

١- راستەوخۆ دوای دەرچوونی قوتابی/خوێندکار لە سیمستەری دووەمی ساڵی یەکەم، پێویستە قوتابی/خوێندکار پرۆپۆزەڵێکی توێژینەوەی سەرە تایی بە هەماهەنگی مامۆستایەک کە مافی سەرپەشتیاری لە چوارچێوەی رێنماییەکان هەبێت ئامادە دەکات و پێویستە پرۆپۆزەڵەکە لەسەر بنەمای پێویستی کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان و ڕەنگدانەوەی کێشە و گیروگرفتەکانی سەردەم لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و زیاتر خزمەت کردن بە رەوتی زانستی پزیشکی لە کوردستان بە ئامانجی بەستنەوەی زانکۆ و کۆمەڵگا بە یەکتر و ...هتد، پاشان پێشکەشی سەرۆکایەتی بەش بکات و پێویستە پرۆپۆزەڵەکە لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) پەسەند بکرێت. ئەم پرۆسەیە پێویستە لە ماوەی (٢) دوو مانگ ئەنجام بدرێت و مەرجە توێژینەوەکە یەکێک لەم شێوازانەی خوارەوە بێت:

أ. کەیسی خوێندن Case Study.

ب. راپرسی Questionnare.

ت. ئارتیکڵی رەسەن Original Article.

٢- لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت لەسەر ئاستی هەر کۆلێژێک بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێک بە جیا پێکدەهێنرێت و پێویستە قوتابی/خوێندکارەکە بە هەماهەنگی و ئامادەبوونی سەرپەرشتیار سیمینارێکی زانستی پێشکەش بە لیژنەکە بکات بە مەبەستی چەسپاندن و هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵی توێژینەوە. ئەگەر لیژنەکە تێبینی و سەرنجی هەبوو ئەوا مافی پێشنیازی بە پێداچوونەوەی پرۆپۆزەڵە پێشکە شکراوەکە هەیە و پاشان لە لایەن (ئەنجومەنی کۆلێژ) پەسەند دەکرێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر لیژنەکە بە پێویستی زانی پرۆپۆزەڵەکە بە تەواوی بگۆردرێت کە ئەمیش بە هۆکار و پاساوی رەوای زانستی، ئەوا پێویستە قوتابی/خوێندکارەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیار پرۆپۆزەڵێکی دیکە پێشکەش بە (لیژنەی زانستی بەش) بکات لە ماوەی (٢) دوو هەفتەدا، لە حاڵەتی پەسەندکردنی ئەوا پرۆپۆزڵەکە پێشکەش بە لیژنە پسپۆرییەکە دەکات و دواتر سیمیناری زانستی بۆ بکرێت و لە لایەن خودی لیژنە پسپۆرییەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بە مەبەستی پەسەندکردنی و پاشان لە لایەن (ئەنجومەنی کۆلێژ) پەسەند بکرێت.

٣- دواتر فەرمانی کارگێری چەسپاندنی پرۆپۆزەڵ بۆ قوتابی/خوێندکار لە لایەن راگرایەتی کۆلێژ/سکوڵ دەردەکرێت.

٤- سیمستەری یەکەمی (ساڵی دووەم)ی خوێندن، بریتی دەبێت لە زیاتر ئاشنابوونی قوتابی/خوێندکار بە پرۆپۆزەڵ و ژینگەی توێژینەوە لە لایەن سەرپەرشتیار و کۆکردنەوە و گەڕان بە دوای سەرچاوەی

زانستی، هەروەها دەستکردن بە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوە زانستیانەی دەستیکەوتووە و ئەنجامدانی ئەزموونی پێویست لە تاقیگە زانستیەکان بە ڕێنوێنی سەرپەرشتیارەکەی (ئەگەر پێویست بوو) لە نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان، یان هەر کارێکی دیکەی زانستی کە قوتابی/خوێندکار یان سەرپەرشتیار بە پێویستی بزانێت بۆ پاڵپشتیکردنی توێژینەوەکە.

٥- لە کۆتایی سیمستەرەکەدا، پێویستە قوتابی/خوێندکار راپۆرتی کار پێشکەش بە سەرپەرشتیار بکات دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لەم سیمستەرەدا بەدەست هاتووە، دواتر قوتابی/خوێندکار لەژێر چاودێری سەرپەرشتیارەکەی سیمینارێکی زانستی بە شێوەی (پرێزنتەیشن) پێشکەش دەکات و لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لە بەشەکەی، کە بە لایەنی کەم (٣) سێ ئەندام بێت، دەربارەی دوایین ئەنجامەکانی کە لە ماوەی کارکردنی لەم سیمستەرەدا بەدەست هاتووە بۆ نووسینی توێژینەوەکە و دوایین بڵاوکراوە زانستیەکانی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکەی.

٦- بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ چاودێری و بەدواداچوون بکات بۆ ئاگاداربوون لە دوایین بەرەوپێشچوونەکانی نووسینی توێژینەوەکەی قوتابی/خوێندکار و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی داواکراو و دەستەبەرکردنی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی و مەرجەکانی دیکە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرپەرشتیاری قوتابی/خوێندکار هەر (٣) سێ مانگ جارێک راپۆرتی بەرەوپێشچوونی کاروبارەکان (Progress report) پێشکەش بکات.

٧- ژمارەی کرێدێت (ECTS Credit) و نمرەی هەڵسەنگاندنی سیمستەری یەکەمی ساڵی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- بەردەوام بوونی کارکردنی کلینیکی لە نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان (ECTS 10)ی بۆ تەرخان دەکرێت و هەڵسەنگاندنی نمرەی قوتابی/خوێندکار بە گوێرەی ئامادەبوونی لە کلینیک و نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان دەبێت بە شێوەیەک کە نابێت رۆژانە لە (٤) چوار کاتژمێر کەمتر بێت لە هەفتەیەکدا.

ب- ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی گشتگیر (Comprehensive Final Exam) لە گشت بابەتەکانی تیۆری و پراکتیکی تایبەت بە پسپۆریەکەی (ECTS 20)ی بۆ تەرخان دەکرێت و هەڵسەنگاندنی نمرەی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت کە لە لایەن لیژنەیەک ئەنجام دەدرێت و مەرجە یەکێک لە ئەندامەکانی لیژنە لە دەرەوەی کۆلێژ/سکوڵ بێت:

١- تاقیکردنەوەی (OSCE): ٢٠٪
٢- تاقیکردنەوەی زارەکی: ١٠٪
٣- تاقیکردنەوەی پراکتیکی: ٣٠٪
٤- تاقیکردنەوەی تیۆری: ٤٠٪

**دوو**/سیمستەری دووەم: قۆناغی درێژەدان بە نووسین و تەواوکردنی توێژینەوە و کارکردن لە کلینیک:-

١- بەردەوامیدانی قوتابی/خوێندکار بە نووسینی توێژینەوەکەی و بڵاوکردنەوەی و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێویست لە تاقیگە زانستیەکان بە ڕێنوێنی سەرپەرشتیارەکەی (ئەگەر پێویست بوو) لە نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان یان هەر کارێکی دیکەی زانستی کە قوتابی/خوێندکار یان سەرپەرشتیار بە پێویستی بزانێت بۆ پاڵپشتیکردنی توێژینەوەکەی.

٢- قوتابی/خوێندکار دەتوانێت (١) یەک مانگ زووتر پێش تەواوبوونی ماوەی یاسایی خوێندنەکەی، ئەگەر هەموو پێداویستییەکانی تەواو کردبوو، داواکاری پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکارەکانی بەخشینی بڕوانامە.

٣- مامەڵەی تەواوبوون ئەنجام نادرێت بە بێ بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی (5)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی (IELTS-Academic) یاخود لە تاقیکردنەوە هاوتاکانی وەکو (Pearson Academic-PTE 52, TOEFL-iBT 59, TOEFL-PBT 414) و هەروەها وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی.

٤- ژمارەی کرێدێت (ECTS Credit) و نمرەی هەڵسەنگاندنی سیمستەری دووەمی ساڵی دووەم، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- بەردەوام بوونی کارکردنی کلینیکی لە نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان (ECTS 10)ی بۆ تەرخان دەکرێت و هەڵسەنگاندنی نمرەی قوتابی/خوێندکار بە گوێرەی ئامادەبوونی لە کلینیک و نۆرینگەی کۆلێژ و نهۆمەکانی نەخۆشخانە فێرکارییە حکومییەکان دەبێت بە شێوەیەک کە نابێت ڕۆژانە لە (٤) چوار کاتژمێر کەمتر بێت لە هەفتەیەکدا.

ب- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە (ECTS 20)ی بۆ تەرخان دەکرێت و هەڵسەنگاندنی نمرەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت:

- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری زانستی ناوخۆیی (محکم) کە لە لایەن زانکۆکان و دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان و زانکۆ حکومیەکانی عێراقی فیدراڵ دەردەچێت: (75%).
- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری زانستی ئیندێکس کراو لە (Scopus) بەم شێوەیە دەبێت: (Scopus Q3, Q4: 80%)، (Scopus Q2: 85%)، (Scopus Q1: 90%).
- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری زانستی ئیندێکس کراو لە (Clarivate analytics)ی بە بێ فاکتەری کاریگەری (Impact Factor): (90%).
- وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری زانستی ئیندێکس کراو لە (Clarivate analytics)ی کە فاکتەری کاریگەری (Impact Factor) هەیە: (95%).

**سێ/** نمونەی خشتەی چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (Hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (credit):

١- ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەر سیمستەرێکی ساڵی یەکەم و خوێندنی چەند بابەتێک لە ماوەی ئەم سیمستەرەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی کرێدیت (ECTS credit ) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان هەفتەیەک (٥٠) کاتژمێر | | | | | |
| کۆی کاتژمێرەکانی سیمستەرێک (٧٥٠) کاتژمێر | | | کۆی کرێدیت (ECTS credit) بۆ هەر سیمستەرێک (٣٠) کرێدیت | | |
| (١٢-١٥ + ٣٨- ٣٥= ٥٠) کاتژمێر | | | (٥٠ × ١٥= ٧٥٠) کاتژمێر | | ٧٥٠ ÷ ٢٥= (٣٠) یەکە |
| کاتژمێری وانەکانی تیۆری ڕووبەروو (محاضرات) Contact ) hours face to (face class (Hours/Week) لە هەفتەیەکدا | کاتژمێری (Workload) بە شێوەی ( Non-contact (hours learning تەرخانکراو بۆ ئامادەکردنی سیمینار بە شێوەی (پرێزنتەیشن) و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی کویز و میدتێرم و کۆتایی سیمستەر و Assignment و هتد.... (Hours/Week) لە هەفتەیەکدا | کۆی گشتی کاتژمێرەکانی هەفتەیەک | ژمارەی هەفتەکانی هەر سیمستەرێک (بە بێ تاقیکردنەوەی کۆتایی) | کۆی ژمارەی کاتژمێرەکانی هەر سیمستەرێک | ژمارەی کاتژمێری پێویست بۆ هەر کرێدیت (ECTC credit) |
| (١٢-١٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٣٨-٣٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٥٠) کاتژمێر | (١٤) هەفتەی کرداری | (٧٥٠) کاتژمێر | (١) یەکە ECTC credit = (٢٥) کاتژمێر |

٢- ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەردوو سیمستەری یەکەم و دووەم (ساڵی دووەم)ی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) لە ساڵی دووەم بۆ نووسینی تێزی توێژینەوە بەرامبەر کرێدیت (ECTS credit )ی پێویست. | | |
|---|---|---|
| کۆی ڕۆژەکان | ژمارەی کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا | کۆی کرێدیت (ECTS credit )ی بەدەستهاتوو بۆ ساڵەکە |
| (٣٠٠) ڕۆژ | (٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا | ٣٠٠ × ٥ = (١٥٠٠) کاتژمێر |
| ١٥٠٠ ÷ ٢٥ = ٦٠ کرێدیت (ECTS credit ) | | |

٣- ژمارەی کرێدیت (ECTS credit)ی بەدەستهاتوو بۆ سەرجەم سیمستەرەکانی ساڵەکانی خوێندن، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| چۆنیەتی یەکە (ECTS credit)کانی هەردوو ساڵی خوێندن | | |
|---|---|---|
| ساڵ | سیمستەری یەکەم | سیمستەری دووەم |
| ساڵی یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری دووەم |
| ساڵی دووەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری یەکەم | (٣٠) کرێدیت (ECTS credit) بۆ سیمستەری دووەم |
| **کۆی گشتی** | **٣٠+٣٠+٣٠+٣٠= ١٢٠ کرێدیت (ECTS credit)** | |

**ماددەی (٣):**

قوتابی/خوێندکار ئەگەر پێویستی بە درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن بوو، بۆی هەیە بەپێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، بەڵام لە کاتی درێژکردنەوەی ماوە و مۆڵەتی خوێندن هیچ کرێدیت (ECTS credit) بۆ خوێندنەکە زیاد ناکرێت و گۆڕانکاری بەسەر نایەت. بۆ درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن تەنها (٦) شەش مانگی یەکەم بە مووچەیە و (٦) شەش مانگی دووەم بە بێ مووچە دەبێت.

**ماددەی (٤):حوکمە کۆتاییەکان:**

١- پێشکەشکاری خوێندنی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) لە بوارەکانی پزیشکی گشتی مەرجە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی گشتی بێت و پزیشکی نیشتەجێی دێرین (إقامة قدمی)ی هەبێت، هەروەها بۆ بواری پزیشکی ددان و دەرمانسازی مەرجە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی ددان و دەرمانسازی بێت و (١) یەک ساڵ بەسەر دەرچوونی تێپەر بوو بێت، ئەگەر پێشکەشکار دانەمەزرابێت، بەڵام ئەگەر دامەزرابێت ئەوا پێویستە (٢) دوو ساڵ خزمەتی کردەیی لە راژە تەواو کردبێت دوای وەرگرتنی دوایین بڕوانامەی پەسەندکراوی.

٢- بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی یەکەمی خوێندن، پێویستە قوتابی/ خوێندکار پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوون لە وانەکان، بە پێچەوانەوە لە کاتی تێپەراندنی ڕێژەی (١٠%) ی نەهاتن بەبێ هۆکار و رێژەی (١٥%) ی نەهاتن بە پاساوی رەوا بۆ هەر بابەتێک، ئەوا سرینەوەی ناوی (ترقین رقید)ی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

٣- بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی دووەمی خوێندن، پێویستە قوتابی/ خوێندکار پابەند بێت بە ڕێژەی ئامادەبوونی هەفتانە لەگەڵ سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکەی یان شوێنی ڕاهێنانەکەی بەپێی ڕێنماییەکان بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکان و ئەو کارانەی ئەنجامی داوە و وەرگرتنی ڕاو سەرنجی سەرپەرشتیار لەسەر کارەکانی و ئاراستەکردنی قوتابی/خوێندکار، بە پێچەوانەوە

قوتابی/خوێندکار ئەگەر ئامادەنەبوو، سەرپەرشتیار ڕاپۆرت پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش دەکات و کەمتەرخەمی قوتابی/خوێندکار ڕووندەکاتەوە و لە حاڵەتی بەردەوامی ئامادەنەبوونی قوتابی/خوێندکار بۆ ماوەی (٤) هەفتە بە گشتی لە ماوەی هەر سیمستەرێک بەبێ هۆکاری ڕێگەپێدراوی وەکو هۆکاری تەندروستی پاڵپشت بە ڕاپۆرتی تەندروستی یان هەر هۆکارێک کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی قوتابی/خوێندکار بێت (الظروف القاهرة)، سەرپەرشتیار دەتوانێت پێشنیاری دابڕانی قوتابی/خوێندکار لە خوێندنەکەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەش بکات و بدرێتە (ئەنجومەنی بەش) و پێشنیاری ( سڕینەی ناو)ی بکات بۆ (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/ سکوڵ)، دوای پەسەندکردنی لە لایەن (ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ)، ئەوا فەرمانی (سڕینەوەی ناو)ی لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ دەردەکرێت.

٤- بۆ هەر یەک لە سیمستەرەکانی یەکەم و دووەمی ساڵی دووەمی خوێندن، فۆڕمی تایبەت بە دیداری (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار لە کۆلێژەکەی هەفتانە ئیمزا دەکرێت و بنەمایەک دەبێت بۆ ئەرک و مافەکانی (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار، بە پێچەوانەوە شایستەی دارایی بۆ سەرپەرشتیار خەرج ناکرێت.

٥- دەرچووانی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) هەموو مافە دارایی و کارگێرییەکانی بڕوانامەی ماستەریان پێ دەدرێت، جگە لە مافە ئەکادیمییەکان وەکو (وەرگرتنی نازناوی زانستی و پێشکەشکردن بۆ خوێندنی دکتۆرا).

٦- مەرجە قوتابی/خوێندکاری دەرچووانی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی)، لە تاقیکردنەوەی سیمستەرەکان نمرەی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە هەر یەک لەو بابەتانە و لە کۆتایی هەردوو سیمستەرەکەدا تێکڕای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە ڕاستەوخۆ بە پێی ڕێنماییەکان فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە لایەن زانکۆ بۆ دەردەکرێت.

٧- دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەمی سیمستەری یەکەم، خولی دووەمی سیمستەری یەکەم بەڕێوەدەچێت، ئەگەر قوتابی/خوێندکار لە یەکێک لە بابەتەکانی خولی دووەمی سیمستەری یەکەم دەرنەچوو، ئەوا ڕاستەوخۆ سڕینەوەی ناو (ترقین قید) بۆ دەردەچێت و مافی بەشداریکردنی چوونە نێو سیمستەری دووەمی خوێندنی نابێت. هەروەها دوای تەواوبوونی خولی یەکەمی سیمستەری دووەم، خولی دووەمی سیمستەری دووەم بەڕێوەدەچێت و ئەگەر قوتابی/خوێندکار، لە یەکێک لە بابەتەکانی خولی دووەمی سیمستەری دووەم دەرنەچوو، ئەوا ڕاستەوخۆ سڕینەوەی ناو (ترقین قید) بۆ دەردەچێت و مافی بەشداریکردنی چوونە نێو ساڵی دووەمی خوێندن نابێت.

**ماددەی (٥):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک و پێچەوانە بێت، و ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە درێژەدان بە خوێندن، ئەوا بە پێی ڕێنمایی پێشوو لە خوێندن بەردەوام دەبن.

**ماددەی (٦):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێـــت و لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوون**

بە مەبەستی ڕێکخستنی شێوازی کۆڕسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی پیشەیی (کلینیکی) لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندنی باڵا، و ڕەچاوکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی لە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**پاشکۆی ڕێنمایی**

**نمونەیەک لە نامیلکەی تۆمارکردن (Log book)**

ئەم لاپەڕەی پوختەیە دەبێت پڕ بکرێتەوە و هاوپێچ بکرێت لەگەڵ سەرەتای ئەو لۆگبووکەی کە پێشکەشی دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندن. ئەگەر هەست دەکرێت تیمی هەڵسەنگاندن ڕەنگە پێویستی بە زانیاری زیاتر هەبێت لە پەیوەندی بەو زانیاریانەی کە پێشکەشی کردووە، تکایە بەشی تێبینییەکان بەکاربهێنە کە پێشکەش کراوە.

ژمارە پێشنیار کراوەکانی کەیسەکان کە پێشکەش کراون تەنها ڕێنماییە و قوتابی/خوێندکار مافی هەیە نامیلکەی تۆمارکردن پێشکەش بکات کە کەمتر یان زیاتر لە ژمارەی پێشنیارکراوی کەیسەکان بێت. لە پێداچوونەوەکە تێکەڵ بوون و بڕی کەیسەکان لەبەرچاو دەگیرێت.

| ژ | جۆری چارەسەر | ژمارەی پێشنیارکراوی کەیسەکان کە دەبێت ببینرێت | ژمارەی ئەو کەیسانەی کە تا ئێستا بینراوە |
|---|---|---|---|
| ١ | | | |
| ٢ | | | |
| ٣ | | | |

تێبینی بۆ هەڵسێنگەرەکان ئەگەر هەیە........................................................................................

پشتڕاستی دەکەمەوە کە زانیارییەکانی لێرەدا ڕاست و دروستن. زیاتر پشتڕاستی دەکەمەوە کە ئەو حاڵەتانەی لەم نامیلکەیەدا هاتووە، ئەو نەخۆشانەن کە من، داواکار، چارەسەرم کردووە.

ناوی سیانی قوتابی/خوێندکار:

واژوو:

بەروار: